
WWW.RUDAW.NET
رووداو
RUDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/5 22ی بەفرانباری 2714 (750) دینار



# "YPG پلانی رزگارکردنی شنگالی تێکدا"

**رووداو- شنگال**

فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، دەڵێت پلانیان نەبوو جارێ سەنتەری قەزای شنگال کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام شەڕڤانانی YPG پلانەکەیان لێ تێکدان.

عەمید شەفیق چاوشین، فەرماندەی پێشمەرگە لە هێزی 111 بە (رووداو)ی گوت "ئەو پلانەی کاک زەعیم عەلی و هەڤاڵانی دیکە دایاننابوو، تەنیا ئەوە بوو کە بچینە چیای شنگال، بەشی باکووری چیاکە و ناحیەی سنوونێ کۆنترۆڵ بکەین، پلانی ئێمە زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، بەڵام برادەرانی YPG لێیان تێکداین".

گوتیشی کە هۆکاری سەرەکی رزگارنەکردنی سەنتەری قەزای شنگال برادەرانی یەپەگە بوون، ئەوان زۆر بە پەلەپەل لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیانەوە رایانگەیاند کە ئەوان لەناو شنگالدان، هێزەکانی پێشمەرگەش هێرشیان کردە ناو شنگال، ئەوە بوو برادەرانی رۆژئاوا نە هیچیان کرد و نە هیچیشیان پێدەکرێت و پلانەکەی ئێمەشیان تێکدا".

5 »

## پەرلەمانتارێک 6 دۆسیەی گەندەڵی دەداتە داواکاری گشتی

3

مستەفا هیجری:

## چەند وڵاتێکی ئەورووپی داوای یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات دەکەن

7

## پیاوێک بە شەقەزللە ژنەکەی دەکوژێت

14

لەماوەی چوار مانگدا

# حکومەت 37 ملیۆن دۆلار دەداتە کارەبای بەرهەم نەهاتوو



3 »



رووداو
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/12



## بەپێی توێژینەوەیەک: رووداو متمانەپێکراوترینە

**رووداو- هەولێر**

زۆرترین دەستەبژێری سیاسی لە کوردستان متمانەیان بە هەفتەنامەی رووداوە، ئەمەش بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی لە زانکۆی سەلاحەددین. هەفتەی رابردوو لە بەشی راگەیاندنی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین گفتوگۆ لەسەر نامەیەکی ماستەر بەناونیشانی "رۆڵی رۆژنامە ناوخۆییەکان لە ریزبەندکردنی گرنگیپێدانەکانی دەستەبژێری سیاسی لە کوردستان" کرا، کە لەلایەن قوتابی و رۆژنامەنووس "محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری" پێشکەش کرابوو. توێژەر رۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، خەبات، هەولێر، هاوڵاتی، رووداو و ئاوێنە) بە نموونە وەرگرتبوو، هەروەها بۆچوونی ئەندامانی سەرکردایەتی پێنج حیزبی کوردی و پەرلەمانتاران و وەزیران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەرگرتبوو، لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت "هەفتەنامەی رووداو متمانەپێکراوترین رۆژنامەیە لەلایەن دەستەبژێری سیاسییەوە".

# جوتیارانی سمێلان بۆ وەرگرتنی پەینی کیمیایی سوێند دەدرێن

## بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سمێلان: دەمەوێ رێ لە دزەکان بگرم


**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو- سۆران**

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ناحیەی سمێلان لەبەرامبەر پێدانی بڕێک پەینی کیمیایی بە جوتیارانی ناحیەکەی، قورئانێک لەلای خۆی دادەنێت و جوتیارەکان سوێند دەدات، ئینجا پەینەکەیان دەداتێ. ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت بۆ رێگریی لە دزەکان ئەو کارەی کردووە.

ناحیەی سمێلان سەر بەقەزای چۆمانە و 36 گوندی بەسەرەوەیە، 90 %ی دانیشتووانی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن و 542 جوتیاری هەیە. لەم ماوەیەدا بڕی 250 تۆن پەینی کیمیایی بۆ جوتیارانی ناوچەکە هاتبوو، بەڵام بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ناوچەکە جوتیارەکان سوێند دەدات ئینجا پەینەکەیان دەداتێ.

هەر جوتیارێک پەین وەربگرێت، دەبوو دەست لەسەر قورئانەکە دابنێت و بڵێت "بە حەقی ئەو قورئانە، من ئەو کیمیاییە بۆ خۆم وەردەگرم و بەکاریشی دەهێنم".

حەمەدەمین عەزیز حوسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سمێلان نەیشاردەوە کە جوتیارانی ناحیەکەی سوێند داون و بە (رووداو)ی گوت "ئەو کارەی من کردوومە تەنیا لەبەر ئەوە بوو بتوانین رێگری لەو کەسانە بکەین کە بە ناوی جوتیارانەوە پەینی کیمیایی وەردەگرن و دواتر لە بازاڕ دەیفرۆشنەوە، ئامانجیشمان زیاتر سوودمەندبوونی جوتیارانە لەو بەشە کیمیاییە نەک بازرگانان".



ناوبراو گوتیشی "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پەینە بە نیوەی نرخەکەی دەداتەوە جوتیاران، کەچی هەندێ لەوان رەچاوی دڵسۆزیی حکومەت ناکەن و لەپێناوی قازانجی ماددی ئەو بڕە پەینەی وەریدەگرن لەبازاڕ دەیفرۆشنەوە". بۆیە دەڵێت "پەین نادەمە هیچ جوتیارێک بەبێ ئەوەی سوێندی نەدەم، تەنانەت ئەگەر ژیان و بەرپرسیارێتی خۆشم لەسەر دانابێ".

سەبارەت بە کاریگەریی ئەو سوێنددانەی جوتیاران، ناوبراو گوتی "تاوەکو ئێستاش زۆرباش توانیومە وەزعەکە کۆنترۆڵ بکەم، ئەگەرچی هەندێکیان پەینەکەیان بردووەتە بازاڕ و لەو رۆژانە بەدواداچوون بۆ ئەوەش دەکەین".

هەروەها گوتی "قورئانەکە وایکردووە ئەو کەسانەی ئامانجیان فرۆشتنی پەینەکە بووە، کاتێک هاتوون بۆ ئێرە راستەوخۆ گەڕاونەتەوە. پیاوێکی بەساڵاچوو هاتبوو دەیگوت 5 تۆنم دەوێت، منیش پێمگوت مام حاجی فەرموو سوێند بخۆ کە تۆ ئەو پەینەت بۆ خۆتە و بەکاریدێنی، کاتێک قسە هاتە سەر سوێندخواردن، گوتی بەخوا هەر نیو تۆنم پێویستە".

وەزارەتی کشتوکاڵ فەردەیەک کیمیایی کە 50 کیلۆیە بە 23 هەزار دینار دەداتە جوتیاران، بەڵام هەندێک لە جوتیاران پەینەکە لە بازاڕ بە 50 هەزار دینار دەفرۆشنەوە.


جوتیارێکی ناوچەکە نەیشاردەوە کە هەندێک لە جوتیاران پەینی کیمیایی لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەردەگرن و پاشان لە بازاڕ دەیفرۆشنەوە، بەڵام لەگەڵ سوێنددانی جوتیاراندا نییە و دەڵێت "من ئەو کارەم پێ گوناهە کە لەپێناوی بڕێک پەین خەڵک سوێند بدرێت".

ئەو جوتیارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتیشی "من سوێندخواردنم تەنیا لای حاکم بینیوە، لەبەرامبەر بڕێک پەیندا چۆن سوێند دەخۆم، بەڵام دڵنیام ئەو بەڕێوەبەرە ئەو کارەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی کردووە و دواتر ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ خۆی دەفرۆشێتەوە".

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سمێلان لەوبارەیەوە گوتی "بەڵێ زۆر کەس دەڵێن من ئەو کارە بۆ بەرژەوەندیی خۆم دەکەم، بەڵام لێرەوە رایدەگەیێنم کە من هیچ پێویستییەکم بە فرۆشتنەوەی پەین نییە".


رەشاد رەحمان جوتیارێکی ناوچەکەیە و دوای ئەوەی سوێند دراوە بەشە پەینی خۆی وەرگرتووە. ئەو گوتی "ئەو برادەرە زانیویەتی کە خەڵکانێک هەن بازرگانی بە جوتیارانەوە دەکەن و تا رادەیەکیش متمانەی نەماوە، بۆیە ئەو کارەی کردووە، من دەستخۆشی لێدەکەم".

# ناسر رەزازی دەگەڕێتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان




**عومەر شایان**
**رووداو- هەولێر**

ناسری رەزازی گۆرانیبێژی ناسراوی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، دوای نزیکەی 36 ساڵ دابڕان، دیسان دەگەڕێتەوە ئەو بەشەی کوردستان، بەڵام بە جیاواز لە جارانی پێشوو ئەمجارە ئەلبوومەکەی لە تارانی پایتەختی ئێرانەوە دەنێردرێتەوە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان.




ماوەی زیاتر لە 30 ساڵە دەنگ و رەنگی ناسری رەزازی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە قەدەغەکراوە، بەڵام ئەمجارە ئەلبوومێکی گۆرانی ئەو هونەرمەندە لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئێرانەوە رێگەی پێدراوە و لە چەند رۆژی داهاتوودا دەکەوێتە بازاڕەکانی تاران و رۆژهەڵات و باشووری کوردستان.

زەکەریا یوسفی، ژەنیاری ئامێرەکانی دەف و زەرب کە کاری ئەلبوومە نوێیەکەی بە ناوی (چیاوان) ئەنجامداوە، چۆنیەتی بەرهەمهێنان و رێگەپێدانی بڵاوکردنەوەی ئەو ئەلبوومەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد.

یوسفی دەڵێت "دوو ساڵ پێش ئێستا بوومە میوانی کاک ناسر و ئەو کارانەی کە بۆ کاک عوسمان هەورامیم کردبوون و کارەکانی رابردووم دیسانەوە تۆمار کردوونەتەوە، پێمدا و ئەویش گوێی لێگرت و زۆری بەدڵ بوو، پاش ئەوە پێیگوتم کە ئەویش چەند گۆرانییەکی هەیە بەبێ ئامێری موزیک تۆماری کردوون و پێیخۆشە کاری لەسەر بکرێت".

یوسفی پێشوازی لەو پێشنیازەی رەزازی دەکات، وێڕای ئەوەی کوالێتی کارەکان باش نەبوو لەبەر ئەوەی کۆن بوون و لە ستۆدیۆ تۆمار نەکرابوون. یوسفی دەڵێت "هەوڵمداوە کوالێتی گۆرانییەکان باشتر بکەین و بتوانین کەڵکی لێوەربگرین، بە 8 ئامێری زەرب کارەکانم لە تاران تۆمار کرد".

سەبارەت بەوەی ئەو کارە لەژێر چاودێریی ناسر رەزازی کراوە یان نا، زەکەریا یوسفی دەڵێت "کاک ناسر ئاگای لە تەواوی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ئەو ئەلبوومە بووە کە ماوەیەکی زۆر پێوەی سەرقاڵ بووین، هەندێک لەو تێکستانەی کە ئەگەری هەبوو ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم پێدانی مۆڵەت بە ئالبوومەکە لامانبرد و هەوڵماندا بەشێوەیەک کارەکان بەرەو پێش ببەین کە هەم کوالێتی کارەکان وەک خۆی بمێنێتەوە و هەم ئومێدێک بێت کە لە ئێران بتوانین مۆڵەتی بۆ وەربگرین".

چۆنیەتی مۆڵەت وەرگرتنی ئەلبوومی گۆرانی ناسر رەزازی بە گوتەی یوسفی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "لەسەرەتای هاتنە سەرکاری دەوڵەتی حەسەن رۆحانی، بەڵێنی ئەوە درابوو کە دەرگا بۆ هونەر زیاتر بکرێتەوە و هەوڵبدرێت سیاسەت تێکەڵی هونەر نەکرێت، خۆشبەختانە ئێمە کارەکەمان بەرەوپێش برد و وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی هاوکاری کردین بۆ پێدانی مۆڵەت". گوتیشی "هەرچەندە سەرەتا کارەکە زۆر هەستیار بوو و ئاستەنگی تێدەکەوت، بەڵام بە گۆڕانکاری لەهەندێ تێکستی گۆرانییەکان توانیمان مۆڵەتەکەی وەربگرین".

سەبارەت بە گۆرانییەکانی ئەو ئەلبوومە کە ناوی چیاوانە، زەکەریا یوسفی دەڵێت "ئەلبوومەکە پێکهاتووە لە 12 تراک، گۆرانییەکان بە شێوەزاری هەورامی و سۆرانی گوتراون، جیا لە خۆم کە بە سازی زەربی کارەکانم کردووە، بۆ دوو مەقامی ئەو ئەلبوومەش ئەرژەنگ سەیفی زادە بە ئامێری سێ تار و نیاز محەممەد بە قانوون هاوکارییان کردووین".

لەبارەی چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەیش یوسفی ئاماژەی بەوەکرد کە "دوو رۆژ پێش ئێستا ئەلبوومەکە نێردراوە بۆ سنە و کرماشان و 3000 دانەشی لێ چاپکراوە کە ئومێد دەکەین بە کۆپی نەکردن پێشوازی باش لەو بەرهەمە بکرێت، بڕیارە لە دوو رۆژی داهاتوودا لە تارانیش بڵاوبکرێتەوە و پاشان دەنێردرێت بۆ هەرێمی کوردستانیش".

هەروەها سەبارەت بە پڕۆژەی دیکە لەگەڵ ناسر، زەکەریا یوسفی گوتی "پڕۆژەیەکی دیکەشمان بەدەستەوەیە لەگەڵ کاک ناسری رەزازی، چاوەڕێ دەکەین بزانین پێشوازی لەم کارە چۆنە و ئومێد دەکەین بتوانین کارەکەی دیکەش بکەین".

# وەزارەتێکی کوردستان 4 مانگە بێ وەزیرە

**رووداو- سلێمانی**

نزیکەی چوار مانگە وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی لەکارکێشاوەتەوە، سەرەڕای قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەکەی، بەڵام تاوەکو ئێستا وەزیر بۆ وەزارەتەکە دانەنراوە و بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێ. گوتەبێژی ئەو وەزارەتە دەڵێت نەبوونی وەزیر هیچ کێشەیەکی بۆ راییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان دروست نەکردووە، چونکە وەزارەتەکە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرێت.

7 مانگ تێپەڕیوە بەسەر پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و سەرجەم وەزارەتەکان وەزیری خۆیان هەیە، بەڵام ماوەی زیاتر لە 3 مانگە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کە بەرکەوتەی مەسیحییەکانە، بە (وەکالەت) لەلایەن مەولود باوەمووراد، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بەڕێوەدەبرێت، ئەویش دوای دەست لەکارکێشانەوەی جۆنسۆن سیاوەش، وەزیری گواستنەوە. بەڵام لە ماڵپەڕی حکومەت تاوەکو ئێستا هەر ئەو وەزیری گواستنەوەیە و ناوەکەی لانەبراوە.

جۆنسۆن سیاوەش لە رۆژی 14ی ئابی 2014 دەستی لەکارکێشایەوە و لە رۆژی 15ی ئەیلولی 2014 دەست لەکارکێشانەوەکەی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کرا.

مەسیحییەکان دەڵێن دوو کاندیدیان پێشکەشی حکومەت کردووە بۆ شوێنگرتنەوەی سیاوەش. بەڵام گوتەبێژی حکومەت دەڵێت تائێستا کاندید پێشکەش نەکراوە.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە کابینەکانی شەشەم و حەوتەمدا درایە پێکهاتەی مەسیحییەکان و (جۆنسۆن سیاوش) لەو پۆستەدا بوو، لەم کابینەیەشدا ئەو پۆستە درایەوە بە مەسیحییەکان.

مەسیحییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە چوار فراکسیۆن و شەش پەرلەمانتار پێکهاتوون و بەپێی رێککەوتنی نێوان خۆیان، ئەو پۆستە مافی (گردبوونەوەی گەلی کلدانی ئاشووری)یە.




وەحیدە یاقو هرمز، سەرۆکی فراکسیۆنی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری بە (رووداو)ی گوت کە ئەوان 2 کاندیدیان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی یەکێکیان بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەت کاندیدەکەی یەکلایی نەکردووەتەوە.

بەڵام سەفین دزەیی گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ بۆ هەر وەزارەتێک هەر لایەنێکی بەشداربوو بۆی هەبوو 3 کاندید پێشکەش بکات بۆ ئەوەی حکومەتیش بتوانێت یەکێکیان هەڵبژێرێ، بەڵام ئەوەندەی زانیاریم هەبێت تاوەکو ئێستا "مەسیحییەکان کاندیدیان بۆ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران نەکردووە، چونکە ئەگەر وا بووایە لەکۆبوونەوەکاندا باس دەکرا".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا، مەسیحییەکان پێکهاتەیەکی گرنگی هەرێمی کوردستانن ء ئەوان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیانخۆشە بەزووترین کات مەسیحییەکان کاندیدیان بۆ ئەو پۆستە پێشکەش بکەن.

ئومێد محەممەد، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی ئەم وەزارەتە تایبەتە بە پێکهاتەی مەسیحی، بۆیە خۆیان ئازادن لەوەی چ کاندیدێک دەستنیشان دەکەن و پاشان دیاریکردنی وەزیرەکەش پەیوەندی بە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هەیە، بۆیە لەو رووەوە ئەوان وەکو وەزارەت بەرپرسیان نین.

ناوبراو روونیکردەوە "لەڕووی یاساییەوە و بۆ راییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان و جێبەجێکردنی پلان و ستراتیژی وەزارەت، وەزیر ئەگەر جێگر یاخود وەکالەت بێت هیچ جیاوازییەکی نییە".

گوتەبێژەکەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن گوتی ماوەی 4 مانگە وەزارەت بە وەکالەت بەڕێوە دەبرێت نەک شەش مانگ، چونکە لە سەرەتای پێکهێنانی کابینەی هەشتەمەوە (جۆنسۆن سیاوش) وەزیری پێشوو کاری دەکرد و دواتر دەستی لەکارکێشایەوە.

بەمەبەستی وەرگرتنی رای لیژنەی شارەوانی ء گواستنەوەء گەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان کە ئاخۆ بەدواداچوونیان بۆ دواکەوتنی یەکلاییکردنەوەی ئەو وەزارەتە کردووە، (رووداو) پەیوەندی بە چەند ئەندامێکی ئەو لیژنەیەوە کرد، بەڵام لەبەرئەوەی زانیارییان نەبوو سەبارەت بەیەکلا نەکردنەوەی ئەو پۆستە، ئامادەنەبوون لێدوان بدەن.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/12



## بارزانی: پێشمەرگە شکستی بە داعش هێناوە

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، جێی شانازییە گەلی کورد و پێشمەرگە شکستیان بە چەکدارانی داعش هێناوە. وەزیری بەرگریی ئەڵمانیاش دەڵێت لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە بەردەوام دەبین. ئێوارەی رۆژی 2014/1/11 ئۆرسۆلا ڤۆندێر لیۆن، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا گەیشتە کوردستان و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە. پاش کۆبوونەوەکە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانی هاوبەشدا لەگەڵ ئۆرسۆلا ڤۆندێر لیۆن، مەسعود بارزانی رایگەیاند "جێگەی شانازییە گەلی ئێمە و پێشمەرگە شکستیان بە چەکدارانی داعش هێناوە". لە بەرامبەریشدا ئۆرسۆلا ڤۆندێر لیۆن گوتی "راهێنان بە هێزی پێشمەرگە دەکەین و پسپۆر و راوێژکاری زۆرتر دەنێرین".

ساڵانە چوار ملیار دۆلار دەداتە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا

# حکومەت لە چوار مانگدا 37 ملیۆن دۆلار دەداتە کارەبای بەرهەم نەهاتوو

**رووداو- هەولێر**

پەرلەمانتارێکی گۆڕان ئاشکرای دەکات بەهۆی کەمتەرخەمی، حکومەت مانگانە "بە ملیۆن دۆلار" دەداتە کۆمپانیایەک کە وێستگەیەکی کارەبای دامەزراندووە، بەبێ ئەوەی کۆمپانیاکە تاوەکو ئێستا بەشی داگیرساندنی گڵۆپێکیش کارەبای دابێتە حکومەت، چونکە هێڵ نییە بۆ گواستنەوەی کارەباکە.

فایەق مستەفا رەسوڵ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەرێگەی راپۆرتێک بۆ وەزارەتی کارەبا، بە ژمارە و داتا باسی دۆخی کارەبای کردووە و کۆپییەکی ئەو راپۆرتەش دەست (رووداو) کەوتووە. لە بەشێکی ئەو راپۆرتەدا هاتووە کە ئەو بڕە کارەبایەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دێت تێچوویەکی یەکجار زۆری هەیە و قورسترین باری سەر بودجەی گشتییە کە ساڵانە بڕی خەرجی لە وزەی کارەبادا "4 تاوەکو 5 ملیار دۆلار دەبێ". پەرلەمانتارەکە ئەم خەرجییە بە "بڕێکی ترسناک" ناودەبات.

### 1400 مێگاوات کارەبا کورتهێنان هەیە

بەگوێرەی راپۆرتەکە، سەرجەم وێستگەکانی کارەبا توانای بەرهەمهێنانی 4172 مێگاواتیان هەیە، بەڵام لەو بڕە ئێستا تەنیا نزیکەی 3000 تاوەکو 3100 مێگاوات بەرهەم دەهێنرێت. پەرلەمانتارەکەی گۆڕان دەڵێت خواست لەسەر کارەبا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 4400 مێگاواتە، واتە نزیکەی (1400) مێگاوات کورتهێنان هەیە، هەر ئەوەشە کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کاژێرەکانی پێدانی کارەبا.

### تێچووی کارەبا و شێوازی گرێبەستەکان

فایەق مستەفا لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە خەرجیی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ "سووتەمەنی وێستگەکانی



کارەبا لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە دابین دەکرێ. بەپێی داتاکانی ئەو وەزارەتە هەر لیترێک گاز ئۆیل نزیکەی 1100 دینار لەسەر حکومەت دەکەوێت، هەر یەکەیەکیش لە 24 کاژێردا یەک ملیۆن لیتری لەگاز ئۆیل پێویستە بۆ ئیشپێکردن، کەواتە ئەگەر 12 یەکە بە گاز ئۆیل ئیش بکەن، لە 24 کاژێردا 12 ملیۆن لیتریان پێویستە کە نرخەکەی دەکاتە 13 ملیار و 200 ملیۆن دینار (11 ملیۆن دۆلار) و لە مانگێکدا دەکاتە 341 ملیۆن دۆلار و لە ساڵێکدا چوار ملیار و 92 ملیۆن دۆلار". ئەمەش تەنیا تێچووی سووتەمەنییەکەیە جگە لەوەی بۆ هەر کیلۆ وات کاژێرێک، حکومەت "3.2 سەنت دەداتە کۆمپانیا، واتە لە 24 کاژێردا دوو ملیۆن و 304 هەزار دۆلار دەداتە کۆمپانیاکان".

ئەو پەرلەمانتارە کە 17 ساڵ ئەزموونی هەیە لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا، باسی هەندێ لە بەندەکانی گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات و دەڵێت "لەهەر کاتێکدا هەر یەکەیەک لە ئیش دەربچێت کە هۆکارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ نموونە بوونی کێشە و گیروگرفت لە سیستەمی کارەبادا یان دابیننەکردنی سووتەمەنی، ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ کڕینی کارەباکە دەدرێت (100%) لەسەر حکومەت حیسابە و دەبێ بیدات بە کۆمپانیا، بۆ نموونە لە رۆژانی 6 و 16 و 11/21 هەروەها 12/17 کە بەهۆکاری کێشەی تەکنیکی لە سیستەمی کارەبادا سەرجەم یەکەکانی وێستگەکان لەکارکەوتن و لە ئیش دەرچوون بۆ ماوەی 27 کاژێر، نزیکەی دوو ملیۆن 430 هەزار دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە، واتە بەبێ ئەوەی کارەبا هەبێت حکومەت ئەو بڕە پارەیەی لەسەر حیساب بووە".

### وێستگەی خورمەڵە

فایەق مستەفا لەو راپۆرتەدا باس لە بەهەدەردانی بڕە پارەیەکی ئێجگار زۆر دەکات کە لە حکومەتەوە دەدرێتە کۆمپانیایەک کە وێستگەی کارەبای خورمەڵەی داناوە، بێ ئەوەی یەک خولەکیش کارەبا بدات.

ناوبراو دەڵێت "توانای بەرهەمهێنانی ئەم وێستگەیە 640 مێگاواتە، گوایە بەهۆی کێشەی دابیننەکردنی سووتەمەنی و ئیدارییەوە لەکاتی تەواوبوونییەوە کاری پێ نەکراوە".

پەرلەمانتارەکە لەو راپۆرتەدا روونیدەکاتەوە "بەپێی گرێبەستەکە لە مانگێکدا پێویستە حکومەت بڕی نۆ ملیۆن و 142 هەزار دۆلار بداتە کۆمپانیاکە، کە لە ساڵێکدا دەکاتە 109 ملیۆن و 707 هەزار دۆلار بەبێ ئەوەی تەنیا یەک کیلۆ وات کارەبا بدات".

فایەق مستەفا کە لە پەرلەمانی کوردستان ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکانە، بۆی روون نییە کە بۆچی ئەو وێستگەیە کارناکات "تاوەکو ئێستا هۆکارەکەی زۆر روون نییە کە بۆچی ئیشی پێ ناکرێ، بەڵام ئەوەی کە من بیستوومە لەسەرچاوەیەکەوە گوایە بەهۆی نەبوونی هێڵی گواستنەوەی کارەباوە ناتوانن ئیشی پێبکەن، ئەمە جگە لە بێ پلانی هیچی دیکە نییە، چونکە ناکرێ وێستگەیەک بەو بڕە کارەبایە دابمەزرێنی و بیرت لە ئامادەکاریی بۆ گواستنەوەی کارەباکەی نەکردبێتەوە".

وێستگەی خورمەڵە ماوەی چوار مانگە تەواو بووە و حکومەت پارەکەی دەدات و بەرهەمەکەی نابینێتەوە. ئەو پەرلەمانتارەش سەری لەوە سوڕماوە کە حکومەت ئەو هەموو پارەیەی داوە و دەڵێ "لەو چوار مانگەدا حکومەت نزیکەی 36 ملیۆن و 570 هەزار دۆلاری داوە بۆ کارەبایەک کە بەرهەم نەهاتووە".

فایەق مستەفا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە "80 یەکەی دیکەی بەرهەمهێنان لەجۆری دیزڵ کە بە مولیدەکانی (سەقەر) ناسراون و بە هەموویان نزیکەی (160) مێگاوات توانای بەرهەمهێنانیانە، ئێستا ئیشیان پێ ناکرێت، گوایە کێشەی تەکنیکییان هەیە کە لەکاتی خۆیدا ملیۆنەها دۆلاریان تێچووە".

### "کارەبا ون نابێت"

ئەو پەرلەمانتارە باسی رێژەی بەفیڕۆچوونی کارەبا دەکات لە هەرێمی کوردستان و داوا دەکات رێکاری بەپەلە بگیرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی ئەو سەرپێچیانەی کە وەزارەت بە وزەی ون بوو ناوی بردووە و بەبڕی 33% مەزەندەی کردووە. ئەو دەڵێت "لەڕاستیدا ئەمە ونبوون نییە، بەڵکو ئەمە سەرپێچی و زیادەڕەوییە، چونکە لەڕووی تەکنیکییەوە وزەی ونبوو پێوەر و رێژەی ستانداردی خۆی هەیە کە زۆر لەوە کەمترە و ئەم بڕە لە وزە دەچێتە خانەی سەرپێچی و بەهەدەردان و پێویستە چارەسەری بەپەلەی بۆ بکرێت".

**وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان**

- وێستگەی غازیی هەولێر 1000 مێگاوات
- وێستگەی غازیی سلێمانی 1000 مێگاوات
- وێستگەی غازیی دهۆک 1000 مێگاوات
- وێستگەی باعەدرێ 140 مێگاوات
- وێستگەی خورمەڵە 640 مێگاوات
- سێ وێستگەی دیزڵ لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک 29 مێگاوات
- وێستگەی تاسلوجە51 مێگاوات
- وێستگەی دوکان 400 مێگاوات
- وێستگەی دەربەندیخان 249 مێگاوات
- 15 مێگاوات لەئێرانەوە دێت بۆ پێنجوێن
- 130 مێگاوات لە تورکیاوە دێت بۆ زاخۆ

# پەرلەمانتارێک 6 دۆسیەی گەندەڵی دەداتە داواکاری گشتی

**د. فەرسەت سۆفی:** دیار نییە وەزارەتی شەهیدان چۆن 5 ملیۆن دۆلاری بۆ یادێک خەرجکردووە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک رایگەیاند چیدی بێدەنگ نابێ لە بەرامبەر ئەو بەڵگەی گەندەڵییانەی دەستیکەوتوون و لەڕێی دادگاوە رێوشوێنی یاسایی دەگرێتەبەر.

د. فەرسەت سۆفی، ئەندامی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان دوێنێ 2014/1/11 چووە داواکاری گشتی هەولێر و هەموو ئەو بەڵگە و دۆسیانەی دایە داواکاری گشتی.

دوای ئاگادارینامەکەی فرسەت سۆفی، عەلی حەمە ساڵح، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، لە پەرلەمانی کوردستان، هەر لە فەیسبووکەوە رایگەیاند، سکاڵای یاسایی لە دژی ئەوانە تۆمار دەکات کە گەندەڵییان کردووە.

### 6 دۆسیەی گەندەڵی درانە دادگا

د.فرسەت سۆفی، دوای گەڕانەوەی لە داواکاری گشتی قسەی بۆ ( رووداو) کرد و گوتی "هەموو ئەوانەی لام بوون، لە بارەی گەندەڵی و ناڕوونی لە خەرجکردن و زۆر شتی دیکە، هەموویم دایە داواکاری گشتی، پێشمگوتن، هێشتا راپۆرتی دیکەشم لایە و دەتاندەمێ، دواتریش ئەوانە هەمووی دیسانەوە دەدەمە دەستەی نەزاهە".

فرسەت سۆفی دەڵێ ئەوەی داویەتییە داواکاری گشتی پێکدێ لە پرسی "وەبەرهێنان، غازی ماڵان، کۆبۆنی نەوت، مووچەی بێدەوام، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان".

هەروەها دەڵێ بۆ هەندێک لە بەڵگەکان پشتی بە راپۆرت و زانیاری دیوانی چاودێری دارایی بەستووە و لەنێو هەموو ئەوانەی کاری لەسەر کردوون، هێما بۆ یەکێک لە دۆسیەکان دەکات "وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، لە ساڵی 2013 بۆ یادێکی تایبەت بە شەهیدان، بڕی 5 ملیۆن دۆلاری خەرجکردووە، دیار نییە ئەو 5 ملیۆن دۆلارە چۆن خەرجکراوە و دەبێ دادگا و داواکاری گشتی یەکلایی بکاتەوە ئەو پارەیە چی لێکراوە".

### "داوام لێدەکەن بێدەنگ بم"

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ دەستی بەستراوە لەوەی ئەو دۆسیەی گەندەڵییەی لایەتی بیداتە دادگا، لەوبارەوە گوتی "دەرکەوت حکومەتی تەوافوقی چاکسازیی پێ ناکرێ".

سۆران عومەر، پێیوایە پەرلەمانتاران بەهۆی نائومێدی لە چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەسەر ئاستی خۆیانەوە پەنا بۆ دادگاکان دەبەن و هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و دۆسیەکان دەکەن "پەرلەمانتار ناچارە لەرێگەی فەیسبووکەوە خەڵک تێبگەیەنێ کە چی هەیە و چی دەگوزەرێ".

لەبارەی بەڵگەنامەکەی بەردەستی خۆیەوە کە دەڵێ "داوایان لێکردووم جارێ رایگرم و نەیدەمە دادگا"، گوتی کە پەیوەندی بە وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە "وەزیری شارەوانی لە هەولێر 27 دۆنم زەوی کردووە بەناوی حیزبێکەوە بە نایاسایی". سۆران عومەر رەتیکردەوە حیزبەکەی خۆی داوایان لێکردبێت بێدەنگ بێت، بەڵام گوتی "بەشێوەیەکی گشتی لەبەرئەوەی هەموو لایەنەکان وەزیریان لەو حکومەتەدا هەیە، کۆدەنگییەک هەیە لەسەر بێدەنگی".

### با 10 وەزیرەکە چاکسازی بکەن

ئایا لەنێو 111 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بۆچی تەنیا چەند پەرلەمانتارێک باسی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئاشکراکردنی ئەو بەڵگانە دەکەن کە بەردەستیان کەوتوون؟

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت بەهۆی پەیوەندی تاکەکەسیی ئەوان بە دامودەزگاکانی حکومەت، یان دزەکردنی زانیارییەکانەوە بەڵگەکان دەستدەکەون "بەڵام ئێمە لە قۆناغێکداین کە چارەسەرکردنی کێشەکان بە رێککەوتن بێت باشترە".

مەروان گەڵاڵی، رەتیدەکاتەوە "کۆندەگییەک هەبێ لەسەر بێدەنگی"و دەڵێ ئەوکاتەی خۆم لیژنەی دانوستانکار بووم، مەرجەکانی پارتی و ئێمەش ئەوە بوو رووبەڕووی گەندەڵی ببینەوە، بەڵام 8 مانگی تەمەنی حکومەت زووە بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی حکومەت چی کردووە".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ پێویست ناکات لە رێگەی راگەیاندنەوە ئەو پرسە بوروژێنرێت "ئێمە و گۆڕان و یەکگرتوو 10 وەزیرمان هەیە، ئەگەر هەر وەزیرێک لەشوێنی خۆیەوە چاکسازی بکات، کاری زۆر باش دەکرێت، با جارێ 10 وەزیرەکەی خۆمان چاکسازی بکەن".

### "باشترە وەزیرەکان بانگ بکەن"

ئەوانەی لە فەیسبووک گەندەڵی بڵاودەکەنەوە، گۆران ئازاد بە "کۆمیدیترین پەرلەمانتار" ناویان دەبات و دەڵێ "چ پێویست دەکات وابڵاوی بکەنەوە، مەگەر ئەوان پەرلەمانتار نین و دەسەڵاتی لێپرسینەوەی وەزیریان پێنەدراوە".

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ مەسەلەکە ئەوە نییە کێ بەڵگەی لایە، مەگەر کاتی خۆی ئەو لیژنانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دروستیکردن لەسەر گەندەڵی "کەمیان بەڵگە کۆکردەوە، ئەگەر چارەکی ئەوانەش لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرایە، ئێستا دۆخێکی دیکەمان دەبوو".


بەبڕوای گۆران ئازاد، باشترە وەزیرەکان بانگ بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن. بەڵام فرسەت سۆفی، رەتیدەکاتەوە تەنیا قسەبکەن و پێیوایە ئیدی دەبێ "دادگا رۆڵی خۆی ببینێ، جگە لە بانگکردنی وەزیر دەبێ ئێمە دەستپێبکەین، من هەنگاوی یەکەمم نا و بەردەوامیش دەبم و خۆم شەرمەزاری خەڵکی کوردستان ناکەم".

### 2 ملیاری زانکۆ و 62 ئۆتۆمبیلی حکومەت

تەنیا پەرلەمانتاران نین دەستیان بە راوکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی کردووە، سەرۆکی رێکخراوی سکاڵا و چاودێری لە سلێمانی دەڵێ بەرپرسانی زانکۆی سلێمانییان داوەتە دادگا "لەسەر دیارنەمانی 2 ملیار دینار لەو زانکۆیە، پارێزەرمان بۆ داناوە و قۆناغێک چووەتە پێشەوە و چاوەڕوانی بڕیاری دادگاین".

شڤان زەنگەنە، هەروەها باسی دۆسیەیەکی دیکە دەکات کە داویەتییە پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەنەوە "62 ئۆتۆمبیلی حکومەت لە سلێمانی بۆ کاری دیکە بەکاردەهێنرێن و بەڵگەمان لەلایە دوای دەوام خەڵک کاریان پێدەکات". هەروەها دەڵێ "بەشێک لە پرۆژەکانی سلێمانی مۆڵەتیان نییە، کارەسات ئەوەیە هەندێک لەوانە پرۆژەی نیشتەجێبوونی زەبەلاحن. دوای کۆکردنەوەی بەڵگەکان دەیاندەینە دادگا".

سەرۆکی رێکخراوی چاودێری و سکاڵا، نیگەرانە لەوەی شارەوانی سلێمانی کارئاسانییان بۆ ناکات و بەڵگەکانیان پیشان نادات "بەڵام بۆ پەرلەمانتاران باشترە و ئەوان دەتوانن ئاسانتر بەڵگەکانیان دەستبکەوێ". گوتیشی "زۆر بابەتی گوماناوی هەن، دەمانەوێ بەڵگەیان لەسەر کۆبکەینەوە".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (342)    دووشەممە    2015/1/12

## لێژنەی باڵای جێبەجکردنی ماددەی 140 دروستدەکرێتەوە



**ڕووداو- بەغدا**

خالید شوانی، گوتەبێژی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرۆک فوئاد مەعسووم بە فەرمی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێز حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق داوای دروستکردنەوەی لیژنەی باڵای وەزاری کرد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەویش ئامادەیی خۆی دەربڕی لە نزیکترین کاتدا ئەو لێژنەیە دروست بکات". شوانی گوتیشی "لەبەر ئەوەی حکومەتی پێشووی عێراقی هەڵوەشاوەتەوە، بۆیە پێویستە لە ڕووی یاساییەوە بەڕێز عەبادی لیژنەیەکی دیکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە پێکبێنێت".

# گرووپی چاکسازی هەڕەشە لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**هەڵسوڕاوێکی گۆڕان:**
**کاک نەوشیروان گوتی گرووپ لەنێو گۆڕاندا جێی نابێتەوە**

**شەمال عەبدولوەفا:**
**کێشە لەسەر تەوقیتی پێشکەشکردنی پێشنیازەکانیانە**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کێشەکانی نێوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچن، دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری ئەو بزووتنەوەیە پرۆژەی ئەو نارازیانەی بە "گرووپی چاکسازی" ناسراون، ڕەتدەکاتەوە.

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی قورسایی ئەو گرووپە بە (ڕووداو)ی گوت "لە کۆی جەماوەری 24 پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، جەماوەری 10 ئەندامیان لەگەڵ ئەو گرووپەیە". بەڵام ئاواتی شێخ جەناب ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ئەگەر خەڵک لە گۆڕانیش عاجز بێت کاریگەرییان نابێ".

گرووپێک لەنێو بزووتنەوەی گۆڕان داوای چاکسازی دەکەن، بەڵام پێناچێ ئەو داوایە وا بەئاسانی جێبەجێ ببێ.

هەڵسوڕاوێکی ئەو گرووپە باسی ناوەڕۆکی پرۆژەکەیان دەکات کە بە "پرۆژەی چاکسازی لەنێو گۆڕان" ناوی هێناو گوتی "پرۆژەیەکمان داوەتە دەست کاک نەوشیروان بۆ ئەوەی لە دەزگاکانی گۆڕاندا چاکسازی بکات".

ئەو هەڵسوڕاوە کە یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی گۆڕان، گەشبین نییە بەوەی نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکەیان بدات و دەڵێت "لەو پرۆژەیەدا داوامان کردووە لێژنەیەکی باڵا دروستبکرێ و دەسەڵاتی لە هەموو کەس لەنێو گۆڕاندا زیاتر بێ و کاری لێژنەکەش ئەنجامدانی چاکسازی و نووسینەوەی پەیڕەوی نێوخۆی گۆڕانە بۆ ژوورەکانی ئەو بزووتنەوەیە". هەروەها گوتی "ئەو لێژنەیە دەسەڵاتی ڕێکخەری گشتی و هەموو دامەزراوەکانی دیاری دەکات".

(ڕووداو) زانیویەتی لەسەرەتای پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیە، نەوشیروان مستەفا پێی ڕازی بووە، بەڵام ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "ئێستا پەشیمان بووەتەوە، گوتیان کاک نەوشیروان پرۆژەکەی ڕەتکردووەتەوە، بەڵام ئەو قسەیە بەفەرمی بە ئێمە نەگوتراوە".

کەسێکی نزیکی نەوشیروان مستەفا کە ئاگاداری دانوستاندنەکانە لەگەڵ ئەو گرووپە، گوتی "کاک نەوشیروان ڕوون و ئاشکرا گوتی هیچ گرووپێک لەنێو گۆڕاندا قبوڵ ناکەم".

ئاواتی شێخ جەناب، ئەندامی جڤاتی بزووتنەوەی گۆڕان کە ئەندامی تەرەفی نەوشیروان مستەفا بووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژەیە، دەڵێ "کاک نەوشیروان بەشێوەیەکی مەبدەئی لاریی لە پرۆژەکە نییە".

ئەوانەی ئەو پرۆژەیەیان پێشکەشکردووە هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان بوون، بەڵام زیاتر لە دوو ساڵ دەبێ لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کێشەیان هەیە و لە کاری ئەو بزووتنەوەیە دوورکەوتوونەتەوە. ئێستاش عوسمانی حاجی مەحموود، سەرپەرشتی ئەو لایەنە دەکات کە پرۆژەکەیان نووسیوە.

ئاواتی شێخ جەناب لەبارەی ئەو کەسانەی پرۆژەکەیان نووسیوە دەڵێ "ئەوان کە کێشەیان هەبووە گۆڕان بوون و بێ کێشەش هەر گۆڕان بوون".

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی نێو گرووپی چاکسازی، ئەوان چاوەڕێی تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی نێوخۆی بزووتنەوەی گۆڕانن، هەروەها چاوەڕێی تەواوکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتین بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی سلێمانی و هەڵەبجە کە تەواوبوو هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن و بێدەنگ نابن.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە لە گرووپی چاکسازی بەشداری کۆبوونەوەکانی کردووە، ئامادە نەبوو هیچ قسەیەک لەسەر ئەو کۆبوونەوانە و دوا هەڵوێستی گرووپەکە بکات و گوتی "بڕیارمانداوە هیچ قسەیەک نەکەین و نایکەین".

شەماڵ عەبدولوەفا، ڕێکخەری ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان پشتڕاستیکردەوە کە "کۆبوونەوەکان لەسەر ئەو پرۆژەیە وەستاوە تاوەکو هەڵبژاردنەکانی نێو بزووتنەوەی گۆڕان تەواودەبن و ئەمەش هەندێ کاتی دەوێ، چونکە هێشتا هەڵبژاردنەکانی گۆڕان لە ئەورووپا نەکراون".

دەربارەی وەڵامەکەی نەوشیروان مستەفاش لەسەر پرۆژەکە، شەمال عەبدولوەفا ڕەتیکردەوە کە ئەوە پرۆژە بێت "گۆڕان خۆی پرۆژەی هەیە و ئەوەی ئەو برادەرانە پێشنیازن، بەڵام من ڕەشبین نیم لەوەی وەڵام بۆ پێشنیازەکانی ئەوان هەبێ".

شەماڵ عەبدولوەفا کە خۆی ئەندامی لێژنەی گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەکە، نەیشاردەوە کە کێشە هەیە و "کێشەکە لەسەر تەوقیتی پێشکەشکردنی ئەو پێشنیازانەیە".

بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا لە ڕووی سیاسییەوە لە باشترین ئاستی خۆیدایە. نە لەگەڵ پارتی و نە لەگەڵ یەکێتی کێشەی نەماوە، لەسەر ئاستی حکومەت و پەرلەمان لە باشووری کوردستان و لەسەر ئاستی حکومەتی عێراق هەم وەزیریان هەیە و هەم لەسەر ئاستی پەرلەمانیش باشترین پۆستیان بەدەستەوەیە.

ئەو کەسە نزیکەی نەوشیروان مستەفا کە قسەی بۆ (ڕووداو)ی کرد، گوتی "کاک نەوشیروان گوتی گرووپ لەنێو گۆڕاندا قبوڵ ناکەم". بەڵام گرووپی چاکسازی دەڵێن "هەرچەندە ئومێدێکمان ماوە کاک نەوشیروان بڕیاری قەتعی نەدات بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆژەیە، بەڵام ئەگەر بڕیارەکە دراو وەڵامەکە نەخێر بوو، ئەوا ئێمە ئەوکات قسەی کۆتایی خۆمان بۆ ڕای گشتی بڵاودەکەینەوە و پێشبینیش دەکەین گۆڕان تووشی قەیرانێک ببێ لەوەی ئێستا یەکێتی تێیکەوتووە کەمتر نابێ".

یەکێک لەو هەڵسوڕاوە دیارانەی نێو گرووپی چاکسازی باسی کاریگەری خۆیان دەکات لەسەر جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕان و بۆئەوەش پەرلەمانتارانی گۆڕان دەکاتە پێوەر "لەو 24 ئەندامەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانین بڵێین جەماوەری 10 کەسیان لەگەڵ ئەم گرووپە دەبێ".

بەڵام ئاواتی شێخ جەناب دەڵێ "ئێستا گۆڕان بووەتە حیزبێکی گەورە و ئەگەر خەڵک عاجزیش بن، کاریگەری ناخاتە سەر بزووتنەوەی گۆڕان".

# دانانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بەرەوڕووی کێشەی یاسایی دەبێتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و دوای ماوەیەکی زۆر گفتوگۆ و کۆبوونەوەی چەند قۆڵی، پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، خەریکە ڕزگاریان دەبێت لە بەسەرچوونی وادەی یاسایی و ئەنجوومەنی نوێی پارێزگاکان دادەنێنەوە، بەڵام خەریکە جارێکی دیکە گرفتێکی دیکەی یاسایی دێتە پێشەوە کە ڕێگا نادات ئەنجوومەنەکان هەموو وردەکارییەکان ببڕێننەوە.

یەکلاکردنەوەی پۆستی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لەسەر نەخشەی حکومەتێکی بنکە فراوان کە ڕەنگدانەوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بووەتە ئاریشەیەکی سیاسی نوێ لە نێوان لایەنەکاندا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دابەشکردنی ئەو پۆستانە و تەنانەت لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە "نایاساییە"، چونکە دەبێت هەڵبژاردنیان بۆ بکرێت.

ڕێکەوت زەکی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ لە یاسای ژمارە (3)ی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی کوردستاندا هیچ دەقێکی تێدا نییە بڵێت قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە هەڵدەبژێرێت، بۆیە دەبێت پەرلەمان یاساکە هەموار بکات "یاخود یاسایەکی تایبەت دەربکات بۆ ئەوەی سەنگێکی یاسایی بداتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان تا ئەوانیش بتوانن قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دابنێن".

چارەسەرێکی دیکە کە ڕێکەوت دەیبینێتەوە ئەوەیە "ئەو میکانیزمەی بۆ دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان دانراوە بۆ قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش کاری پێبکرێت".

یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009ی پەرلەمانی کوردستان، زۆر بەڕوونی ئاماژەی بەچۆنێتی دانانی ئەو قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیانە کردووە، لە بەشی دووەمی ئەو یاسایە بۆ ئەنجوومەنی قەزاکان لە ماددەی 8 هاتووە (ئەنجوومەنی خۆجێیەتی قەزا لەڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی گشتییەوە دادەمەزرێ و پێکدێت لە 7 ئەندام، بۆ ئەو قەزایەی ژمارەی دانیشتووانیان لە 50 هەزار کەس کەمترە).

هەروەها لەماددەی نۆیەم خاڵی یەکەمدا هاتووە (هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی خۆجێیەتی قەزا لەنێوان ئەندامانی بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی، لەیەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی خۆجێیەتی هەڵدەبژێردرێت)، ئەو پرۆسەیە بۆ بەڕێوەبەری ناحیەکانیش هەمان میکانیزمە.

بەڵام بۆچوونێکی دیکەش هەیە بۆ دانانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان، ئەویش بەپێی پلە بێت نەک (پۆست)، چونکە ئەگەر بەپێی پلە بێت، ئەوا قایمقام (پلە)ی بەڕێوەبەری گشتییە و بەڕێوەبەری ناحیە پلەکەی جێگری بەڕێوەبەری گشتییە، لەو کاتەشدا ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەتوانن قایمقایم و بەڕێوەبەری ناحیەکان دابنێن.

عەبدولڕەحمان عومەر، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، پێیوایە ئەگەر قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگا متمانە وەربگرن "کارێکی یاسایی دەبێت".

ناوبراو گوتیشی یاساکە زۆر ڕوون نییە، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی هەیە بۆ دانانی بەڕێوەبەری گشتی "بۆیە لەم حاڵەتەدا لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان نەکراوە، دەتوانرێت قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش بەپێی پلە دابنرێن کە ئەوەش لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگایە".

عەبدولڕەحمان عومەر، ئاماژەی بەوەکرد پەرلەمانیش دەتوانێت ڕوونکردنەوەیەک بدات لەبەرئەوەی هەڵبژاردن نەکراوە ئەو دەسەڵاتە بداتە ئەنجوومەنی پارێزگاکان "بۆ دانانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان".

ئەم مشتومڕە لەکاتێکدا هاتووەتە پێشەوە کە هێشتا لایەنەکان نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی پۆستی ئیداری پارێزگاکان دابەش بکەن. ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەوەی دانانی قایمقام و بەڕێوەبەری گشتییەکان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە "نایاساییە".

ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند دانانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان "بەڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان و پاشانیش دانانیان لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە لەبەر ئەوەیە هەڵبژاردنی قەزا و ناحیەکان نەکراوە و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یاساییە، ئەگینا لەبنەڕەتدا کارێکی نایاساییە".

هەڵەدنی هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان بە پێویست نازانێ و دەڵێ دەکرێت ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە "لە داهاتوودا هەڵبژاردنی قەزا و ناحیەکانیش بکرێت".

هەر لەوبارەیەوە گۆران ئازاد، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، وای دەبینێ دەقی یاساکە ڕوونە "پێویستە قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بەهەڵبژاردنی قەزا و ناحیەکان بێت". بەڵام گوتیشی "بەهیچ شێوەیەک نابێت قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان وەکو (پلە) دابنرێن، چونکە (پۆست) و (پلە) لەڕووی یاساییەوە جیاوازییان هەیە".

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، نموونەیەک دێنێتەوە و دەڵێ ئەگەر کەسێک پۆستەکەی وەزیر بێت ئەوا پەرلەمان متمانەی پێدەبەخشێت، بەڵام کەسیش هەیە (پلە)کەی وەزیرە و پێویست بە متمانەی پەرلەمان ناکات.

ناوبراو زیاتر ڕوونیکردەوە لەبەرئەوەی هەڵبژاردن بۆ قەزا و ناحیەکان نەکراوە، چارەسەری دیکە هەیە لەوانە "هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی قەزا بکرێت، ئەگەر ئەوەش ناکرێت، دەبێت ئەو دەسەڵاتانەی کە لەیاسای ژمارە 3ی پارێزگاکان هاتووە بۆ ئەنجوومەنی قەزا و ناحیە بەبڕیارێکی پەرلەمان بیدەینە ئەنجوومەنی پارێزگاکان تاوەکو هەڵبژاردن دەکرێت، یاخود یاسایەکی کاتی دابنرێت بۆ دەسەڵاتی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان".

گۆران ئازادهەروەها دەڵێ، گرفت تەنیا دانانی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان نییە "بەڵکو لەحاڵەتی دانانیشیاندا کوا ئەو یاسایەی دەسەڵاتەکانیانی پێ بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەگەر یاسایەکەی نەبوو دەسەڵاتیشی نابێت".



رووداو
راپۆرت
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/12



## عەلی باپیر: هێرشەکەی پاریس سەنەدی شەرعی نییە

**رووداو- هەولێر**

عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەڵێت فەرەنسا وڵاتێکی ئیسلامی نییە تا موسڵمانان مولزەم بن لەوێ شەریعەت جێبەجێ بکەن. عەلی باپیر لە پەیامێکدا کە ماڵپەڕی فەرمی کۆمەڵی ئیسلامی بڵاویکردووەتەوە، سەبارەت بەوەی ئایا حوکمی شەرعی هێرشکردنە سەر گۆڤاری (چارلی ئیبدۆ) ی فەرەنسی و کوشتنی ستافەکەی لەسەر ئەوەی کاریکاتێریان لەسەر پێغەمبەری ئیسلام بڵاوکردووەتەوە چییە؟ دەڵێت "فەرەنسا وڵاتێکی ئیسلامی نییە تا موسڵمانان مولزەم بن لەوێ شەریعەت جێبەجێ بکەن". راشیگەیاند "لەرووی شەرعیشەوە ئەم جۆرە کارانە هیچ سەنەدێکی شەرعیان نییە جگە لەعاتیفە و حەماسەت".

### کۆنترۆڵکردنەوەی لە پلانی پێشمەرگەدا نەبوو

# فەرماندەیەکی یەکێتی: YPG پلانی رزگارکردنی شنگالی تێکدا

**ناسر عەلی**
**رووداو- شنگال**

لە ماوەی کەمتر لە 48 کاژێردا هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بەدرێژایی 200 کیلۆمەتر لە ناوچەی شنگال کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام زیاتر لە 20 رۆژە هێشتا هێزەکانی پێشمەرگە نەیانتوانیوە زیاتر لە 20%ی سەنتەری شنگال رزگار بکەن.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە، دەڵێت پلانیان نەبوو جارێ سەنتەری قەزای شنگال کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام شەڕڤانانی YPG پلانەکەیان لێ تێکداون و چوونەتە نێو سەنتەری قەزاکە "بەبێ ئەوەی هیچیان پێبکرێت".

بەپێی پلانێک کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی سەرپەرشتی دەکرد، رۆژی 2014/12/17 پێشڕەوییەکانی هێزی پێشمەرگە لە گوندی تل موسی نزیک سەنتەری ناحیەی زوممار بەرەو شنگال دەستیپێکرد، هێزەکانی پێشمەرگە لەماوەی کەمتر لە 48 کاژێردا توانییان هەر دوو رێگای سەرەکی زوممار بۆ چیای شنگال و ناحیەی رەبیعە بۆ چیای شنگال بە درێژایی زیاتر لە 200 کیلۆمەتر کۆنترۆڵ بکەن.

پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە لە هەردوو میحوەری رەبیعە و زوممار لە پاشنیوەڕۆی 20ی مانگی رابردوو گەیشتنە سەر چیای شنگال، هەر لەو ئێوارەیە هێزەکانی پێشمەرگە لە چیای شنگال شۆڕبوونەوە و گەیشتنە دەروازەی شنگال.

عەمید شەفیق چاوشین، فەرماندەی پێشمەرگە لە هێزی 111 دەڵێت "وەکو پلان، ئێمە پلانمان نەبوو بچینە ناو سەنتەری شنگال، ئەو پلانەی کاک زەعیم عەلی و هەڤاڵانی دیکە دایاننابوو، تەنیا ئەوە بوو کە بچینە چیای شنگال، بەشی باکووری چیاکە و ناحیەی سنوونێ کۆنترۆڵ بکەین، پلانی ئێمە زۆر بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو، بەڵام برادەرانی YPG لێیان تێکداین".

عەمید شەفیق لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) گوتی "هۆکاری سەرەکی کۆنترۆڵ نەکردنەوەی سەنتەری قەزای شنگال برادەرانی یەپەگە بوون، چونکە ئەوان زۆر بە پەلە پەل لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان رایانگەیاند کە ئەوان لەناو شنگالدان، لەبەر ئەوە هێزەکانی پێشمەرگەش هێرشیان کردە ناو سەنتەری شنگال، ئەوە بوو برادەرانی رۆژئاوا نە هیچیان کرد و نە هیچیشیان پێدەکرێت و پلانەکەی ئێمەشیان تێکدا".

بەپێی پێشبینییەکانی چاوشین، رزگارکردنی سەنتەری شنگال کاتێکی زۆرتر دەخایەنێت و دەڵێت "پێش ئەوەی سەنتەری شنگال کۆنترۆڵ بکەین، دەبێ لە دووڕیانی حەردان بەرەو تەلعەفەر و ریاز و سەرجەم ئەو ناوچانەی رۆژئاوای مووسڵ کۆنترۆڵ بکرێن، ئەوجا بە ئاسانی شنگالیش کۆنترۆڵ دەکرێت".

ئەو فەرماندەیە باسی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات لە ناو شنگال و دەڵێت "جگە لە هێزەکانی رۆژئاوای کوردستان، سەرجەم هێزەکانی دیکە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پێشمەرگەدان بەبێ رەچاوکردنی حیزبایەتی، بەڵام هێزەکانی رۆژئاڤا سەر بە هەرێمی کوردستان نین و هیچیان پێناکرێت، نازانم چی دەکەن لەوێ، چونکە شنگال سەر بە هەرێمی کورستانە و دەبێ هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگە کۆنترۆڵی بکەن".

### ئەمریکییەکان نیگەرانن

سەرچاوەیەک لەناو پێشمەرگە لە شنگال بە (رووداو)ی گوت "چوونی پێشمەرگە بۆ نێو سەنتەری شنگال هێزەکانی ئەمریکای تووڕە کردووە، چونکە ئەوان بەبێ پلانی ئەمریکا چوونە ناو شنگال".

ئەو سەرچاوەیە کە پلەدارێکی پێشمەرگەیە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەبێ ئاگاداریی ئەمریکا چوونە ناو شنگال، هاوکاریکردنی فڕۆکەکانی ئەمریکا و بۆردومانکردنی مۆڵگەکانی داعش کەم بووە".

بەڵام عەمید بەهرام عەریف یاسین، سەرپەرشتیاری میحوەری شنگال رەتیکردەوە کە ئەوان بەپێ پلان هاتبنە ناو سەنتەری شنگال و دەڵێت "هێزەکانی پێشمەرگە بە راسپاردەکانی سەرۆک بارزانی و وەزارەتی پێشمەرگە وەکو یەکەم هێز چوونە ناو شنگال، تا ئێستا هێزەکانی ئێمە بەرگرییەکی مەزن لەناو شنگالدا دەکەن".

عەمید بەهرام باسی هۆکاری کەمبوونەوەی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانانی کرد و گوتی "ئێمەش هەستی پێدەکەین کە لە شنگال فڕۆکەکان کەمتر لە جاران بۆردومانی مۆڵگەکانی داعش دەکەن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەوان بەئەنقەست نایەن، بەڵکو ئێستا بەرەی شەڕ بەرفراوانترە لە جاران، داعش لە جەلەولاوە هەتاوەکو شنگال هێرش دەکەن، ئەوان پێڕاناگەن ئەم هەموو شوێنە لە یەک کاتدا بۆردومان بکەن".

چوار رێگای سەرەکی دەچنە ناو سەنتەری قەزای شنگال: لە باشوورەوە رێگای گوندی کۆچۆیە بەرەو مووسڵ، لە رۆژهەڵاتەوە رێگای قەزای تەلعەفەرە، لە رۆژئاواوە رێگای ناحیەی گرعوزێرە، لە باکووریشەوە رێگای چیای شنگال، ئێستا پێشمەرگە تەنیا لە رێگەی باکوورەوە چووەتە نێو قەزای شنگال و گەڕەکەکانی شەهیدان، حەی نەسر و بەرۆژی کۆنترۆڵ کردووە.

فەریق جەمال ئێمینکی سوپاسالاری هێزەکانی پێشمەرگە کە خۆی بەشدار بووە لە پلاندانانی هێرشی شنگال، باسی بەرگریی داعش دەکات لە شنگال و دەڵێت "سەنتەری شنگال بۆ داعش جێگایەکی ستراتیژییە، چونکە رێگای سەرەکییە لە سووریاوە بۆ ناو مووسڵ، سەرجەم هاوکارییەکان لە سووریاوە بەرێگای سەنتەری شنگالدا دێن بۆ مووسڵ، بۆیە بەرگری دەکەن".

بەپێی پێشبینییەکانی سوپاسالاری پێشمەرگە، لە کاتێکی نزیکدا شنگال ئازاد دەکرێت "ناڵێم کەی، بەڵام شنگال پێویستی بە پلانێکی باشە و لە کاتێکی نزیکدا ئینشائەڵڵا هەموو شنگال کۆنترۆڵ دەکەین، چونکە جگە لە سەنتەری شنگال چەند گوند و ناوچەیەکی دیکەی کوردانی ئێزیدی هەن، دەبێ ئەوانیش رزگار بکەین، لەوانەش گوندەکانی کۆچۆ، تەل بەنات و ناحیەی گرعوزێر".

چەند فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە شنگال پێشتر گوتوویانە ئەوان دەتوانن لە 24 کاژێردا شنگال کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام ئێمینکی دەڵێت "ئەو قسانە راست نین، چونکە کەس ناتوانێت پێشبینییەکانی شەڕ بکات".

دەربارەی تووڕەبوونی ئەمریکا فەریق جەمال گوتی "نەخێر، ئێستاش تیمەکانی ئەمریکا لە شنگال لەگەڵ ئێمەن، بەڵام میحوەرەکانی شەڕ لەگەل داعش بەرفراوان بوون، ئێستا لە عێراقیش فڕۆکەکانی ئەمریکا مۆڵگەکانی داعش بۆردومان دەکەن، لەبەر ئەوە هەندێکجار درەنگ دەگەنە لای ئێمە، یانیش بە کەمی دێن".



(فۆتۆ: AFP)

# سوێد سەرباز رەوانەی کوردستان دەکات



**کاوە ئەمین**
**رووداو – ستۆکهۆڵم**

حکومەتی سوێد بڕیاری داوە ژمارەیەک پسپۆری سەربازی رەوانەی باشووری کوردستان بکات، تاوەکو مەشق بە پێشمەرگە بکەن. شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش سەردانی سوێد دەکات.

مارگۆت والسترۆم، وەزیری دەرەوەی سوێد کە بەشداری کۆنفرانسێکی کردبوو بەناوی "بەرگری و خەڵک" ئەوەی ئاشکرا کردووە کە لە هەنگاوی یەکەمدا دەیانەوێت پسپۆری سەربازی رەوانە کوردستان بکەن تاوەکو بتوانن راهێنانی سەربازی بەوانە بکەن کە دژی داعش دەجەنگن. لە پەیامەکەیدا، وەزیری دەرەوەی سوێد زیاتر جەختی لەسەر هەڕەشەکانی تیرۆریستان کردەوە و چۆن جیهان بتوانێت رووبەروویان بێتەوە.

سوێد لەهەوڵی ئەوەدایە کە بێلایەنی خۆی بپارێزێت بەڵام تا دێت رای گشتی سوێد زیاتر پشتیوانی لە بوون بە ئەندامبوونی سوێد دەکات لە ناتۆدا، بە تایبەتی دوای رووداوەکەی پاریس و سووتاندنی چەند مزگەوتێک لە سوێد، زیاتر پشتیووانی لە بوون بە ئەندام لە ناتۆ پەیدابووە.

قسەکانی مارگۆت والسترۆم لەکاتێکدایە کە بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە) فەلاح مستەفا، وەزیری کاروباری دەرەوەی حکومەتی کوردستان سەردانی سوێد بکات و لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سوێد کۆدەبێتەوە. شۆڕش قادر، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سوێد بە (رووداو)ی راگەیاند پێدەچێت بۆ یەکەمینجار حکومەتی سوێد وەکو وەزیری دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە فەلاح مستەفا و شاندی یاوەری بکات.

لە ماوەی مانەوەیاندا، وەفدی حکومەتی کوردستان، چەندین دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی حکومی و مەدەنی سوێد ساز دەکەن.

# "تیرۆریستان کارێکیان کرد، پێغەمبەر لە گۆڕەکەیدا خۆی وەرچەرخاند"

**کاوە ئەمین**
**رووداو – ستۆکهۆڵم**

چەند رۆژێک پێش هێرشە تیرۆریستییەکەی پاریس، چەندین مزگەوت لە سوێد هێرشیان کرایە سەر. ژمارەیەکی زۆر لە سیاسی و کەسایەتییە دیارەکانی سوێد ئەو کارەیان مەحکوم کرد و بە هێرش بۆ سەر ئازادی بیروباوەڕ و ئازادی ئاینیان لە قەڵەمدا. دەرگای گفتوگۆیەکی چڕ لەسەر کاری توندڕەوی کرایەوە، چونکە ئەو کارانە هۆکارێکن بۆ پشێوی نێو کۆمەڵگا و دوورخستنەوە و گۆشەگیرکردنی کەمینە ئاینییەکان.

زۆر لەوانەی لەسەر توندەڕەوەکان قسە دەکەن، هۆکاری جیاواز دەهێننەوە، جا لە بێکارییەوە بیگرە هەتا دەگاتە ترس لەوەی دیکە، ترس لە رەنگە جیاوازەکان، نابەرانبەری و نادادپەروەری، کەمتەرخەمی لەوەی کە زوو چارەسەری کیشەکان ناکرێت و بەسەرەیەکدا کەڵەکەیان دەکەن، بەشێوەیەک کە هەموو دەرگاکان بەرووی پێکەوەژیاندا دادەخرێن. رێکخراوە توندەڕەوەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بیانوو بۆ کارە توندڕەوەییەکانیان دەهێننەوە. دەیەیەک زیاترە کە ئیسلامۆفۆبی (ترس لە ئیسلام) لە ئەورووپا سەریهەڵداوە، رێکخراوە توندرەوە ئیسلامیەکانیش بەکردەوەکانیان ئاو دەکەنە سەر ئاشی راسیست و دژە بیانییەکان و تا دێت پشتیوانیان بۆ زیاد دەبێت.

دوایین کردنەوەی چەکدارە توندڕەوەکان هێرشکردن بوو بۆ سەر گۆڤاری چارلی ئیبدۆ لە شاری پاریس کە 12 کەسیان لە نێو ئۆفیسی رۆژنامەکەدا کوشت.

ئەوەی لە پاریس روویدا، هیچ عەقڵێکی سەلیم پشتیوانی لێناکات، هەر بۆیە لە هەموو جیهانەوە بە موسڵمان و مەسیحی و یەهوودی و هەموو میانرەوەکانی ئاینی مەحکومیان کرد.



کەسوکاری قوربانیانی سوپەرمارکێتی جولەکەکان لە پاریس
(فۆتۆ: AFP)

شێل ماگنسوون مامۆستای زانکۆی ئۆپسالا، لە وتارێکدا دەنووسێت "ئەوانەی هەڕەشە دەکەن و خەڵک دەکوژن دەبێت سزا بدرێن، بەڵام هۆکاریش هەیە کە دەبێت بیری لێبکەینەوە. دەبێت و پێویستە بەبێ هیچ سڵەمینەوەیەک بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لێکدانەوە لەسەر پێگەی ئیسلام بکەین. هاوکات دەبێت ئێمە خۆمان لە سووکایەتی بە ئاینی ئیسلام بەدوور بگرین. دەبێت رووناکی بخەینە سەر، چەوساندنەوە، کۆیلایەتی، توندوتیژی و هەروەها هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە رۆژئاواییەکان. بەڵام واز لە سیمبوڵە ئاینییەکان بێنن، ئەگەرچی لە لایەن توندەرەوەکانیشەوە کەڵکیان لێوەربگیرێت. دەنا مەترسی دووبارەبوونەوەی هەڵەکان لە ئارادایە. لە دنیایەکی جیهانگیردا، فەرهەنگی رۆژئاوایی پێگەیەکی روونی نییە. دەبێت رەخنەی ساتیر ئاسا بێتە پێشەوە".

بەشێک لە موسڵمانەکانی دانیشتووی فەرەنسا بە توندی رەخنەیان لەو کارە تیرۆریستییە گرت چونکە ئەوان پێیانوایە کردەوەی لەوجۆرە پێگەی ئەوان ناشیرین دەکات و هەڕەشەیە لەسەر ئەوانیش، ئیدی بەناوی تۆڵەوە رەنگە رێکخراوە توندئاژۆکان زیاتر سووکایەتیان پێبکەن و ئازاریان بدەن.

رۆژنامەنووسێکی سوێدی بە رەچەڵەک عەرەب لە رۆژنامەی ئێکسپرێسی سوێدیدا راپۆرتێکی لە بەردەم رۆژنامەی "چارڵی ئیبدۆ" ئامادە کردووە، باسی منداڵی خۆی دەکات، باسی یادکردنەوەی جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر دەکات کە چۆن سەردەمانێک، رۆژێک بوو بۆ خۆشی، رۆژێک تێیدا رۆژ رۆژی منداڵان بوو کە خۆیان بە نوقڵ و شیرینی تێر دەکرد، کەچی توندەڕەوەکان لەو یادەدا خەڵکانێک بەناوی ئاینییەوە خەڵتانی خوێن دەکەن، بۆیە زۆر لەوە زیاتر دەڕوات و دەڵێت "ئەمڕۆ پێغەمبەر لە گۆڕەکەیدا خۆی وەردەچەرخێنێ".

لەوەتەی ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی دیکەیش بەرگێکی سیاسییان بەبەردا کراوە، توندوتیژی و ناحاڵیبوونیش لەیەکتری بەرەو هەڵکشان رۆیشتووە. سەردەمە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە فۆرمی جیاوازدا خۆیان وێنا دەکەنەوە، ئەگەر بەجددی رێگا لە تەوژمی توندوتیژی و یەکترقبوڵنەکردن نەگیرێت وەکو ئەوەی کە هەیە، تێزەکەی هانینتۆنگ "شەڕی فەرهەنگەکان"، زیاتر جادەکەی بۆ تەخت دەکرێت، ئەوکات کوژانەوەی دوو ئاگر، نەک هەر ئاسان نابێت، بەڵکو رەشەبای توندڕەوی بە ئاقارێکیدا دەبات، هەموان کاڵەک بە ئەژنۆی خۆیان بشکێنن.

## گیراوێکی کورد ژیانی لە مەترسی دایە

**ڕووداو- هەولێر**

زیندانییەکی سیاسیی کوردی خەڵکی جوانڕۆ، کە ماوەی 19 ساڵە لە زیندانی شاری یەزد ڕاگیراوە، تووشی چەندین نەخۆشیی جۆراوجۆر بووە. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، محەمەد مواردی زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری جوانڕۆ، کە لە ماوەی ڕابردوودا نەشتەرگەریی بڕبڕەی پشتی بۆ کرابوو، بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نەشتەرگەری مێشکی بۆ بکرێت. یەکێک لە نزیکانی بنەماڵەی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە بە هەواڵنێری کوردپای "لوو"یەک لە مێشکی محەممەد دایە و بڕیارە لە نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان نەشتەرگەری بۆ بکرێت.



# 98 هاووڵاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گرتووخانەی سلێمانین

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

سەید وەفا، پیاوێکی باڵابەرزی کەمێک لاواز، بەنێو کتێبخانەی زیندانەکەدا هاتوچۆی دەکرد و وادەردەکەوت ئۆقرەی لێبڕابێت، ئەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و بەهۆی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان، لە گرتووخانەی چاکسازیی گەورانی سلێمانی گیرساوەتەوە بۆ ئەوەی ماوەی سزادانە یاساییەکەی تەواو بکات.

سەید وەفا عەودالبوو لەرێگەی (ڕووداو) دەنگی بگاتە کاربەدەستانی کوردستان تاوەکو بڵێ "من دەمەوێت ڕادەستی ئێرانم بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە نزیک خێزانەکەم ماوەی یاسایی سزاکەم تەواو بکەم".

ئەوە تەنیا ڕای سەید وەفا نییە و بەندکراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گرتووخانەی چاکسازیی گەورانی سلێمانی، دەیانەوێت بە بەندکراوی ڕادەستی ئێران بکرێنەوە، سەرجەم ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەو زیندانە بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان سزادراون.

سەید وەفا باس لەوە دەکات بەندکراویان تێدایە ماوەی 12 ساڵە بەندکراوە و دەڵێت لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە جیاوازیان پێدەکرێت "ئێمە گلەییمان هەیە لەسەر ئەوەی کۆمەڵێ ئیمتیازات بۆ بەندکراوانی هەرێمی کوردستان هەیە، ئێمە لێی بێبەشکراوین، وەکو مۆڵەت وەرگرتن بۆ سەردانی بۆ ماڵەوە لە حاڵەتێکدا ماددەکەمان ئەو حاڵەتە دەگرێتەوە کە هەر 3 مانگ جارێک 7 ڕۆژ بچینە دەرەوەی زیندان".

لەکۆی 1095 بەندکراو لە چاکسازیی گەورانی سلێمانی، 114 بەندکراویان هەڵگری ناسنامەی ئێرانین، لەو ژمارەیەش 98 سزادراوانیان کوردن و دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، سەرجەمیشیان بەهۆی بازرگانی کردن بەماددە هۆشبەرەکانەوە سزادراون.

ئارام کوردێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هاوشێوەی سەید وەفا، لەسەر بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان سزادراوە، پێداگیری دەکات لەوەی کە داواکارییەکانیان ڕەوان و مافی ئەوەیان هەیە داوای گواستنەوە بکەن بۆ ئێران. ڕووی دەمی دەکاتە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێ "هەوڵمان بۆ بدەن بۆ گەڕانەوە، سەردانیکردنی کەسوکارمان بووەتە کێشە و گرفتێکی زۆر سەرەکی کە لێی بێبەشین، کەسی وامان هەیە زیاتر لە 8 ساڵە کەسوکاری سەردانیان نەکردووە".

مۆڵەتی چوون بۆ ماڵەوەی زیندانیان، ئەو زیندانیانە دەگرێتەوە یەک لەسەر چواری سزاکەیان تەواوکردووە و، هیچ پێشینەیەکی خراپیان نەبووە لەو ماوەی لەزینداندا بوون، هەر 3 مانگ جارێک 7 ڕۆژ دەچنەوە نێو خێزانەکانیان، بەمەرجی حجزی تاپۆی خانوو لەگەڵ دوو کەفیلی مووچەخۆر و دانانی 20 ملیۆن دیناری عێراقی، بەڵام ئەم مۆڵەتە سزادراوانی سێدارە و کوشتن و کێشەی کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە.

(ڕووداو) پرسیاری کرد لە بەرپرسانی گرتووخانەکە، بۆچی ئەوە زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگرێتەوە. وەڵامەکە ئەوەبوو کە ئەوان لە وڵاتێکی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەژین.

سەرپەرشتیارانی چاکسازیی گەورانی سلێمانی، گەڕانەوەی سزادراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەست دەکەن بە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران.

بەرزان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی، باس لە کێشەی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە لای ئەوان زیندانین و دەڵێ "کێشەکانیان کێشەی ماددەی هۆشبەرە". لەبارەی گەڕانەوەیان بۆ ئێران، ئەوەدەخاتەڕوو کە پەرلەمانی عێراق و ئێران کۆبوونەتەوە، لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی زیندانیان، تاوەکو ڕەوانەی ئێران بکرێنەوە، "بەپێچەوانەشەوە بەندکراوانی عێراقیش لەئێران ڕەوانە بکرێنەوە بۆ عێراق". گوتیشی "ئێمە دۆکۆمێنت و دۆسێی تایبەت بەو زیندانیانەمان بەرزکردووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەوانیش لەکارکردنی بەردەوامدان".

# دیموکراتەکان بۆ یەکگرتنەوە پەنا بۆ بێژەرێک دەبەن

**میلان ئەرگەش**
**ڕووداو- هەولێر**

چالاکڤانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامانی دوو باڵەکەی دیموکرات، بە تایبەتی ئەوانەی بە پەرۆشن بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو باڵە لێکترازاوە، دوایین هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ و پەنا دەبەنەبەر بێژەرێکی دێرینی دەنگی کوردستانی ئێران و پەیامێک بۆ دیموکراتەکان بە دەنگی ئەو بڵاودەکەنەوە.

کەمپەینی یەکی بەفرانبار کە پێکهاتووە لە چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەیەکە دەستی بە چالاکی کردووە. ئەو کەمپەینە پێشتریش چەند چالاکییەکی بەڕێوە بردووە کە دوایینیان هەوڵدانیان بوو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەویش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک بە دەنگی ئەحمەد شێربەگی، بێژەری دێرینی دەنگی کوردستانی ئێران.

چەندین نەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەنا ڕادیۆ تاک شەپۆلییەکانیانەوە دادەنیشتن و گوێیان لە دەنگی شێربەگی دەگرت، ئەوان دەڵێن کاتێک شێربەگی بە دەنگە پڕەکەی دەیگوت "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە" موچڕک بە جەستەیاندا دەهات.

ئەحمەد شێربەگی کە ئێستا لە سویسرا دادەنیشێ، سەبارەت بە خوێندنەوەی بەیاننامەکەی کەمپەینی یەکی بەفرانبار دەڵێت "بەڕاستی نازانم چۆن باسی هەستی خۆم بکەم، ویستی یەکگرتنەوە لە دەروونی منەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوە خواستی من و هەموو لایەنگرانی ئەو حیزبەیە، دۆستان و ئەندامان و لایەنگرانی هەردووباڵی دیموکرات لە هەوڵی ئەوەدان کە بنەماڵەی گەورەی دیموکرات یەکبگرێتەوە، گۆڕانکارییەکان لە ناوچەدا بە خێرایی خەریکە تێدەپەڕێت و ئەگەر یەکگرتوو نەبین ئەوا ناتوانین هەلەکان بقۆزینەوە".

شێربەگی هاوکات لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێران بەهۆی دەنگە بەرز و تایبەتییەکەی دەبێتە ڕێبەری خۆپیشاندەرانی مهاباد لە دژی حکومەتی پاشایەتی. لەساڵی 1979 دەبێتە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات، لە ساڵی 1980 هەر دوای دوو ڕۆژ لە دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەچێتە ڕادیۆ و تا ساڵی 1994 بەردەوام دەبێت.


شێربەگی سەبارەت بەدەست لەکارکێشانەوەی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەڵێت "بەپێی ئەو پێوەرانەی بۆ دەنگ هەبوون، دەنگی من دەنگی چیا بوو، دەنگی بەرخودان و پێشمەرگە و شۆڕش و هاندان و وره بەخشین بوو، بەڵام دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان جێهێشت و بارەگاکانیان بۆ قووڵایی خاکی باشووری کوردستان گواستەوە، ئیدی نەمتوانی لە کۆیە بمێنمەوە و ئەو بارودۆخە لەگەڵ من نەدەسازا".

شێربەگی سەبارەت بە یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان دەڵێت "من لە سەرەتاوە لە دژی جیابوونەوە بووم و پێداگریم لەسەر یەکێتی کردووە، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەیەتی و لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستە یەکبگرینەوە، ئەوەش دەبێتە هەوێنی شۆڕشێکی تۆکمە و سەرەتایەک بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە نێوان هەموو پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان".

ناسر باباخانی ئەندامی کەمپەینی یەکی بەفرانبار سەبارەت بە خوێندنەوەی بەیاننامەکەیان بە دەنگی شێربەگی دەڵێت "بەپێی ئەوەی ئەحمەد شێربەگی دەنگی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لەسەرەتای دابڕانەوە لە هەوڵی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکاندا بووە، دەنگە تایبەتەکەی کارکردێکی نۆستالۆژیکی هەیە لەسەر هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە بڕیارماندا ئەو بەیاننامەکە بخوێنێتەوە".

محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران- حدکا سەبارەت بە ئەحمەد شێربەگی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەحمەد شێربەگی پێشمەرگەیەکی تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبواری ڕێگای ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە، دەنگی ئەو زۆر هەست بزوێن بوو بۆ هەموو پێشمەرگەکان و کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە کاتێکدا دەستبەکار بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک سەرقاڵی سەرکوتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بوو، ئەو توانی گیانبازی پێشمەرگە و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، بە گوێی جیهان و خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی ئێرانی بگەیەنێت".

هەر سەبارەت بە شێربەگی عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێت "دەنگی ئەحمەد شێربەگی لە سەردەمی شاخدا پڕ بوو لە شەهامەت و جوامێری و وره، هەر کاتێک چالاکییەک دەکرا هەموو پێشمەرگەکان چاوەڕێی ئەوە بووین کە ئاخۆ کاک ئەحمەد دەبێ چۆن باسی چالاکییەکە بکات".



ئەحمەد شێربەگی، بێژەری دێرینی دەنگی کوردستانی ئێران





## گەورەترین کانگای زێڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

# ئێران ساڵانە 5 تۆن زێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبات

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کانگا زێڕەکانی ناوچەی هەوشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانە پێنج تۆن زێڕ بەرهەم دێت، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێن گەورەترین کانگای زێڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ئەوان و پێشخستنی ناوچەکەیان لەڕووی ئابوورییەوە نەبووە.

کانگا زێڕەکانی زەڕەشۆران و ئاغەرە لە نزیک شاری تکاب لە ناوچەی هەوشار هەڵکەوتوون. لە کانگا و کارخانەی زێڕی زەڕەشۆراندا ئێستا ساڵانە سێ تۆن زێڕی عەیار 24 و 2 تۆن و 250 کیلۆ زیو و یەک تۆن جیوە بەرهەم دێت.

سەرۆکی دەستەی ڕێکخراوی پەرەپێدانی کانگاکانی ئێران دەڵێت "کانگای زەڕەشۆران بە تەنیا ناتوانێ هەلی کار بۆ خەڵک بڕەخسێنێ، ئێستا لە کارخانەی زەڕەشۆراندا کەمتر لە 300 کەس کار دەکەن".

ئەمیر خالق نژاد، ڕۆژنامەنووس لە تکاب بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر پیشەسازییەکانی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی زێڕ لە ناوچەکەدا دانەمەزرێن، ئەستەمە کاریگەری لەسەر بووژانەوەی ئابووری ئەو ناوچەیە هەبێت".

بەگوتەی ئەو ڕۆژنامەنووسە، تەنیا لە شاری تکاب پێنج هەزار بێکار هەن. پارێزگاری ورمێ کە ماوەیەک پێش ئێستا سەردانی شاری تکابی کردبوو، گوتبووی "16 ساڵ لەمەوبەر سەردانی ئێرەم کردووە، بەڵام ئەم ناوچەیە هیچ نەگۆڕاوە".

عەبدوڵڵا موحەممەدی، بەرنوێژی تکاب، دەڵێت بەهۆی بێکاری زیاتر لە 20 هەزار کەس تکابیان جێهێشتووە.

لە هەردوو کارخانەی زەڕەشۆران و ئاغەرەدا بەگوتەی خالق نژاد، نزیکەی هەزار کەس کار دەکەن، کە ئەمەش وەڵامدەری پێداویستییەکانی ئەو ناوچەیە نییە.

لە هەموو ئێراندا ساڵانە پێنج تۆن و 500 کیلۆ زێڕ بەرهەم دێت، کە پێنج تۆنی لە کانگا و کارخانەکانی ناوچەی هەوشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە کانگای ئاغەرە ساڵانە دوو تۆن زێڕ بەرهەم دێت. بڕیارە کانگا و کارخانەی زەڕەشۆرانیش لە داهاتوویەکی نزیکدا پەرەی پێبدرێ، بەم پێیەش ساڵانە 3 تۆن زێڕ، 2 تۆن و 250 کیلۆ زیو و یەک تۆن جیوە بەرهەمی دەبێت.

بەپێی ڕووپێوییەکان، لە کانگای زڕەشۆراندا 110 تۆن یەدەگی زێڕ هەیە، بەڵام شارەزایان دەڵێن ئەم کانگایە تا 200 تۆنیش یەدەگی زێڕی تێدایە.

ئەگەر بەشەکانی دیکەی کارخانەی زەڕەشۆران بکەونەکار، ئەم کارخانەیە بە تەنیا پێویستی بە هەزار کرێکار دەبێت کە نزیکەی 80%یان خەڵکی ئەو ناوچەیەن. ئەمیر خالق نەژاد دەڵێ "هەر ئێستاش ژمارەیەکی زۆر خەڵک چاوەڕوانی دامەزراندنن، بەڵام بەرپرسانی کارخانە دەڵێن ناتوانن ئەوان دابمەزرێنن".

مانگی ڕابردوو خاوەن کاری کانگای ئاغەرە 350 کرێکاری لە کارەکانیان دەرکرد، سێ لە کرێکارە دەرکراوەکان هەوڵی خۆکوشتنیان دا. دواتریش هەشت کەسی دیکەیان بۆ دادگا بانگ کران. بەگوتەی ئەو کرێکارانە، خاوەن کار هەموو ساڵێک لەگەڵ دەستپێکی سەرما، گرێبەستەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچ گەرەنتیەکیش بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان نییە.



مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران:

# چەند وڵاتێکی ئەوروپی داوای یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات دەکەن


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## پرۆسەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان درێژە پێدەدەین

## یەکگرتنەوە برینی جیابوونەوە سارێژ دەکات

## بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات بە عەمەلی نازانم

**مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەراورد بە جارانی پێشوو کە لەبارەی یەکگرتنەوەی دوو لایەنەکەی دیموکرات پرسیارم لێکردووە، ئەمجارە زۆر گەشبین دیاربوو. ئەو هیوادارە لەسەردەمی سکرتێریی خۆیدا ئەو ناکۆکییە نێوخۆییەی حیزبی دیموکرات کۆتایی بێت و دەشڵێت وڵاتانی ئەوروپاییش داوایان لێکردوون ریزەکانی حیزبی دیموکرات یەکبخەنەوە.**

هەڤپەیڤین: ناسر پیرۆتی
ڕووداو- کۆیە

**ڕووداو: هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنەکەی دیموکرات بەکوێ گەیشتوون؟**

**مستەفا هیجری:** ئێمە پێشنیازمان کردووە بنەما و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی 13ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە دوایین کۆنگرەی پێش جیابوونەوە بوو، راپۆرتی کۆنگرەش کە بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی بەشدار پەسندکرا، بکرێنە بناغەی دەستپێکردنی وتووێژەکانی نێوانمان و ئێستاش لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسە دانوستاندنەکان درێژەیان هەیە و بڕیاریشە لە داهاتوودا دەفتەری سیاسی هەردوو لایەن بە بەشداری سکرتێرەکان کۆببنەوە.

**ڕووداو: لەسەردەمی سکرتێریی ئێوەدا جیابوونەوەکە روویدا، هیوایەکتان هەیە کە هەر لە سەردەمی سکرتێریی خۆتاندا یەکگرتنەوە روویدات؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ ئەو هیوایە هەیە و بێگومان وەک چۆن ئەو دابڕانە خەڵکی بێزار کرد، بۆ منیش وەکو بەرپرسێک لە هەموان زیاتر بەوە ناڕەحەت بووم و یەکگرتنەوەیەک کە لەسەر بنەمای دروست بنیات بنرێ و زەمینەی ئەوە پێکبێنێ کە جیابوونەوەیەکی دیکە بەو فۆرمە نەیەتە ئاراوە، ئارەزووی منە و هەر ئەوە دەتوانێ برینی جیابوونەوە سارێژ بکاتەوە.

**ڕووداو: مەترسی ئەوەتان هەیە کە حکومەتی ئێران کۆسپ بخاتە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوە؟**

**مستەفا هیجری :** کۆماری ئیسلامیی ئێران نەیارێکی بەهێزی ئێمەیە، بۆیە هەمیشە لەدانیشتنەکاندا لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا و هەروەها لە دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەری حیزبی خۆشماندا، جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئێمە تاوەکو دوایین قۆناغی وتووێژەکان کە بە ئەنجامێکی کۆتایی دەگەین، باشتر وایە وردەکارییەکان لە راگەیاندندا باس نەکەین. یەکێک لە هۆکارەکانیش ئەوەیە کە من ئاگادارم کۆماری ئیسلامی زۆر بە جیدی بەدواداچوون دەکات بۆئەوەی بزانێ بابەتی یەکگرتنەوە بەکوێ دەگات. ئەگەر ڕێژیمی ئێران بۆی بکرێ کە بەداخەوە ئیمکاناتیشی زۆرە، هەوڵدەدا کێشە بخاتە نێو پرۆسەی دانوستانەکە. مەبەست لەوەی کە نامانەوێ ئەو شتانە بڵاوبنەوە، ئەوە نییە کە شتی نهێنیمان هەبێ و بمانەوێ لە خەڵکی بشارینەوە. ئێمە لەبەر ویستی خەڵک و بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکدەگرینەوە، بەڵام هاوکات کە خەڵک دۆستمانە و پێی خۆشە یەکگرتوو بین، کۆماری ئیسلامیش نەیاری ئێمەیە و کەڵک لەو باسکردنانە وەردەگرێت.

**ڕووداو: حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەرگرتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئێوە هیچ هەوڵێک دەدەن؟**

**مستەفا هیجری:** هەروەکو لەسەرەتای جیابوونەوەکە بەڕێز مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەوڵیاندا یەکبگرینەوە، کە بەداخەوە جێبەجێ نەبوو، ئێستاش ئەو حیزب و لایەنانەی یەکڕیزیی کوردیان دەوێ، هەمیشە داوایانکردووە و هانمان دەدەن یەکبگرینەوە، بەڵام بۆخۆشمان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ یەکبگرینەوە.

**ڕووداو: خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ماوەیەک لەمەوبەر کە سەردانی ئەمریکای کردبوو، بە (ڕووداو) ی گوت کە حکومەتی واشنتن داوای لێکردوون حیزبی دیموکرات یەکبگرێتەوە، ئەمریکا یان وڵاتانی دیکە داوایەکی بەو شێوەیان لە ئێوەش کردووە؟**

**مستەفا هیجری:** تا ئێستا ئەمریکا داوایەکی لەو شێوەیەی لە نوێنەری ئێمە نەکردووە، بەڵام هەندێک وڵاتی ئەوروپایی کە پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە، ئەو داوایەیان لێکردووین.

**ڕووداو: دوای جیابوونەوە، هەندێک جیاوازی سیاسیش لەنێوان دوو لایەنەکەی دیموکرات بەدی دەکرێ، ئەوە دوای یەکگرتنەوە بۆتان نابێتە کێشە؟**

**مستەفا هیجری:** ئەگەر ڕۆژێک یەکبگرینەوە کە هیوادارم وابێ، لەسەر بابەتە جیاوازەکان قسە دەکەین و لەنێوخۆماندا دەیانخەینە بەرباس و بیروڕایان لەسەر ئاڵوگۆڕ دەکەین. گرینگ ئەوەیە بزانین دوای 35 ساڵ، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەنەکان روون بووەتەوە کە ئەو حکومەتە مافی کورد و نەتەوەکانی دیکەی نە بۆ گرینگە و نە دەیەوێ لەگەڵیان ڕێکبکەوێ. دوای دەستبەکاربوونی حەسەن ڕۆحانیش وەکو سەرۆک کۆمار و سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک بەڵێنیشی دان، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک روویندداوە. ئەوان وەکو نەتەوە بە فەرمی دان بە کورددا نانێن و هیچ نیشانەیەک لەگۆڕێدا نییە بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات لەرێگەیەکی ئاشتیانەوە چارەسەر بێت. تەنانەت ئەو گوتوبێژانەش کە کاک خالید عەزیزی باسی کردوون، دواتر وەزیری ئیتلاعاتی ئێران رایگەیاند کە لەچوارچێوەیەکی ئەمنیدا بوونە.

**ڕووداو: ئێران کە دەیگوت حیزبەکانی دیموکرات و کۆمەڵە هەڵوەشاونەتەوە، هۆی چی بوو باسی دانوستاندنیان لەگەڵ ئەو حیزبانە هێنایەوە گۆڕێ؟**

**مستەفا هیجری:** هۆکاری زۆرن. یەک لەوان ئەوەیە کە دەیانەوێ کێشە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا دروست بکەن. کۆماری ئیسلامی بیری لەوە کردووەتەوە کە ئەگەر لەگەڵ لایەنێک قسە بکات، بەوە کێشە و ناکۆکی دەخاتە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لەلایەکی دیکەشەوە رەنگە ئەوان بیریان لەوە کردبێتەوە کە ئەو جوڵانەوە مەدەنییەی ئێستا پێکهاتووە، بێ کاریگەری بکەن.

**ڕووداو: ئێوە لەبارەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ئێران هیچ ناکۆکییەکتان لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پەیدا بووە؟**

**مستەفا هیجری:** لەگەڵ ئەوەی کە تاوەکو ئێستا چەندین دانیشتنمان لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو هەبووە، بەڵام هیچکات باسی ئەو بابەتەمان نەکردووە کە بۆ وتووێژتان کردووە یان لەوێدا باسی چیتان کردووە.

**ڕووداو: کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشنیازی بە ئێوە و چەند حیزبێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە کە پێکەوە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەستن، بەباشی دەزانن ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ؟**

**مستەفا هیجری:** یەکگرتنی کورد بە پێویست دەزانین بەتایبەت لەسەردەمی ئێستادا. وەکو ئەوکات بۆ کۆنگرەی نەتەوەییش هەوڵی زۆرماندا سەربگرێ، بۆکۆنگرەی خۆرهەڵاتی کوردستانیش ئەو بۆچوونەمان هەیە. بەڵام ویست و ئارەزوو و پێویستی لەگەڵ واقیع جیاوازە کە ئێمە وەکو حیزبێکی سیاسی دەبێ ئەو جیاوازییانە ببینین. گرینگ ئەوەیە بزانین ئەو پرۆژە و بۆچوونانە تاوەکو چەند دەرفەتی جێبەجێکردنیان هەیە و ئێمە چەندمان هەوڵ بۆ داوە. هەروەک بینیمان کۆنگرەی نەتەوەیی بەهۆی ئەوەی کە بەستێنی بۆ نەڕەخسابوو، سەری نەگرت. کۆنگرەی ڕۆژهەڵاتیش هەر بەو جۆرەیە. جیابوونەوەکانی نێو کۆمەڵە و جیابوونەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆسپێک بوونە لەبەردەم نزیکبوونەوەی ئەو حیزبانە و هێشتاش نەمانتوانیوە ئەو کۆسپە هەڵبگرین. ماوەیەک هەوڵماندا بەرەیەک پێکبێنین، بەڵام تێیدا سەرنەکەوتین لەبەر ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە جیابوونەوەکان پێکیانهێناوە. پێموایە پێش باسکردنی کۆنگرەیەکی لەوجۆرە پێویستە ئەو حیزبانەی لێک جیابوونەتەوە هەوڵبدەین ئەگەر یەکیشنەگرنەوە، لانیکەم بکرێ لێکنزیک بنەوە و پێکەوە کار بکەن. ڕاستییەکەی لەباری سیاسییەوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی هێزەکانی کوردی ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی ئێران، کۆنگرەی خۆرهەڵات لە ئێستادا بە شتێکی عەمەلی نازانم.

**ڕووداو: هەست دەکرێ پەیوەندییەکانی ئێوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە؟**

**مستەفا هیجری:** پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پەکەکە پەیوەندییەکی باش بووە و کێشەی تێدا نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کە بەهاری رابردوو لەگەڵ بەڕێز جەمیل بایک لە قەندیل کۆبوومەوە، پەیوەندییەکان گەرموگوڕتر بوونە و تاوەکو ئێستا چەندینجار وەفدی پەکەکە سەردانی ئێمەی کردووە و لەبارەی پرسەکانی ڕۆژ و تایبەت بە کورد ئاڵوگۆڕی بیروڕامان کردووە.

**ڕووداو: لەو دواییانەدا وەفدێکی پەکەکە سەردانی کردوون و باسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەگەڵ کردوون، وەڵامتان چی بوو؟**

**مستەفا هیجری:** لەدوایین دیداردا باسی زیندووکردنەوە و کارکردن بۆ کۆنگرەی نەتەوەییان کرد. ئێمەش لەگەڵ ئەوە هاوڕاین، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە بەستێنی جێبەجێکردنی هەیە یان نا. لە دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەی نەتەوەییش لە سەلاحەدین باسمکرد کە گەورەترین بەڵا و گەورەترین کۆسپ کە دەتوانێ ئەو کۆنگرەیە بێ ئاکام بکات، پرسی هەژموونخوازییە و بەداخەوە دیتمان کە وابوو، تاوەکو ئێستاش هەروایە. تا ئەو کاتەی حیزبێک بیەوێ رێوشوێن بۆ حیزبێکی دیکە دیاری بکا، یان بەشێکی کوردستان بیەوێ رێوشوێن بۆ بەشێکی دیکەی کوردستان دیاری بکات، ئەو جۆرە هەوڵانە سەرناگرن. ئێمە دەمانەوێ کۆنگرەی نەتەوەیی لە خزمەتی نەتەوەی کورددا بێت و هەموو بە مافی یەکسان لەو کۆنگرەدا بەشدار بن و کۆنگرەکە بە یەکسانی ئاوڕ لە هەموو بەشەکانی کوردستان بداتەوە. لە ڕەوشی ئێستای سیاسی کوردستاندا ئەوە نابینم و وەڵامان بۆ پەکەکەش ئەوە بووە و هیوادارین کە ئەو بەستێنە بڕەخسێت. ئەگەر لایەنێک بیەوێ ئەو کۆنگرە پێکبێ و بیخاتە خزمەت ئامانجەکانی خۆی، من دەڵێم سەرکەوتوو نابێ، ئەگەر سەرکەوتووش بێ نابێتە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە کۆنگرەی حیزبێک.

**ڕووداو: دروشمی کۆنگرەی 14 تان کە زیاتر لە شەش ساڵ لەمەوبەر بەسترا، بە جەماوەریکردنی خەبات بوو، توانیوتانە ئەو دروشمە بێننەدی؟**

**مستەفا هیجری:** بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەوشە ئەمنییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە و ئەو گوشارەی کە لەسەر تێکۆشەرانی کورد لەوێ هەیە، تا رادەیەک خەبات بووەتە جەماوەری. ئێستا دەبینین کە چەندین ڕیکخراوی مەدەنی و NGO پێکهاتوون و خەڵک لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی کەڵک وەردەگرێ. هەر لەو ڕۆژانەدا لەهەندێک شار خەڵک بۆ پشتیوانی لەزیندانیانی سیاسی مانگرتووی ورمێ دوکان و بازاڕەکانیان داخست.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ ئێوە پەیوەندییەکی باشتان لەگەڵ چالاکڤانانی مەدەنی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە؟**

**مستەفا هیجری:** لەپێشدا دەبێ پێناسەیەکی چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی بکەین. بە بۆچوونی ئێمە چالاکڤانانی سیاسی کورد لەنێوخۆ ئەو کەسانەن کە لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی خواست و داخوازییەکانی کورد بێننەگۆڕێ و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدەن. ئێمەش پشتیوانییان لێدەکەین و دەمانەوێ بەهێزیان بکەین و پێمانوایە کە تێکۆشانی چالاکڤانانی مەدەنی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات، نەک هەر لەگەڵ حیزبەکان ناتەبا نییە بەڵکو تەواوکەری یەکترین، بەڵام ئەو پشتیوانییە بە ئاشکرا نییە، چونکە دەکەونە ژێرگوشاری ناوەندە ئەمنییەکان. جگە لەوانەش، هەندێک خەڵک بەناوی چالاکی سیاسی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا سەرهەڵدەدەن کە دەیانەوێ ڕواڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بڕازێننەوە و ڕواڵەتی دیموکراتیکی پێبدەن و بۆ قازانج و بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان، پروپاگەندە بۆ ڕێژیم دەکەن کە ئێمە ئەوان بە چالاکڤانی سیاسی نازانین.

**ڕووداو: عەلی یونسی، یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری پێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و ئاینییەکان لەماوەی رابردوودا لەگەڵ ژمارەیەک چالاکڤانی سیاسی کورد کۆبووەتەوە، ئەو دانیشتنانە چ ئاکامێکیان دەبێ؟**

**مستەفا هیجری:** لەوەتای ڕۆحانی هاتووەتە سەرکار و یونسی ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دوو دانیشتن کراوە: یەکیان لەگەڵ ئەو لایەنەی پێی دەڵێن بەرەی یەکگرتووی کورد و یەکێکی دیکەش لەگەڵ ژمارەیەک هەڵکەوتە و چالاکڤانی مەهاباد بووە. ئێستا کە جموجۆڵی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات زەقتر بووەتەوە، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بڵێ کە سەرقاڵی گوتوبێژە بۆ چارەسەری پرسی کورد. لەوانەش گرینگتر ئەوەیە کە ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوەدەچێ و دەیانەوێ بەڵێنەکانیان لەبیر خەڵک ببەنەوە و پێیان بڵێن هێشتا کار لەسەر بەڵێنەکانیان دەکەن و دەیانەوێ خەڵک رابکێشن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان و ئەو دانیشتنانە لەچوارچێوەی بازاڕگەرمی بۆ هەڵبژاردن دەبینم. پێموانییە بەڵێنەکانی ڕۆحانیش جێبەجێ بکرێن، چونکە تاوەکو ئێستا چەندینجار بەڵێن بەخەڵک دراوە لانیکەمی داخوازییەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵام هەمیشە ڕەوشی کورد خراپتر بووە.

**ڕووداو: هیچ پلانێکتان هەیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی ئێران؟**

**مستەفا هیجری:** لە دانیشتنەکانی دوایی دەفتەری سیاسیدا باسمان لەوە کردووە کە بەدواداچوون بۆ ڕەوتی هەڵبژاردنەکە بکەین، بەڵام هێشتا دیار نییە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە دەکەین.

**ڕووداو: پێتان باشە دووبارە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران پێکبێتەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ پێمان باشە لە پەرلەمان یان هەر شوێنێکی دیکە کە دەنگی دەبیسترێ، دەنگی کورد بێتە ئارا و ستەمەکانی سەر کورد باسی لێبکرێت.

**ڕووداو: بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، ئێستا بەرەوپێش دەچێ یان بەرەو پاش؟**

**مستەفا هیجری:** سەرەڕای هەموو زەخت و زۆرێک کە لەسەریەتی، لە هەموو کات زیاتر بەرەو پێش دەچێ و نابێ زۆر ڕواڵەتەکان لەبەر چاو بگیرێن. گرینگ ئەوەیە کە لەژێرەوە خەڵک ئامادەیی هەیە بۆ ناڕەزایی دەربڕین و لە هەموو مەجالێک بۆ ئەو مەبەستە کەڵک وەردەگرێ.

**ڕووداو: دابەزینی بەهای نەوت چ کاریگەری لەسەر داهاتووی ئێران دەبێ؟**

**مستەفا هیجری:** ڕەوشی ئابووریی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێ. ڕێژەی بێکاری زیاتر بەرزبووەتەوە. نرخی نان کە پێداویستی سەرەکی ڕۆژانەی خەڵکە نزیکەی 40 لەسەد بەرزبووەتەوە. ڕاوێژکاری بەرزی ڕێبەر خامنەیی دانی بەوەدا ناوە کە ئابووریی ئێران بە ڕادەیەک خراپە تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیش لەسەری لابچن، هێشتا بەهۆی دابەزینی بەهای نەوت لە دۆخێکی خراپدا دەمێنێتەوە. جگە لەوانەش ئێستا کە بەپێی پلان نرخی نەوت دابەزیوە، کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لەجاران ترسی لێ نیشتووە. ڕێژەی هەناردەی نەوتی ئێرانیش ڕۆژ بە ڕۆژ بەهۆی خراپبوونی چاڵە نەوتییەکان و نەبوونی تەکنیکی سەردەمیانەی بەرهەمهێنانی نەوت، کەمتر دەبێتەوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ئەو بڕە پارەیەی کە لە فرۆشی نەوت دەبێ وەریبگرێ، بەدەستی ناگات و لەجێگەی پارە وڵاتانی وەکو هیند، رووسیە و چین کەلوپەل و کاڵای پێدەدەن. ئەوانەش بوونەتە هۆکارێک بۆ کەمبوونەوەی زیاتری داهاتی ئێران کە بە لەبەرچاوگرتنی تێچووەکانی ئەو ڕێژیمە بەتایبەت ئەو خەرجانەی کە کۆماری ئیسلامی لەچوارچێوەی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی دەیکات، وەکو دابینکردنی تێچووی شەڕی سووریا، پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان و حەماسی فەلەستین و چەندین گرووپی دیکە، فشاری زۆر خراوەتە سەر ئابووریی ئێران.

**ڕووداو: ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی ئەو کێشە ئابوورییانەوە ناڕەزایەتی جەماوەری سەرهەڵبدات؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ ئەو ئەگەرە لەئارادایە. ڕاستە کۆمەڵێک کەس کە لە ترۆپکی دەسەڵاتدان و ئەو وڵاتە بەهەموو شتێکەوە بە هی خۆیان دەزانن و گەندەڵی دەکەن و خەڵک دەکوژن، بەڵام خەڵکی ئێران وەکو خەڵکی کۆریای باکوور نین کە ڕێژیم توانیبێتی لە قاڵبیان بدا. خەڵک ناڕازین و لەگەڵ زیادبوونی ناڕەزاییەکان نابێ پێمان وابێ کە خەڵک هەروا قبوڵی دەکات، پێموایە دەگاتە خاڵێک کە وەختێک ژیانی بۆ نامێنیتەوە، ئامادەیە خۆشی بەکوشت بدات بۆ ئەوەی کە ڕزگاری بێت.

حکومەتی ئێران
بە دانوستاندنی
تاک لایەنە ناکۆکی
دەخاتە نێو حیزبەکانی
ڕۆژهەڵات

ئێران لە
هەوڵدایە کۆسپ
بخاتە بەردەم
یەکگرتنەوەی حیزبی
دیموکرات

## خەزێنەی بانکی ناوەندی عێراق 10 ملیار دۆلار کەمیکردووە



**رووداو- هەولێر**

لە راپۆرتێکدا رێکخراوی نەختی نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندن بۆ ئابووریی عێراق دەکات و چاوەڕواندەکات لە ساڵی 2015 هەڵئاوسان زیادبکات و داهاتی تاکە کەس بە رێژەی 5.0 کەمبکات. راپۆرتەکە دەڵێت "بانکی ناوەندی عێراق توانیویەتی نرخی دۆلار بەرامبەر دینار بپارێزێ، بەڵام بەهۆی جیاوازی لەنێوان گۆڕینەوەی دراو و هاوردەکردنێکی زۆری کەلوپەل و کەمبوونەوەی داهاتی نەوت، خەزێنەی بانکی ناوەندی عێراق لە کۆتایی2013 تاوەکو کۆتایی 2014 لە 77 ملیار دۆلارەوە بووە بە 67 ملیار دۆلاری ئەمریکی. واتە 10 ملیار دۆلار کەمیکردووە".

مارکە جیهانییەکانی جلوبەرگ

# لە تورکیا ساختە دەکرێن و لە کوردستان بە ئۆرجیناڵ دەفرۆشرێنەوە

**رەوا عەبدوڵلا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پێوانەسازی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی نەبوونی کواڵیتی کۆنترۆڵ لەسەر جلوبەرگ و پێڵاو، زۆربەی ئەو پێڵاو و جلوبەرگانەی بەناوی مارکە و براندی جیهانی لە کوردستان دەفرۆشرێن، لە تورکیا ساختە دەکرێن و بەناوی مارکەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن.

### پشکنین تەنیا بۆ ژێرەوەیە

دۆستی رەشید مامەند، بەڕێوەبەری پێوانەسازی لە دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری پشکنینی پێشوەختە بەوەکالەت لە وەزارەتی پلاندانان، باسی کواڵیتی کۆنترۆڵی کاڵای وەک جلوبەرگ و پێڵاو دەکات و دەڵێت "ئێستا تەنیا پشکنین بۆ جلوبەرگی ژێرەوە دەکەین، ئەویش لە رێگەی پێنج کۆمپانیای جیهانی کە حکومەت گرێبەستی لەگەڵ کردوون".

ئاماژەی بۆئەوەش کرد کە بەهۆی نەبوونی کواڵیتی کۆنترۆڵ لەسەر پێڵاو و جلوبەرگ بەگشتی و مارکە و براندەکان بەتایبەتی "زۆربەی ئەو جلوبەرگانەی بەناوی مارکە و براندی جیهانی هاوردەی کوردستان دەکرێن، لە تورکیا ساختە دەکرێن و لەکوردستان بەئۆرجیناڵ و بەنرخی بەرز دەفرۆشرێنە کڕیار".

وەک هەوڵێک بۆ رێگەگرتن لە هێنانی پێڵاو و جلوبەرگی خراپ و ساختەکراو، دەستەی پێوانەسازی لەساڵی 2010دا بڕیاری دا جلوبەرگ و پێڵاویش بە کواڵیتی کۆنترۆڵدا تێپەڕن، بەڵام وەک دۆستی گوتی "فەوزایەکی گەورە دروستبوو، چونکە لەکۆنتێنەرێکی پێڵاو، بازرگانی وا هەبوو 100 جۆر پێڵاوی هاوردە دەکرد، ئەگەر ئەم 100 جۆرە پشکنینیان بۆ بکرایە تێچووەکەی لە نرخی پێڵاوەکە زیاتر دەکەوت، بۆیە بەناچاری پشکنینی کواڵیتی جلوبەرگ و پێڵاومان لە پلان دەرهێنا".

### تەنیاشەشیان جیهانین

بەپێی ئاماری وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان، 27 هێمای بازرگانی بۆ پێڵاو و جلوبەرگ تۆمارکراون، بەڵام تەنیا شەشیان جیهانین، ئەوانی دیکە زۆربەیان تورکی و نێوخۆیین.

بەپێی یاسای هێمای بازرگانی هەموارکراوی ساڵی 1957 کە لە عێراق دەرچووە و لەکوردستان کاری پێدەکرێت، هەرکەسێک هێمایەکی بازرگانی تۆماربکات بۆ ماوەی 10 ساڵ مافی بەکارهێنانی هێماکە و پاراستنی لە ساختەکردن دەپارێزرێت.

ئەرسەلان شێخ ئەحمەد، بەڕێوەبەری هێمای بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەڵێت بازرگانەکانی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی بە تۆمارکردنی هێمای بازرگانی نادەن.

ناوبراو گوتی "تۆمارکردنی مارکە وەک چۆن مافی خاوەنی مارکە دەپارێزێت، بەهەمانشێوەش ئەرک دەخاتە سەر بریکارەکەی کە مارکەکەی بەکواڵیتیەکی بەرز بخاتە بەردەست بەکاربەر، بۆیە بەبڕوای ئێمە بەشێکی هۆکاری تۆمارنەکردنی مارکەکان لەلایەن بازرگانەکانەوە بۆ خۆدزینەوەیە لەم ئەرکە".

### کوردستان بارکۆدی نییە

شارەزایانی بواری بازرگانی بارکۆد بەهۆکارێک دەزانن بۆ پاراستی مافی خاوەن بەرهەم و بەکاربەر لەهەر ساختەکردن و فێڵکردنێک لە نرخ و کواڵێتی.

ئەرسەلان شێخ ئەحمەد، لەباری بارکۆدەوە دەڵێت "بارکۆد وەکو هێمای بازرگانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە بەکاربەر لەڕێگەی شارەزایی لەخوێندنەوەی 13 خانەکەی بارکۆدەوە دەتوانێت لە خانەی 1 و 2 ناوی وڵاتی بەرهەمهێن، لە خانەی 3 و 4 و 5 ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن و لە خانەی 7 و 8 و 9 پێکهاتەی مارکەکە بزانێت، لەخانەکانی دیکەش نرخ و جۆر و کاتی بەرهەمهێنانی بەرهەمەکە بزانێت".

ناوبراو گوتیشی "لەبەر ئەوەی عێراق ئەندام نییە لە کۆمەڵەی بازرگانیی جیهانی، بۆیە خاوەنی بارکۆد نییە، بەڵام لە کوردستان خەریکی دانانی بارکۆدین بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان".

ماکسی مۆڵ یەکێکە لە گۆکا ناسراوەکانی تورکیا، لە عێراق و کوردستانیش 17 لقی هەیە. محەممەد رەشید یەڵدرم کە بەڕێوەبەری یەکێک لە لقەکانی ماکسی مۆڵە لەهەولێر، دەڵێت "لە کوردستان بەهۆی نەبوونی کۆنترۆڵی جۆری لەسەر جلوبەرگ و پێڵاو، هەر کەس بەئارەزووی خۆی مارکەی جیهانی هاوردە دەکات، بێ ئەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی لە کۆمپانیاکە وەرگرتبێت و هەندێ جاریش مارکەکان ساختە دەکەن و بە کڕیاران دەفرۆشنەوە".

بەڵام رەتیکردەوە ئەوان مارکەی ساختەکراو بفرۆشن و گوتی "هەرچەندە لە کوردستان خەڵک زۆرکەم زانیارییان لەسەر کواڵێتی و مارکەکان هەیە و بەئاسانی دەتوانرێت فێڵیان لێبکرێت، بەڵام ئێمە بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆمان، هەرگیز بیر لەکاری ساختەکردن و فێڵکردن لە کڕیار ناکەینەوە".

### مارکەکانیان تەزویر دەکرێ

ئەحمەد سوڵتان، خاوەنی کۆگای سوڵتان بۆ فرۆشتنی جلوبەرگ و پێڵاو دەڵێت، لە کۆگاکەیان جگە لە مارکەی تایبەت بە خۆیان کە سوڵتانە، 35 مارکەی دیکەی وەکو تورکی، ئیتاڵی، ئەڵمانی و ئەمریکییان هەیە.

ئەحمەد سوڵتان گوتی "بۆ هەندێ لە مارکەکان تەنیا گرێبەستی فرۆشتنی مارکەکەمان لەگەڵ کۆمپانیاکان هەیە، هەندێ لە مارکەکانیش بریکاری فرۆشتنمان وەرگرتووە، ئەویش دوای جێبەجێکردنی چەندین مەرجی قورس، بەتایبەتی بۆ مارکە جیهانییەکان".

گوتیشی "ئێمە کاڵاکانمان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی کۆمپانیا جیهانییەکان دەکڕین، بۆیە دڵنیاین لە کواڵێتی و ئۆرجیناڵی مارکەکە، بەڵام ئێستا لەهەولێر ساختەی ئەو مارکانە هەیە کە ئێمە بریکارمان وەرگرتوون، بۆ نموونە کراسی harmond blaine کە مارکەیەکی ئیتاڵییە، ئێمە بە 280 دۆلار دەیفرۆشین، بەڵام لە هەندێک کۆگا ساختەکەی بە 40 دۆلار دەفرۆشرێت".

ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە بەهۆی نەبوونی کواڵێتی کۆنترۆڵ لەسەر جلوبەرگ و پێڵاو، مافی خاوەن مارکە و بەکاربەر پارێزراو نییە. ئەو گوتی "بەدەیان بەڵگەم هەیە لەسەر ساختەکردنی مارکەکان، بۆ نموونە جۆرە پێڵاوێکی ئیتاڵی هەیە خاوەن کۆگایەک لە لوبنان بەنرخی کۆ بە 50 دۆلار ساختەی کردووە، لێرە بەنرخی مارکە ئیتاڵییەکە بە 2 هەزار دۆلار دەیفرۆشێت".

ئەحمەد سوڵتان دەڵێت رێگەیەکی ئاسان هەیە بۆ ئەوەی بزانیت ئەو جلوبەرگەی دەیکڕیت ساختەیە یان نا، بۆ نموونە هەر کۆگایەک لە مارکەیەکی جیهانی تەنیا یەک پارچەی هەبوو، بێگومان ئەوە ساختەیە، چونکە هیچ مارکەیەکی جیهانی تەنیا یەک کاڵات ناداتێ بۆ فرۆشتن.

ئەرسەلان شێخ ئەحمەد، پێیوایە تاکە رێگە بۆ پاراستنی مافی بەکاربەر بەکارخستنی یاسای پاراستنی مافی بەکاربەرە کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، بەڵام یاساکە بەهۆی دانەمەزراندنی ئەنجوومەنێک تاوەکو ئێستا کاری پێنەکراوە.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بەهۆی نەبوونی کارگە

# پێستەی ئاژەڵ لە کوردستان هەرزانفرۆش دەکرێت

**رەوا عەبدوڵلا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵا دەڵێت بەهۆی نەبوونی کارگەی دروستکراوەکانی پێستە، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە سوود لە پێستەی ئاژەڵانی کوردستان وەربگیرێت، هەربۆیە پێستەی کوردستان دوای خۆشکردنی لەلایەن کارگەکانی ناوخۆ، هەرزانفرۆش دەکرێت.

بەپێی ئاماری کوشتارگەکانی کوردستان، لە ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا ملیۆنێک و 390 هەزار و 126 سەر مەڕ و بزن و 338 هەزار و 109 سەر رەشە وڵاخ تەنیا لەکوشتارگەکان سەربڕاون، پێستەی سەرجەم ئەم ئاژەڵانەش بەهۆی نەبوونی کارگەی بەرهەمەکانی پێستە، دوای خۆشکردنیان بە نرخێکی زۆر هەرزان هەنارده کراون.

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت، پێویستە وەکو بەرهەمەکانی گۆشت و شیر سەیری پێستە بکرێت و وەکو سامانێکی نیشتمانی گرنگیی پێبدرێت، بەڵام بەداخەوە تائێستا لەکوردستان بەشێوەیەکی رێکوپێک نەتوانراوە سوود لەم بەرهەمە وەربگیرێت.

ناوبراو گوتی "بەهۆی نەبوونی کارگە، تاوەکو ئێستا بەرهەمی پێستەی ئاژەڵانی کوردستان دوای خۆشکردنی لەلایەن کارگەکانی ناوخۆ، بەپارەیەکی زۆر هەرزان هەناردەی تورکیا و وڵاتانی دیکە دەکرێت، لەوێشەوە دەکرێت بەپێڵاو و جلوبەرگ و جانتا و کاڵای دیکە و بە نرخێکی گران پێمانی دەفرۆشنەوە".

لەشاری هەولێر بێجگە لەکارگەکانی پێستە خۆشکردن، 8 کۆگای پێستە فرۆشتنیش هەن کە خاوەنەکانیان پێستە لە کوشتارگەو قەسابەکانی ئاژەڵ دەکڕنەوە و دوای خۆشکردنێکی سەرەتایی بەکارگەکانی پێستە خۆشکردنی دەفرۆشنەوە، هەندێ جاریش بەقاچاخ بۆ ئێران و تورکیای هەنارده دەکەن.

جیهاد نورەددین شاکر خاوەنی کۆگای پێستە فرۆشتی جیهاد، گوتی کۆگاکانی فرۆشتنی پێستە رۆژانە نزیکەی 2000 پێستەی ئاژەڵی بچوک و 300 پێستەی رەشەوڵاخ لە کوشتارگە و قەسابەکانی هەولێر دەکڕنەوە و دوای خۆشکردنێکی سەرەتایی دەیفرۆشن بە کارگەکانی خۆشکردنی پێستە.

سەبارەت بە نرخەکەشی، جیهاد گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی و هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەندێ ناوچەی کوردستان و عێراق، بازاڕی پێستە لاواز بووە، پێستەی ئاژەڵی بچووک 1500 تا 2000 دینار دەکات و پێستەی رەشەوڵاخیش ئەگەر باش بێت کیلۆی 750 تاوەکو 1000 دینار دەکات".

پێنج ساڵ لەمەوبەر حکومەتی عێراق بە بڕیارێک هەناردەکردنی پێستەی بێ خۆشکردن بۆ وڵاتان قەدەغە کرد، ئەم بڕیارەش بووە هۆکارێک بۆ دامەزراندنی چەندین کارگەی خۆشکردنی پێستە لە عێراق و کوردستاندا.

جیهاد نورەددین دەڵێت "ئەم بڕیارە زیانی زۆری بە پێستەفرۆشان گەیاند، چونکە دوای ئەم بڕیارە پێستەفرۆشان ناچار بوون یان بەهەرزان پێستەکانیان بەکارگەکانی پێستە خۆشکردنی ناوخۆ بفرۆشن، یان هەناردەی ئێرانی بکەن و لەوێشەوە بەرێگەی قاچاخ هەناردەی تورکیای بکەن".

### پێستەی کوردستان خواستی زۆری لەسەرە

لە هەرێمی کوردستاندا 4 کارگەی خۆشکردنی پێستە (2 لە هەولێر و 2 لە دهۆک) هەن، رۆژانە هەریەکەیان دەتوانن 2000 تاوەکو 2500 پێستەی ئاژەڵ بەهەموو جۆرەکانییەوە خۆش بکەن.

حاجی کەمال ئەحمەد سەیدۆ، خاوەنی یەکێک لە کارگەکانی دهۆک، دەڵێت کارگەکەیان رۆژانە 2400 پێستەی مەڕ، 1000 پێستەی بزن و 350 پێستەی رەشەوڵاخ خۆش دەکات و بەرهەمەکەشیان 50%ی بۆ تورکیا و 30%ی بۆ عێراق و 20%یشی هەناردەی ئیتاڵیا، ئیسپانیا و ئەمریکا دەکرێت.

حاجی کەمال ئەحمەد دەڵێت بەرهەمی پێستەی کوشتارگەکانی کوردستان بەشی ئەوان ناکات، بۆیە لە رێگەی بریکارەکانیان لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق پێستەی ئاژەڵ دەکڕنەوە و دوای خۆشکردنی هەناردەی دەکەن، گوتیشی "لەڕووی خۆشکردنی پێستەوە کارگەکانی کوردستان زۆر پێشکەوتووترن لەکارگەکانی عێراق، بۆیە لە دەرەوە زیاتر خواست لەسەر پێستەی کوردستانە نەک عێراق".

بەشێک لەئاژەڵدار و خاوەنی کۆگاکانی فرۆشتنی پێستە گلەییان لەو نرخە هەیە کە کارگەکانی خۆشکردنی پێستە بۆ کڕینەوەی پێستە دیاریان کردووە، پێیانوایە بەهۆی نەبوونی کارگەی پیشەسازی دروستکراوەکانی پێستە و قەدەغەکردنی هەناردەی پێستە بێ خۆشکردن، بازاڕیان قۆرخکردووە.

حاجی کەمال ئەحمەد، ئەمە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "نرخی پێستە پەیوەستە بەنرخی نەوت و زێڕ و بۆرسەی جیهانییەوە هیچ کارگە و کەسێک ناتوانێ قورخی بکات، بۆ نموونە 9 مانگ بەر لەئێستا پێستەی باشمان بە 10 دۆلار لەکۆگاکانی فرۆشتنی پێستە دەکڕی، بەڵام ئێستا بازاڕی پێستە لە جیهاندا شکاوە، بۆیە پێستەی بچووک بە 2 دۆلار و پێستەی رەشەوڵاخیش کیلۆی بە دۆلار و نیوێک دەکڕینەوە".

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لە وڵاتانی ئەورووپی لەسەر پێستەی کوردستان هەیە، هەندێ وەربەرهێنی تورک، دوای وەرگرتنی مۆڵەت هاتوون لە هەرێمی کوردستان کارگەی پێستە خۆشکردنیان دامەزراندووە.

میسباح یەلماز عوسمان، خاوەنی کارگەی تێکستایل بۆ خۆشکردنی پێستە لەهەولێر، دەڵێت کارگەکەیان رۆژانە 3000 پێستەی ئاژەڵ و 500 پێستەی رەشەوڵاخ خۆش دەکەن و بەشی زۆری بەرهەمەکەیان هەناردەی تورکیا دەکەن، لەتورکیاشەوە هەناردەی وڵاتانی رۆمانیا، بولگاریا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، پاکستان، رووسیا و چینی دەکەن. ناوبراو گوتیشی "لەکورستان خواست لەسەر پێڵاوی تورکی زۆرە، بۆیە بیرم لەوە کردووەتەوە کارگەیەکی دروستکردنی پێڵاو دابمەزرێنم".

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ پێیوایە پێویستە حکومەت هانی کەرتی تایبەت بدات، تاوەکو کارگەی دروستکراوی پیشەسازی پێستە دابمەزرێنن، چونکە بەمشێوەیە چیدی پێستەی ئاژەڵ لە کوردستان هەرزانفرۆش ناکرێت.

ناوبراو ئامارەی بەوەدا تەنیا لە ساڵی رابردوودا لەشاری هەولێر مۆڵەتی هەناردەکردنی 8 هەزار تۆن و لە شاری دهۆکیش مۆڵەتی 2200 تۆن پێستەی خۆشکراویان بۆ تورکیا داوە.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ئیسلامییەکان خۆشحاڵن و پارتی و یەکێتی دژی گەڕانەوەین

# کاتی ئازادکردنی مەلا کرێکار نزیکبووەتەوە

بەرپرسێکی یەکگرتوو:
دەبێت وەکو کەسایەتییەک ڕێی گەڕانەوەی پێبدرێ

بەرپرسێکی کۆمەڵ:
خۆشحاڵین بە گەڕانەوەی

بەرپرسێکی یەکێتی:
گەڕانەوەی بە عەقڵیەتی پێشوو ئاسایی نییە

بەرپرسێکی پارتی:
نابێت پێی بخاتەوە خاکی کوردستان

**ڕووداو- سلێمانی**

ئازادکردن و گەڕانەوەی مەلا کرێکار بۆ کوردستان، لە ئێستاوە بووەتە جێی باسوخواسی گەرمی حیزبەکانی کوردستان. یەکێتی دژی گەڕانەوەیەتی بەهەمان عەقڵیەتی پێشوو، پارتیش پێیوایە "نابێ پێ بخاتەوە سەر خاکی کوردستان"، بەڵام هەر سێ لایەنە ئیسلامییەکە خۆشحاڵن بەئازادکردن و گەڕانەوەی.

ماڵپەڕی (دووربین)ی نزیک لە مەلا کرێکار، بڵاوی کردووەتەوە کە ڕۆژی 2015/1/25 مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام ئازاد دەکرێت. خالید ڕەنجدەر، برای مەلا کرێکار نووسیویەتی "لەسەردانی ئەمڕۆماندا بۆ لای مامۆستا کرێکار لەزیندانی شاری کۆنگسڤیگەر، ڕاستەوخۆ لەخۆیەوە ئەوەمان بیست کە بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکە نامەیەکی فەرمییان داوەتێ و لەنامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕۆژی 2015/1/25 ئازاد دەکرێت".

## یەکێتی: بڕیاری دادگا ڕەتناکرێتەوە

ژیانی سیاسی مەلا کرێکار لەکوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا، وا نیشان دەدات کە زۆرترین کێشە و گرفتی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا هەبووە لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان، بەتایبەتیش ئەو کاتەی ئەمیری ئەنسارولئیسلام بوو.

پاش بڕیاری ئازادکردنی لەلایەن دادگای نەرویج، ئەحمەد قەدەفەری، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی 9ی شارەزووری یەکێتی ڕایگەیاند "ئازادکردنەکەی بڕیاری دادگایە و ئێمە هیچمان پێناکرێت، چونکە دیارە سزاکەی تەواو بووە".

بەڵام فازڵ بەشارەتی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی لە هەڵەبجەی شەهید، دەڵێ بۆ ئەوان ئازادکردن و ئازادنەکردنی مەلا کرێکار جیاوازیی نییە "بەڵکو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی داوای یاساییان لەدژی مەلا کرێکار هەیە، بۆ ئەو کارە نامرۆڤانانەی لەناوچەکەدا کردوونی".

## یەکگرتوو: هیوادارین سوودی لە زیندان وەرگرتبێ

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، خۆشحاڵی خۆی و حیزبەکەی بە ئازادکردنی مەلا کرێکار دەردەبڕێت و دەشڵێت "بەپێی یاسای ئەو وڵاتە سزای خۆی وەرگرتووەو هەر بەپێی یاسای ئەو وڵاتەش ئازاد دەکرێت".

عومەر محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی گوتی "هیوادارین لەو ماوەیەدا سوودی لە ئەزموونی زیندان وەرگرتبێ و وەک ئەزموونێکی ژیان سەیری بکات و لەمەودوا بتوانێت باشتر خزمەت بکات".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی گوتیشی "هەڵەکەی ئەوەبوو کە تاڕادەیەکی زۆر بیرکردنەوە و لێدوانەکانی توند بوون، بەتایبەتی ئەو ماوەیەی لەگەڵ ئەنسارلئیسلام بوو، هیوادارین ئەو توانایەی کە مامۆستا هەیەتی لەڕووی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و کاریگەرییەوە، بتوانێت خزمەتی باشتری پێبکات".

## کۆمەڵ: زوڵمی لێکرا

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، خۆشحاڵی خۆیان بەئازادکردنی مەلا کرێکار دەردەبڕن و شێوازی دەستگیرکردنەکەشی بە "زوڵم" ناودەبەن.

ئەنوەر سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەوان خۆشحاڵن بەئازادبوونی مەلا کرێکار "پێمانوایە شێوازی دەستگیرکردنەکەشی بەو شێوەیە زوڵم بوو، ئێستاش خۆشحاڵین بە گەڕانەوەی".

کۆمەڵ ئاماژە بەوەش دەکەن کە ئەگەر لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کورستاندا بگونجێت "ئەوا پێمانخۆشە مەلا کرێکار بگەڕێتەوە و خزمەت بکات".

بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی کە بۆ مەلا کرێکار وەک حیزبی دایک وایە و ساڵانێکی زۆر یەکێک بووە لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە، جەخت دەکاتەوە لەوەی مەلا کرێکار "هاووڵاتییەکی کوردستانە و مافی خۆیەتی لەکوردستان بژی".

عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی داوای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی دەکات لەگەڵ کەسانی وەک مەلا کرێکار. وەرتی دەڵێت "ئەگەر مامۆستا کرێکار بزووتنەوەش نەبێت، کەسایەتییەکی ئیسلامییە و کێشە هەر بووە، پێویستە لاپەڕەیەکی سپی هەڵبدرێتەوە لەگەڵ کەسانی وەک ئەو".

## گەڕانەوەی نادیارە

ساڵی 2004 مەلا کرێکار، لە نەرویج دەستگیرکرا و دوای 6 مانگ ئازادکرا، بەڵام ساڵی 2006 ناوی لەگەڵ ئەنسارولئیسلام کەوتەوە لیستی تیرۆری ئەمریکا و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. هەروەها لە ڕۆژی 23 ئاداری 2012 لەلایەن دادگای ئۆسلۆ بە 5 ساڵ زیندانی سزادرا، ئەوەش بەتۆمەتی هەڕەشەی کوشتن لە ئێرنا ستولبێرگ، سەرۆک وەزیرانی ئێستای نەرویج، دواتریش لە دادگای تەمیز سزاکەی بۆ دوو ساڵ و 10 مانگ کەمکرایەوە.

تاوەکو ئێستا ڕوون نییە، ئاخۆ مەلا کرێکار دوای ئازادکردنی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان یان نا، خالید ڕەنجدەری برای ڕایگەیاندووە کە تاوەکو ئێستا هیچ ئاماژەیەک بە ناردنەوەی مەلا کرێکار لە نەرویج یاخود گەڕانەوەی بۆ کوردستان نەکراوە.

ئەحمەد قەدەفەری پێیوایە "ئەگەر مەلا کرێکار بەو عەقڵیەتەی پێشوو، بەشێوەی توندوتیژی بگەڕێتەوە کوردستان ئاسایی نییە، بەڵام ئەگەر بیەوێت چارەسەری کێشەکان بەگفتوگۆ و دیالۆگ بێت ئەوە ئاساییە".


بەڵام فازل بەشارەتی، زۆر بەتوندی دژی گەڕانەوەی مەلا کرێکارەو دەڵێ هەندێک خەڵک هەن ناتوانن دەستبەرداری توندڕەوی بن "پێشموایە بۆ مەلا کرێکار ئاسان نییە بگەڕێتەوە کوردستان، چونکە هەرێمەکەمان ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت، جگە لەوەش خەڵکی کوردستان خەڵکانی وەک مەلا کرێکار ڕەتدەکەنەوە، چونکە ئەوانە خەڵکانێکن هەمیشە تینون بەخوێن".

ئەو بەرپرسەی پارتی هەروەها دەڵێ "ئێمە ڕامانوایە خەڵکانی وەک مەلا کرێکار پێ نەخەنەوە سەر خاکی کوردستان"، چونکە وەک ئەو دەڵێ "خەڵکی کوردستان بریندار دەستی ئەو جۆرە کەسانەیە، بۆیە ئێستا خەڵکەکەمان پێویستی بەکەسانێکە برینەکانی سارێژ بکات نەک بیکولێنێتەوە، پێموایە ئەو کەسانەش بۆ کولاندنەوەی برین دەگەڕێنەوە نەک سارێژکردن".

هەندێک لە حیزبەکان بەڕوونی هەڵوێستی خۆیان بۆ گەڕانەوەی ڕاناگەیێنن. بزووتنەوەی ئیسلامی لەزاری گوتەبێژەکەیانەوە ڕوونیدەکەنەوە مەلا کرێکار "کەسێکی بێلایەنە و نوێنەرایەتی خۆی و ئەو کەسانە دەکات کە هاوکاری ئەون".

گوتیشی "ئەگەر بگەڕێتەوە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت ئەو گرفتانەی هەیەتی بۆی چارەسەر بکەن".

بەڵام یەکگرتوو وای بەباش دەزانێ لە حاڵەتی گەڕانەوەی مەلا کرێکاردا بۆ کوردستان، لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. عومەر محەممەد بەپێویستی دەزانێ لە رووی یاساییەوە ئەگەر مافی خەڵکی بەسەرەوە بێت و لەڕووی سیاسییشەوە ئەگەر کێشەی لەگەڵ هەر لایەنێکدا هەبێت بۆی چارەسەر بکرێت.



کادیرێکی کۆمەڵی ئیسلامی:

# گۆڤارە فەڕەنسییەکە دەستپێشخەربوو بۆ ئەو ئاژاوەیە

**ڕووداو- سلێمانی**

کادیرێکی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان پێیوایە کە لە ڕووداوی هێرشی هەفتەی ڕابردووی چەکدارە ئیسلامییەکاندا بۆ سەر گۆڤاری (چارلی ئیبدۆ) ستافی گۆڤارەکە "تاوانبارترن"، چونکە وەک ئەو گوتی "ستافی گۆڤارەکە دەستپێشخەربوون لە دروستکردنی ئاژاوەگێڕی". سەرکردەیەکی پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامیش دەڵێت "وڵاتانی ئەورووپا کە لاف و گەزافی دیموکراسی لێدەدەن، هەر ئەو دیموکراسییەی ئەوان ڕێگە بە سووکایەتی پێشەوای موسڵمانان نادات".

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو سێ چەکدار کە دووانیان برابوون، هێرشیان کردە سەر بارەگای گۆڤاری چارلی ئیبدۆ لەناوەڕاستی پاریسی پایتەختی فەرەنسا و 12 کەسیان کوشت کە 9یان ستافی گۆڤارەکە بوون. دوای دوو ڕۆژ لەو هێرشە پۆلیس هەردوو براکەی لە گوندێکی دوورەدەستی فەرەنسا کوشت، هەروەها چەکدارێکی دیکەشی کوشت کە هێرشی کردبووە سەر مارکێتێک.

گۆڤارەکە کە گۆڤارێکی تەنزئامێزە، تاوەکو ئێستا چەندین کاریکاتێری لەسەر کەسایەتییە ئاینییەکانی ئیسلام و جولەکە و مەسیحی بڵاوکردووەتەوە. دواترینیان بڵاوکردنەوەی چەند کاریکارتێرێک بوو لەسەر ئەبوبەکر بەغدادی و خەلافەتەکەی. ئەو هێرشە لەسەرانسەری دنیادا ڕیسوا کرا، بەڵام هەندێک کەس لە کوردستان دەستخۆشییان لە هێرشبەرەکان کرد و ناڕاستەوخۆ پشتگیرییان کردن.

## "شێرە کوڕانی ئیسلام"

یەکێک لە پەیجە ئیسلامییەکان لەسەر تۆڕی فەیسبووک پشتگیری لە هێرشەکە کرد و هێرشبەرانی بە "شێرە کوڕانی ئیسلام" ناوبرد، بەڵام دواتر ئەو بڕگەیەی لە نووسینەکە لابرد. (شێخ ئەحمەد کاکە مەحموود) کە لە ژیاندا نەماوە، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی. ئێستا پەیجێک بەناوی ئەوەوە لەلایەن (عیرفان ئەحمەد)ی کوڕییەوە سەرپەرشتی دەکرێت. عیرفان پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە بوو، بەڵام ئێستا کەسایەتییەکی ئیسلامی سیاسی سەربەخۆیە.

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) هێرشی توندی کردە سەر وڵاتانی ئەورووپا و گوتی "ئەوان پێش هەموو وڵاتان لاف و گەزافی دیموکراسی لێدەدەن، هەر ئەو دیموکراسییەی ئەوانیش ڕێگە بە سووکایەتی نادات بە پێشەوای هەموو موسڵمانان کە ئێستا لەجیهاندا زیاتر لە یەک ملیار شوێنکەوتووی هەیە".

ناوبراو پرسیاری کرد "ئەگەر گۆڤارێکی ئیسلامی سووکایەتی بە پاپایەک بکردایە، چی ڕووی دەدا؟ یان خوانەخواستە وشەیەک بە پێغەمبەر عیسا بگوترایە دەهۆڵیان بۆ لێدەداین و خوێنیان حەڵاڵ دەکردین".

دوای ڕووداوەکەی شاری پاریس، وڵاتانی دنیا بەهەرێمی کوردستانیشەوە نیگەرانییان لە ڕووداوەکە نیشاندا و ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کورد بە دروشمی (هەموومان چارلی ئیبدۆین) ناڕەزایی خۆیان لەو ڕەشەکوژییە دەربڕی.

عیرفان ئەحمەد، دەڵێت "هەق وابوو ڕۆژنامەنووسان لەو کاتەی ئەو گۆڤارە جەنگی دژی پێغەمبەر ڕاگەیاند، ئیدانەی ئەو هەڵمەتە قێزەونەیان بکردایە، بەڵام بۆ ئەو ڕووداوە هەڵوێستی خۆیان دەردەبڕن؟".

عیرفان وەک ئاماژەیەک بۆ پۆستێکی شاعیر و نووسەر حەمە سەعید حەسەن لە فەیسبووک کە نووسیبووی "هەر کەسێک ڕیکلام بۆ پەیامبەری داعش بکات، بلۆکی دەکەم"، داوایکرد حکومەت پێش هەر لایەنێک "دەمی ئەوانە دابخات کە سووکایەتی بە بەهاکانی ئیسلام دەکەن. بە پێغەمبەری ئاشتی گوترا داعش کەچی یەک گۆڤار، یەک ڕۆژنامە، یەک ڕۆژنامەنووس، هەڵوێستی خۆی دەرنەبڕی و هیچیان نەگوت".

## ئەمیر و کادیر هاوڕا نین

بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە لە بایەخی هێرشی ئەو چەکدارانەی کەمکردەوە کاتێک گوتی "لە سەردەمی پێغەمبەریشدا قسە بەخواو پێغەمبەر گوتراوە، بەڵام پێغەمبەر پەنای نەبردووەتە بەر سزادانیان"، کادیرێکی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت "ئەو کاریکاتێرستانە تاوانبارن". بەپێی لۆژیکیش بێت دەبێ تاوانبار سزا بدرێت.

هەر لەدوای ڕووداوەکەی فەرەنسا، عەبدولمەلیک بڵباس، کادیری کۆمەڵی ئیسلامی لە ئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک پۆستێکی لەسەر ڕووداوەکە نووسی، بەڵام دوای ڕۆژێک لایبرد.

عەبدولمەلیک بڵباس، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو جۆرە سووکایەتی و کاریکاتێرانە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا یەکەم و دووەمجار نییە و مێژوویەکی کۆنی هەیە". پێشیوایە ئەوانەی لەپشت ئەو کارانەوەن "زیاتر دەزگا موخابەراتییەکانی ئەو وڵاتانەن".

بڵباس دەرچووی کۆلێژی خوێندنی ئیسلامییە لە زانکۆی تەرابلوس لە مووسڵ، هەڵگری دوو بڕوانامەی دبلۆمیشە لەبواری گوتاربێژی و بانگخوازیدا، جگە لەوەش خاوەنی مۆڵەتی مەلاییەتییە.

ناوبراو، ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو وڵاتانە دەزانن هەندێک لە موسڵمانان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندیی ئیسلام و موسڵمانان دان بەخۆیاندا دەگرن و تەنیا لەچوارچێوەی وشە و پێناخۆشبوونی دڵ وەڵامی ئەم کارە "قێزەونانە" دەدەنەوە و خەڵکیش هەیە بەو شێوازەی فەڕەنسا وەڵام دەداتەوە.

عەبدولمەلیک بڵباس گوتی "بۆیە سەرەتا ئەوەی دەستپێشخەر بوو لەدروستکردنی ئاژاوە تاوانبارترە، تۆ کاتێک سووکایەتی بە بیروباوەڕ و پیرۆزیی یەک ملیار موسڵمان دەکەیت، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەیت کە لەم یەک ملیارە دوو سێ کەس بەلایەنیکەمەوە بەو کارەی تۆ هەڵدەچن، جا ئیسلامی پێ ناشیرین دەبێت یان جوان، ئەوە باسێکی دیکەیە".

ئەو کادیرەی کۆمەڵ دەڵێت، پێشتریش ئەو گۆڤارە چەند جارێک ئاگادار کراوەتەوە کە واز لەم کارانە بهێنێ و جارێکیش سووتێنراوە بەبێ زیانی گیانی، بەڵام هەر وازیان نەهێنا تا ئەوەی لێکەوتەوە".

بە بۆچوونی بڵباس، دەبێت شیکردنەوە بۆ ئەو ڕووداوە بکرێت، بۆیە بە پرسیار و سەرسوڕمانەوە گوتی "ئەوان بۆ هێرشیان نەکردە سەر کۆشکی ئیلیزێ؟ بۆ چوونە سەر ئەو گۆڤارە؟".

عەبدولمەلیک بڵباس، پێشنیاز دەکات بۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە هەموو لایەک بەخۆدا بچنەوە، بەتایبەتیش وڵاتانی ڕۆژئاوا و پیرۆزیی موسڵمانان لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتان و گرووپە توندڕەوەکان تێکەڵ نەکەن و گوتی "پێغەمبەری خودا 1436 ساڵە ڕێنیشاندەری ئێمەیە، داعش چوار مانگە پەیدا بووە، دەکرێت لەڕقی گرووپێکی چەند کەسی تازە پەیدابوو گاڵتە و سووکایەتی بە بیروباوەڕ و ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەی؟".



خەڵک گوڵ و مۆم لەبەردەم بارەگای گۆڤاری چارلی ئیبدۆ لەناوەڕاستی پاریسی پایتەختی فەرەنسا دادەنێن (فۆتۆ: AFP)

## سوهێر ئەلقەیسی سەرسامە بە رووداو


**فەرهاد دۆلەمەری – هەولێر**

سوهێر ئەلقەیسی کە نوێنەری نیازپاکییە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەفتەی رابردوو سەردانی چەند کەمپێکی ئاوارەکانی کرد لە شاری هەولێر. ئەلقەیسی لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند سەرسامە بە کەناڵی رووداو سەیری بەرنامە و بوڵتنی هەواڵەکانی هەواڵەکانی دەکات. سوهێر ئەلقەیسی، بێژەری پێشووی کەناڵی ئەلعەرەبییە و ئێستای MBC زۆر پەسنی کەناڵی رووداوی دا و گوتی "ئەو کارانەی رووداو دەیکات لە ئاستی جیهانین" سوهێر ئەلقەیسی راشیگەیاند ئەو لە زمانی کوردی تێدەگات و هەندێک وشەش دەزانێت، هەر بە زمانی کوردیش گوتی "من سەیری رووداو دەکەم".



(رووداو) لە شاری بەرهەمهێنانی فیلمە هیندییەکان

# ساڵانە لە بۆلیوود 1500 فیلم بەرهەمدێن





**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- مۆمبای**

که دەچیتە شاری مۆمبای، لە زۆربەی بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا، وێنەی ئەمیتاب و چەند ئەکتەرێکی دیکەی هیندی دەبینی. لەوێ هەر لە خۆتەوە وا هەست دەکەیت تۆش لەنێو یەکێک لە فیلمەکاندا ئەکتەری و رۆڵ دەگێڕی، چونکە هەموو شەقام و شوێنێکی ئەو شارە رەنگی سینەمای گرتووە، دەنگی مۆسیقا و گۆرانییەکان و جلوبەرگ و باڵەخانە و بیناکان یەکسەر هۆشت دەبەنە لای فیلمە سینەماییە هیندییەکان.

بۆ چوونە نێو شاری بۆلیوود پێویستت بە رێنیشاندەرێکە، ئەوەی لە نێو شارەکەدا رێنمایی دەکردین راجو سەنگانیا بوو. شاری سینەما لە مۆمبای (بۆلیوود) دەکەوێتە ناوچەی مەننەت لە سەنتەری شارەکە. هەموو کەسێک بۆی نییە لە شاری سینەما بچێتە ژوورەوە، بە تایبەت بۆ خەڵکی غەیرە هیندی، بەڵام ئێمە توانیمان لە رێگەی چەند هاورێیەکی هیندییەوە بچینە نێو شارەکە.

### ئەمیتاب هێشتا پادشای بۆلیوودە

زۆر لە هیندییەکان وەکو راجو سەرسامن بە ئەکتەری دیاری هیندی ئەمیتاب باچان. راجو بەدەم رۆیشتنەوە باسی ئەکتەرە هیندییەکانی بۆ (رووداو) دەکرد و دەیگوت "خۆشەویستترین کەس بۆ من ئەمیتاب باچانە لەنێو ئەکتەرەکاندا، چونکە ئەمیتاب لە هەموو تەمەنێک سەردەمێکی زێڕینی هەبووە و ئێستاکەش بەو تەمەنە رکابەری هەموو ئەکتەرە گەنجەکان دەکات و پادشای بۆلیوودە".

لە پاش ئەمیتاب خێزانی خان دێن (ئەمیر خان، شارۆخ خان و سەلمان خان) کە لەلای هیندییەکان زۆر خۆشەویستن. ئێستا لە سەرانسەری هیندستاندا فیلمەکانی ئەم چوار ئەکتەرە بە پلەی یەکەم دێن، لە رووی زۆرترین داهات و نمایشکردنیان.

هەرکاتێک فیلمێکی خانەکان بکەوێتە سەر پەردەی سینەما، هۆڵی سینەماکان پڕ دەبن و تەنانەت نرخی بلیتی سینەماش بەرز دەبێتەوە.

راجو دەڵێت "کاتێک فیلمە نوێیەکانی ئەمیتاب یان شارۆ خان پەخش دەکرێن، نرخی بلیتێک دەگاتە 1000 روپیە (20 هەزار دینار)، کورسییەکانی دواوەش گرانترن".

گەیشتن بە ئەکتەرەکانی هیندستان زۆر ئەستەمە، تەنانەت بۆ کەسێکی وەکو راجو کە دانیشتووی شاری مۆمبایە. ئەو گوتی "ئەوان زۆر بە خۆشی دەژین و پارەو سەرمایەی باشیان هەیە، زۆرجار یارمەتی هەژارانیش دەدەن، بەڵام سەختە تۆ بتوانی چاوت پێیان بکەوێت، هەموو خەڵکی مۆمبای حەز دەکەن ئەکتەرانی بۆلیوود ببینن و کچانی مۆمبای خەون بەوەوە دەبینن بۆ یەک خولەک چاویان بەو ئەکتەرانە بکەوێت، کەسی وا هەیە ساڵانێکی زۆر لە مۆمبای دەژیت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمیتاب و شارۆخان و سەلمان خانی لە نزیکەوە نەبینیوە".

شاری مۆمبای رووبەرەکەی 344 کیلۆمەتر دووجایە، ژمارەی دانیشتووانی 12 ملیۆن کەسە، لایەکی شارەکە بە ئاو دەورە دراوە. ئەوێ جگە لەوەی وەکو پایتەختی سینەما دەناسرێت لە هەمانکاتدا شارێکی بازرگانیشە.

### مێژووی بۆلیوود

کەبیر خان دەرهێنەری ناوداری سینەمای هیندستان باسی مێژووی سینەمای بۆلیوودی بۆ (رووداو) کرد و گوتی ناسناوی بۆلیوود لە ناوی کۆنی شاری مۆمبایەوە هاتووە کە ئێستاکە ئەم شارە بە گەورەترین سەنتەری بەرهەمهێنانی فیلم دادەنرێت لە هیندستان و سینەمای هیندیش هاوشێوەی هۆلیوود بە بۆلیوود دەناسرێتەوە".

بە قسەی کەبیر، مێژووی پەیدابوونی بۆلیوود دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1913 کە لەو ساڵەدا فیلمی راجا هاریشاندرا لەلایەن دادا ساهیب فالکیی دەرهێنەرەوە دروستکرا. لەوکاتەوە سینەمای بۆلیوود ساڵانە 100 فیلمی بەرهەمدەهێنا.

یەکەم فیلمی هیندی کە لەسەر ئاستی جیهان ناسرا، فیلمێکی دەرهێنەر ئەردشێر ئێرانی بوو لەساڵی 1931. هەر ئەو دەرهێنەرە لەساڵی 1937 یەکەم فیلمی رەنگاورەنگی بە ناوی (کیسان کانیا) دەرهێنا و بۆلیوودی بە تەواوی کردە سەنتەری بەرهەمهێنانی فیلمی هیندی.

### سەردەمی ئەستێرەکانی سینەمای هیندی

کەبیرخان کە شارەزاییەکی تەواوی لە مێژووی سینەمای وڵاتەکەیدا هەیە، باسی سەردەمە زێڕینەکانی ئەکتەرانی بۆلیوود دەکات و دەڵێت سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو بە سەردەمی کاریگەری قورس لە سینەمای هیندی دادەنرێت، چونکە رووداوی جەنگی دووەمی جیهانی کاریگەری راستەوخۆی کردە سەر سینەما و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی هیندی دەستیپێکرد.

کەبیر گوتی تاوەکو ساڵی 1950 بزاڤێکی دیکە لە رەوشی سینەما دەستیپێکرد و لەوساوە فیلمی میلۆدراما رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. سەرکەوتووترین ئەکتەری ئەو سەردەمیش پیاوەکان (دیف ئەناند و دیلیپ کۆمار و راج کاپوور) بوون و لە ئافرەتەکانیش (نێرگس و مینا کۆماری و نۆتان و مادهوبالا).

لە شەستەکاندا ئەکتەری نوێ شوێنپێی خۆیان لە بۆلیوود قایم کرد، بەناوبانگترین ئەکتەری ئەو سەردەم بریتی بوون لە راجیش خەنا و دارمیندرا، کە ئەوەی دووەمیان تاوەکو ئێستاش لە کوردستان بە دارامەندەر ناوی دەهێنرێت.

لە حەفتاکاندا ئەستێرەیەکی دیکە لە ئاسمانی سینەمای هیندی پەیدابوو، کە تاوەکو ئێستاش دەدرەوشێتەوە. ئەویش ئەمیتاب باچانە. کەبیرخان دەڵێت "ئەمیتاب ئەوکات بە گەنجە تووڕەکەی بۆلیوود ناوی دەرکردبوو".

جگە لە ئەمیتاب، وەک کەبیرخان باسی کرد لە حەفتاکاندا ئەستێرەی دیکەش پەیدا بوون، لەوانە میتۆن چیکر بۆرتی کە لە کوردستان بە "دیسکۆ" ناسرا بوو، هەروەها ئەنیل کاپوور.

لە ئەکتەرە ئافرەتەکانیش باو باوی (هیما مالینی، هیلین ریچارد سۆن، جایا باچچان، ریخا) بوو. ئەم ئەکتەرانە پێشەنگی بۆلیوود بوون تاوەکو سەرەتای ساڵی 1980 شوێنی خۆیان لە دڵی جەماوەردا کردبووەوە.

### سەردەمی خانەکان

دەکرێت نەوەتەکان بە سەردەمی خانەکان بناسرێت لە مێژووی سینەمای هیندیدا، چونکە چەند ئەکتەرێک پەیدابوون کە پاشگری ناوەکانیان خان بوو، ئەوانیش (ئەمیر خان، سەلمان خان و شارۆخ خان) بوون. چەند ئەکتەرێکی کچیش ئەستێرەی ئەو سەردەم بوون، ئەوانیش (سردیڤی کاپوور، مادهوری دیکسیت، جوهی چاولا و کاجۆل) بوون.

### ئەکتەر نییە سەما نەزانێت

ئەستەمە سەیری فیلمێکی هیندی بکەیت و دانس و گۆرانی لەگەڵدا نەبێت، بەتایبەتی فیلمە کۆنەکان، بۆیە ئەکتەرەکان جگە لە نواندن دەبووایە خۆیان فێری دانس بکەن.

سەکشەم بهادیا کە مامۆستایەکی فێرکاریی گۆرانی و دانسی بۆلیوودە لە قوتابخانەی هێما بە (رووداو)ی گوت "دانس کۆڵەگەیەکی گرنگی فیلمەکانی بۆلیوودە، دەبێت هەموو ئەکتەرێک دانس بزانێت، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەکتەرەکانمان دەنگیان خۆشبێت و گۆرانی بزانن، چونکە گۆرانییەکانی بۆلیوود هەمووی ریکۆرد کراوەو دەنگی گۆرانیبێژە هەرە دەنگخۆشەکانی هیندستانن و بەشێوەی پلەی باگ لە فیلمەکان لێدەدرێت".

سەکشەم هەروەها گوتی "زۆر ئەکتەرمان هەن جگە لە نواندن و دانس هەوڵیان داوە گۆرانیش بڵێن، لەوانە پادشای بۆلیوود ئەمیتاب باچچان کە لە فیلمەکانیدا (مەهان، تۆفان، سیلسیلا، باغبان، کەبی خوشی کەبی خەم) خۆی گۆرانی گوتووە".

هەروەها شارۆخ خان و ئەمیر خانیش لە فیلمەکانی خۆیاندا گۆرانییان گوتووە، لەوانە شارۆخان لە فیلمی (جۆش و دۆن) و ئەمیر خان لە فیلمی غولام.

دانس تایبەتمەندی خۆی هەیە لە سینەمای هیندستاندا بە شێوازی کلاسیک و نوێ، دانسی تەوافی و بهانگرا دوو شێوە دانسی ناسراون لە بۆلیوود کە تارادەیەک کاریگەری دانسی ئەمریکای لاتین و عەرەبی بەسەرەوەیە.

### شارۆ خان دەوڵەمەندترینیانە

هەرچەندە ئەمیتاب خۆشەویستترین و جەماوەریترین ئەکتەری هیندستانە و نازناوی پادشای بۆلیوودی پێدراوە، بەڵام شارۆ خان سەروەت و سامانی زیاتری هەیە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (THE TIMES OF INDIA) ساڵی رابردوو شارۆخان بە دەوڵەمەندترین ئەکتەری هیندستان دەستنیشانکراوە کە سامانەکەی لەو ساڵەدا گەیشتووەتە 600 ملیۆن دۆلار. لە دوای ئەویش ئەمیتاب باچان دێت کە سەروەتەکەی لەو ساڵەدا گەیشتووەتە 400 ملیۆن دۆلار.

رۆژنامەکە ئاماژەی بە سەروەت و سامانی چەند ئەکتەرێکی دیکەی دیاری هیندی داوە، لەوانەش: سەلمان خان 200 ملیۆن دۆلار، کەبیرخان 180 ملیۆن دۆلار، کەمال حەسەن 100 ملیۆن دۆلار، شاشی کاپوور 80 ملیۆن دۆلار، دارمیندرا 70 ملیۆن دۆلار، ئەکشای کۆمار 65 ملیۆن دۆلار، راجنی کانت 50 ملیۆن دۆلار، سەیف عەلی خان 40 ملیۆن دۆلار، فەردین خان 40 ملیۆن، ئاجای دیڤگان 35 ملیۆن، هرتێک رۆشان و ئەبهشیک باچچان 30 ملیۆن دۆلار و شاهد کاپوور 20 ملیۆن دۆلار.

### ئاشیواریا دەوڵەمەندترین و جوانترینیانە

راپۆرتەکەی رۆژنامە هیندییەکە داهاتی ئەکتەرە کچەکانیشی بڵاوکردووەتەوە، کە ئاشیواریا رای باچچان بە کۆکردنەوەی 35 ملیۆن دۆلار بە پلەی یەکەم هاتووە. دوای ئەویش داهاتی ئەکتەرەکانی دیکە بەو شێوەیە بووە: کاجۆل دیڤگان 16 ملیۆن دۆلار، ڤیدیا بالان 15 ملیۆن دۆلار، بیپاشا باسوو 15 ملیۆن دۆلار، رانی موخرجی 12 ملیۆن دۆلار، ئەنوشکا شارما 8 ملیۆن دۆلار، پریانکا چۆپرا 8 ملیۆن دۆلار و کارینا کاپوور 6 ملیۆن دۆلار.

ناوبانگی ئەکتەرە ئافرەتەکانی بۆلیوود بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە، لەمەشیاندا خێزانەکەی ئەمیتاب هەر لە پلەی یەکەم دێت، چونکە ئاشیواریا رای باچچان کە ژنی ئەبهشیک باچچانی کوڕی ئەمیتابە، بۆ ماوەی 8 ساڵ شاجوانی فیلمە هیندییەکان بووە.

سەنجەی سینغ کە دەرهێنەرە لە بۆلیوود، لەبارەی ئەکتەرە جوانەکانی بۆلیوود دەڵێت "ئێستاکە ئاشیواریا رای، کارینا کاپوور، پریانکا چۆپرا، کاترینا کیف و سۆناکشی سینها جوانترین ئەکتەرەکانی بۆلیوودن و سەرجەم کۆمپانیاکانی هیندستان بە دوای ئەو ئەکتەرە ئافرەتانەوەن بۆ ریکلامکردن بۆ کاڵاکانیان".

### گرفتەکانی بەردەم بۆلیوود

بەپێی شارەزایانی بواری سینەما کێشەکانی بەردەم بۆلیوود لە ئێستادا نەبوونی پلان و بودجەیەکی تایبەتە وەکو پێویست بۆ ئەوەی فیلمی زیاتری پێ دروست بکەن لەلایەن حکومەتی هیندستانەوە، هەرچەندە سینەما وەکو پیشەسازییەکی گەورە سەیر دەکرێت لەو وڵاتەدا، بەڵام بە بودجەیەکی کەمەوە ئەو کارانە دەکرێت.

سەنجەی سینغ، فیلمکار و دەرهێنەر لە بۆلیوود بە (رووداو)ی گوت "زۆربەی فیلمەکانی بۆلیوود بە هاوکاری کۆمپانیاکان دروست دەکرێن و بەشێکی دیکەی کۆمپانیاکانیش دەبنە سپۆنسەر بۆ کارەکە".

لە هیندستان چەند کۆمپانیایەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فیلم هەن وەک (یاش راج فیلم، زە سینەما و سەهارا و هتد) بە تایبەت کۆمپانیای یاش راج فیلم کە تاوەکو ئێستاکە رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردن بە بواری سینەما لە بۆلیوود.

ئەو دەرهێنەرە باسی کێشەیەکی دیکەی بۆلیوودی کرد و گوتی "کاتێک فیلمەکان نمایش دەکرێن زۆرجار فیلمەکە دەدزرێت و کۆپی دەکرێت و لە بازاڕی رەش دەفرۆشرێنەوە، خەڵکی واش هەیە ناچێتە سینەما و بلیت ناکرێت و سیدیەکە دەکرێت و گشت خێزانەکە پێکەوە لە ماڵەوە سەیری فیلمەکە دەکەن و پۆلیسیش تاوەکو ئێستاکە نەیتوانیوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات".

### داهات و بەرهەمی ساڵانەی بۆلیوود

سەرەڕای بوونی گرفتێکی زۆر، بەڵام هێشتا فیلمە هیندییەکان دەتوانن داهاتێکی زۆر کۆبکەنەوە. لە ماوەی ساڵی رابردوودا فیلمی (Dhoom 3) وەکو پڕ داهاترین فیلمی بۆلیوود دەستنیشانکراو بە ماوەی 10 رۆژ لە پەخشکردنی بڕی (61) ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە، بەناوبانگترین ئەکتەرانی ئەم فیلمە ئەمیرخان و ئەبهشیک باچچانی کوڕەکەی ئەمیتاب و کاترینا کیف بوون.

هەروەها فیلمی (kirrish 3) توانی 19 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کۆبکاتەوە کە هرتیک رۆشان، کوڕی راکیش رۆشان پاڵەوانی فیلمەکە بوو.

سەنجەی سینگ لەبارەی داهاتی ساڵانەی فیلمەکانی بۆلیوود گوتی "لە ساڵی 2013 ژمارەی بەرهەمهێنانی فیلم لە بۆلیوود گەیشتە 1500 فیلم. ئاماری فیلمەکانی ساڵی 2014 بڵاونەکراونەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وڵاتێک نەیتوانیوە ژمارەی فیلمەکانی بگەیەنێتە ئاستی فیلمەکانی بۆلیوود تەنانەت هۆلیوودیش".

### خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرناگرن

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر فیلم لە بۆلیوود بەرهەم دێن، بەڵام زۆر بە کەمی خەڵاتی نێودەوڵەتی وەردەگرن. سەنجەی سینگ لەوبارەیەوە دەڵێت "ساڵانە ژمارەیەک فیلمی هیندی بەشداری فێستیڤاڵی کان دەکەن و چەندین فیلمیش خەڵاتی ئۆسکاریان بە دەستهێناوە، بەڵام لە بۆلیوود زیاتر گرنگی بە خەڵاتی نێوخۆیی هیندستان دەدرێت".

ناوبراو گوتیشی "ئەو خەڵاتانەی کە دەدرێن بە فیلمەکانی بۆلیوود، خەڵاتی زی سینەمایە کە بەشێوەیەکی ساڵانە و نمایشێکی مۆدێرن و دانس و سەمای هیندی بە ئامادەبوونی گەورە ئەکتەرانی بۆلیوود و بەرپرسانی ناوخۆی هیندستان و دەرەوە ساز دەکرێت".

جگە لەوەش ساڵانە لە هیندستان فێستیڤاڵێکی سینەمایی بۆ بەخشینی خەڵاتی (DDF) بە باشترین فیلم بەڕێوەدەچێت کە بە خەڵاتی نیشتیمانی هیندی ناسراوە و فێستیڤاڵەکەش بە ئامادەبوونی سەرۆکی هیندستان بەڕێوەدەچێت. هەروەها خەڵاتی (star dust) یەکێکە لە خەڵاتە بەناوبانگەکان بۆ باشترین فیلم و ساڵانەش ئەو خەڵاتە دەبەخشرێت.

سەنجەی سینگ پێیوایە ئاستی فیلمەکانی بۆلیود جیاوازییان نییە لەگەڵ فیلمەکانی هۆڵیوود و دەڵێت "بۆلیوود هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هۆڵیوود نییە، تاوەکو ئێستا چەندین فیلمی ئێمە کاندید بووە بۆ خەڵاتی ئۆسکار و بەدەستیشی هێناوە، ئێمە لەگەڵ هۆلیوود رکابەری یەکدین، من بەلامەوە ئاساییە کە فیلمە هیندییەکان بەشداری ئۆسکار نەکەن، ئەوە هیچ لە پێوەری فیلمەکانی ئێمە کەم ناکاتەوە، چونکە فیلمی بۆلیوود بینەری تایبەتی خۆی هەیە".



شاروخ خان دەوڵەمەندترین و ئیشواریا جوانترین ئەکتەری هیندییە

## نۆرەی چاوپێکەوتنی پەنابەران تاوەکو 2020 گیراوە




**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتی پەنابەرانی عێراق ڕایگەیاند هەزاران مەسیحی و ئێزدی بۆ داوای پەنابەری ڕوویان کردووەتە نووسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تورکیا. ڕۆژ عەزیز کەریم، بەرپرسی یەکێتییەکە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "ژمارەیەکی زۆری مەسیحی و ئێزدییەکانی خەڵکی عێراق بە لێشاو ڕوودەکەنە تورکیا و داواکاری دەدەنە نووسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی وەک پەنابەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا وەربگیرێن". بە گوتەی ناوبراو، نۆرەی چاوپێکەوتن لە نووسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تورکیا تاوەکو ساڵی 2020 گیراوە، بەهۆی زۆری ژمارەی داواکاری بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری.

# ڕەوا عەلی پاشای ڕاپەرانی کوردە لە سوێد



**ڕووداو – ڕادیۆی سوێد**

ڕەوا عەلی، ڕاپەرێکی کوردە لە سوێد. لە گرووپی دوو کەسەی "محەمەد عەلی"دا گۆرانی دەچڕێ. شیعری ڕاپ دەنووسێ، ئاوازی ڕاپ دادەنێ و خۆشەویستی گەنجان و مێرمنداڵانی سویدە، بەتایبەت لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکاندا. ڕەوا لە نێو کوردە ڕاپەرەکانی سوێد بە سوڵتانی ڕاپ ناوی دەرکردووە.

ڕەوا عەلی لە ستۆدیۆی ڕێدلاین دانیشتبوو کە مەکۆ و زێدی بەناوبانگی هونەریی زۆر گۆرانیبێژی هیپ هۆپی سویدییە و لە دوایین وێستگەی میترۆی باشووری ستۆکهۆڵم، نۆرشبۆری، هەڵکەوتووە. ڕۆژانە لە هۆڵێکی گەورەی نیوە تاریک و لە پەناخزاوی پشت فێرگەیەک خەریکی نووسینی تێکست و دانانی ئاوازە بۆ خۆی و ڕاپەرەکانی دیکە.

ڕەوا لە هەموو مانگێکی نۆڤێمبەردا بەشداری کەمپەینێک دەکات بەناوی ڕێد نۆڤێمبەر و لەوێ بەرهەمی تازە تۆمار دەکەن. نۆڤێمبەری ڕابردووش بەرهەمێکی تازەی بڵاوکردەوە.

ڕەوا لە نوێترین بەرهەمیدا باسی قەرەجەکانی سوێد دەکات کە لەلایەن ڕەگەزپەرستانەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و لانەیان لێ تێکدەدرێت، ئەو دەڵێت "بەرهەمەکەم سیاسییە، بۆیە زۆر خەڵک قسەیان لەسەر کرد".

ڕەوا عەلی، 29 ساڵ، تەمەنی 7 ساڵان بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی کوردستانیان جێهێشتووە و لە سوێد نیشتەجێ بوون.

ڕەوا باسی چۆنیەتی ئاشنابوونی خۆی دەکات بە میوزیکی هیپ هۆپ و دەڵێت "کە هاتینە سوێد خێزانێکی کوردمان ناسی، سێ کوڕیان هەبوو بە ناوەکانی ڕۆژگار و نامۆ و ڕێباز، نامۆ لە تەمەنی مندا بوو، ڕۆژگار برا گەورەیان بوو، ستایلی قژ و جلوبەرگی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، دواتر بۆم دەرکەوت گۆرانی بە ستایلی هیپ هۆپ دەڵێت".

ڕەوا ئەوکات تەمەنی 9 ساڵ بووە، بەردەوام سەیری کارەکانی ڕۆژگاری کردووە، تەنانەت سەیری شێوازی قژ دانان و جلپۆشینیشی کردووە، کە چووەتەوەماڵەوە لاسایی ئەوی کردووەتەوە.

لە تەمەنی 13 ساڵیدا ڕەوا دەچێتە ستۆکهۆڵم و لەوێ بەدوای ستۆدیۆدا دەگەڕێت تاوەکو بەرهەمەکانی تۆمار بکات، دوای دۆزینەوەی ستۆدیۆ دوو گۆرانی تۆمار دەکات. یەکێکیان چیرۆکی پەناهەندەیی خۆی بووە، ئەوەی دیکەشیان لەسەر ستۆکهۆڵم بوو.

### گرووپی محەممەد عەلی

ڕەوا عەلی بەدوای هاوەڵی تازەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەکارەکەی بدات، هاوڕێیەک بۆ خۆی پەیدا دەکات بەناوی محەممەد، هەر بۆیەش گروپێکی دوو کەسی دادەمەزرێنن بەناوی "محەممەد عەلی". کە لەناوی یەکەمی محەممەد و ناوی دووەمی ڕەوا (عەلی) پێکهاتووە. ڕەوا و محەممەد 15 ساڵە پێکەوە گۆرانی هیپ هۆپ دەڵێن و تاوەکو ئێستا 6 ئەلبوومیان بەیەکەوە تۆمار کردووە. بەڵام لە ساڵی 2009 زۆرتر ناسران، ئێستاش خەریکی تۆمارکردنی ئەلبوومێکی نوێن.

ئەوان لە سوێد بەناوبانگن، بەڵام خۆیان بە یەکەمی بێ ڕکابەر نازانن و دەڵێن گرووپی لە ئێمە زۆرباشتر هەن و بەردەوام گوێیان لێدەگرن.

مۆسیقای هیپ هۆپ جاری یەکەم لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک بزاوێکی کولتووری لەلایەن لاوانی شاری نیویۆرک و بەتایبەت ڕەشپێستانی ئەمریکا دەستپێکرد، ئەو شێوازی گۆرانی گوتنە دوو کۆڵەکەی سەرەکی هەیە: گۆرانیگوتنی ڕیتمیکی ناسراو بە ڕاپ و دەنگی سازکراو لەلایەن دی جەیەوە، لەگەڵ "سکرەچینگ" کە ئەویش بە دەنگی جووڵە و پاشوپێشکردنی قەوان دروست دەبێ، تێکەڵ دەکرێن. دیارە هەموو ئەوانە لەگەڵ سەمای برێک و گرافیتی یاخود دیوارنووسین ئاوێتە دەبن و ئەم بەرهەمە کولتوورییە دەخولقێنن. ئەم جۆرە مۆسیقایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەوکاتەوە، پاش مۆسیقای کلاسیک، خۆشەویستترین شێوازی موزیک بووە و ئێستاش هەیە.

شیعری گۆرانییەکانی هیپ هۆپ، زۆرتر لەلایەن یەک یان چەند گۆرانیبێژی ڕاپەوە دەنووسرێن کە زۆرتر بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە و کێش و سەروای تایبەت بە خۆیشیان هەیە.

ئەم میوزیکە وەک چەکی خەباتی لاوانی ڕەشپێست لەگەڵ جیاکاری نەژادی و ڕاسیسمی باوی ئەوکات پەیدا بووە و گێڕەرەوەی گرفتەکانی ژیانە لە ناوچە پەراوێزخراوەکاندا، بۆیەش بە مۆسیقای گێتۆش ناوی دەرکردووە.

ئەم موزیکە لەسەر ناوی ڕەشپێستانەوە تۆمارکراوە، بەڵام خەڵکی ئەمریکای لاتین برەوێکی زۆریان پێدا و ئەمڕۆکە ئیدی چ سنوورێک ناناسێ و بووەتە شێوازێکی ڕەخنەگرتن بۆ گشت لاوانی جیهان. لە هەر شوێنێک گەنجانی لێیە و ناڕەزایەتی لە هەژاری و بێکاری و ڕەگەزپەرستی و نایەکسانی هەیە، ئەوا ڕاپیش وەک شێوەیەکی ڕەخنەگرتن هەیە.

ڕەوا باسی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی گۆرانییەکی ڕاپ دەکات و دەڵێت "یەکەمجار میلۆدییەکە دادەنێم کە پێیدەڵێن (بیت)، ئەو میلۆدییە ئیدی هەستێکم دەداتێ، یان دڵخۆشم دەکات یانیش تووڕە، ئینجا دادەنیشم تێکستی گۆرانییەکە دەنووسم".

ڕەوا دوای ئەوەی تێکست و میلۆدییەکە ئامادە دەکات، لەگەڵ هاوڕێیەکەی دادەنیشێت و گۆرانییەکەی بۆ باس دەکات، دوای ڕاوێژکردن دەست دەکات بە تۆمارکردنی گۆرانییەکە. ڕەوا دەڵێت "زۆربەی ئەو گۆرانییانەی تۆماری دەکەم هەر 4- 7 ڕۆژ کاتی دەوێت".

### گەنجانی کورد شەیدای ڕاپن

ڕەوا لە شوباتی 2013 بۆ یەکەمجار سەری لە کوردستان داوەتەوە. ئەو لەبارەی تێڕوانینی گەنجانی کورد لەسەر گۆرانی ڕاپ دەڵێت "ئەوان زۆرتر گوێ لە ئەمریکییەکان دەگرن، بە تایبەتی 50 سەنت، پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیم بینی بەناوی من جیاوازم، بینیم گەنجان ڕاپ دەکەن، زۆر دڵخۆش بووم".

ڕەوا لەو باوەڕەدایە کە ئەو شێوازی گۆرانیگوتنە لە نێو گەنجانی کورد زۆرتر پەرەدەسێنێ "چونکە هیچی تێناچێت، وەکو ستایلەکانی دیکەی بۆ نموونە ڕۆک نییە کە تۆ پێویستت بە گرووپ هەبێت".

ڕەوا دایک و باوکیشی بە هونەرەکەیەوە سەرقاڵ کردووە و لە کلیپی ڕاپێکدا بەناوی "فەمتی لەندەر" کە زۆرترین گوێگری هەبووە لە سوێد دەنگی دایک و باوکی دێت کە دایکی دەڵێت "ئەستەغفیروڵڵا ئەی خوایە گیان ئەو ڕەوایە هیچ لە کورد ناچێت، خوایە گیان یارمەتی بدە".

سەبارەت بە گوتنی ڕاپ بە زمانی کوردی، ڕەوا دەڵێت "دایکم و باوکم زۆر دەمێکە پێمدەڵێن، دەتوانم بیکەم، بەڵام نامەوێت تەنیا بۆ ئەوەی بڵێم بە کوردی ڕاپم گوتووە بیکەم".

تێکستی گۆرانییەکانی ڕەوا و هاوڕێکەی تەنیا بە زمانی سوێدییە، ئەمەش وایکردووە تەنیا لە سوێد گوێگریان هەبێت. ڕەوا دەڵێت بیریان لەوە کردووەتەوە، بەڵام ئێستا دەیەوێت خۆی پرۆدیۆسەری خۆی بێت و هەر لەو چوارچێوەیەدا نامێنێتەوە.

ڕەوا زۆر شەیدای دەنگی ناسر ڕەزازییە، بەڵام ئاگادار نییە کە ناسر لە گۆرانیی مینا خانم مینا، کۆپلەیەکی گۆ ر ا نییە کە ی بەشێوەی هیپ هۆپ گوتووە.


ڕەوا عەلی و محەممەدی هاوڕێی

# چوار کورد "سوپرایزێکی خۆش" پێشکەشی کەنەدییەکان دەکەن

**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- کەنەدا**

پێشانگایەکی هونەریی چوار کوردی نیشتەجێی کەنەدا لە پرسی "شوناس" دەڕوانێت و لەوە دەکۆڵێتەوە کە کوردبوون لە کەنەدا چۆنە. کەنەدییەکانیش کاری ئەو چوار هونەرمەندە وەک "سوپرازێکی خۆش" دەبینن.

نیگارکێش دارا ئارام، فۆتۆگرافەر هەندرێن چالاک، هونەرمەند خەدیجە بەکر و مامۆستای هونەری دانس فەتحی کەراکەجلی کە هەموویان کوردی باشووری کوردستانن و لە کەنەدا دادەنیشن، هەفتەی ڕابردوو کارەکانیان لە گەلەری سیدار ڕیچ لە تۆرۆنتۆ لە پێشانگایەکی یەک هەفتەییدا نمایش کرد.

ئارام کە ڕێکخەری پێشانگاکەش بوو، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو ستایلی ئەکریلیک و ئەنکاوستک لە تابلۆکانیدا بەکاردەهێنێت و ئەو تابلۆیانەی بە تایبەتی بۆ ئەو پێشانگایە نەخشاندووە.

"من ئێکسپرێشنی فەرمی و وتاری سیاسی تێکەڵ دەکەم" ئارام وا دەڵێت. ئەو پێیوایە دەربڕینی ئیستاتیکی گرنگیی زۆری بۆ ئاشتەوایی جیهانی هەیە. ئەو سوود لە فۆتۆگرافی و پەیکەرتاشی وەردەگرێت بۆ ئەوەی بەهرەکانی خۆی نمایش بکات.

نەخشەکانی کە وێنای منداڵی کورد دەکەن لە چوار جێگەدا نمایش کراون و تابلۆکانی ئەوە نیشان دەدەن کە چۆن نەوەی نوێ تەنیا سروشت پارێزگارییان لێدەکات.

"چەند جارێک پێشتر کاری هونەریم تێکەڵ بە سیاسەت کردووە، هەرچەندە کە ئەوە بواری سەرەکی منیش نییە". هەروەها دەڵێت "ئەم پێشانگایەم بۆ ئەوە ڕێکخست تاوەکو لە ڕێگەی هونەری سەردەمەوە هونەردۆستانی کەنەدا لە کەلتور و مێژووی کورد نزیکتر بکەمەوە".

کراکەجلی لە نمایشێکی دانسی پێشانگاکەدا ئاگری بەکارهێنا و دانسەکەی بە ژمارەیەک لە تابلۆکان و هەیکەلێکی پەرستگای ئێزدی تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی کە خەباتی کورد وێنا بکات و هیوای خۆشبەختی بۆ هەرچوار پارچەکەی کوردستان بنێرێت.

"پێموایە باشترین شێوە بۆ نمایشکردنی شوناسی کورد ئەوەیە کە ڕێگە بدەیت دەنگی کوردی ئێزدیی شنگال ببیسترێ و بەرخۆدانی کۆبانی پێشان بدەیت" کاراکجلی وا دەڵێت. ئەو جلێکی بە ڕەنگ و نەخشی تاوس لەبەردا بوو، ئەو باڵندەیەی کە لە ئاینی ئێزدیدا ڕێزی زۆری لێدەگیرێت.

کوردی ئێزدی لە باشووری کوردستان و عێراق زۆرترین چەوساندنەوە و کوشت و بڕیان لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) بینی.

یەکێک لە کارەکانی ئارام لە ناوەڕاستی ژووری سەرەکی گالەرییەکدا نمایشکراوە. ئەو کارەی ئارام هەیکەلێکی بچووکی پەرستگای لالش بوو کە بە چوار پۆستاڵ دەورەگیراوە، لەسەر هەریەک لە پۆستاڵەکانیش وێنەی ئاڵای عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا هەیە، وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشبووە.

بەلای خەدیجە بەکرەوە، شوناس "بریتییە لە مەترسییەکانی وڵات و چەوساندنەوە و شوێنگۆڕکێ و یادەوەری" ئەو تێکستایڵ، دەنگ، ڤیدیۆ، چیرۆک گێڕانەوە، نمایش و هونەری دیجیتاڵی تێکەڵ بەیەک دەکات و کاری هونەری لێ دروست دەکات.

کارەکانی ئەو بینەر تێکەڵ بە هونەرەکەی دەکات و بەشدارییان پێدەکات.

یەکێک لە ڤیدیۆکانی "گۆرانی نیشتیمان" وا لە بینەر دەکات کە ئەزموونی نووسینی نامە بۆ نیشتیمان بکەن. ئەو کارەی لە کاتێکدا دروستکردووە کە دووگیان بووە و هەوڵی ئەوەی دەدا یادەوەرییەکانی نیشتیمانی ڕابردووی لەگەڵ ئەزموونی جێگیربوون لە نیشتیمانێکی تازەدا یەکبخاتەوە و پەناگەیەک بۆ منداڵە هێشتا لەدایک نەبووەکەی مسۆگەر بکات.

هەندرێن چالاک 40 ساڵە کوردستانی بەجێهێشتووە و بە ئەمریکای باکوور و ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەڕاوە و کاری فۆتۆگرافی تێدا کردوون. فۆتۆکانی لە پێشەنگاکەدا سروشت و ژیانی کوردستان نمایش دەکەن. ئەو وێنەی منداڵانی کوردستان لە کاتێکدا کە بەسەر ڕێگای خۆڵیندا ڕادەکەن، پیاو لەکاتی گفتۆگۆدا و هەروەها وێنەی ئامێری مۆسیقی و فەرش دەخاتەڕوو.

شەهریار جەمشیدی، کوردێکی دانیشتووی تۆرۆنتۆ کە ژەنیاری کەمانچەیە، پێشەنگاکەی بە پارچەیەک مۆسیقای خۆی کە بەشێک بوو لە مۆسیقای "فرمێسکەکانی شنگال" کردەوە. جەمشیدی دەیەوێت دەنگی ئێزدییەکانی کوردستان بەمشێوەیە بەرز بکاتەوە.

بینەرانی کەنەدی بە گەرمی پێشوازییان لەگەلەرییەکە کرد و بە "سوپرایزێکی خۆش" وەسفیان کرد.

ئارام دەڵێت "ئەو کەسانەی کە سەردانی پێشەنگاکەیان کرد، ئاشنای کەلتوورێکی نوێ بوون". ئەو دەڵێت "ئەوان پێیانوابوو کە پێشانگاکە کەلتوورێک پێشان دەدات پێشتر ئاشنای نەبوون، سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەوان هێشتا بە بینینی دانس و ڤیدیۆکان و بیستنی مۆسیقاکە دڵخۆش بوون".




ئۆفەرە تایبەتەکانی
مانگی یەک
پاشەکەوت کردن تا 35%
گەشتی داهاتووت تەنها هەنگاوێک لێت دوورە. شوێن بگرە لە31ی جانیوەری2015 بۆ گەشت کردن تا31ی مارسی 2015.
وە سوود وەرگرە لە داشکاندنە تایبەتەکانمان بۆ چەندەها جێی مەبەست لە سەرانسەری جیهاندا.
چاوەڕوانی بەخێرهاتن کردنتانین.
هێشتا نەبوویت بە ئەندامێکی یانە تایبەتەکەمان؟ لە سایتی qmiles.com خۆت تۆمار بکە و دنیایەک لە تایبەتمەندیتی بدۆزەرەوە.
بۆ بەدەست هێنانی تیکت تکایە پەیوەندی بە ئۆفیسی هێڵی ئاسمانی قەتەری یەوە بکە. بریکاری گەشت کردنەکەت
پەیوەندی بکە بە 9696 902 0750 0001 495 0770. یان سەردانی QATARAIRWAYS.COM بکە.
هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی
oneworld
QATAR AIRWAYS القطرية
ڕەوش و مەرجی تریش جێبەجێ دەبێت. تکایە پیاچوونەوە بکە لەکاتی بەدەست هێنانی تیکت


CIHAN CITY
www.cihancity.com
جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەشێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - رێگای کەرکوک - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
نیو ئیسکان پێی نایە قۆناغێکی تازە بەرەو داهاتووەکی گەش و کۆمەڵگایەکی ئارام.
پرۆژەی ئیسکانی نوێ کەوتۆتە بەنرخترین شوێن و ناوەڕاستی سەنتەری شاری هەولێر.
لە یەکەکانی نیو ئیسکان گرنگی دراوە بەهەموو خزمەتگوزارییەکان.
ئێستا ئەو ئۆفەرەتان دەست دەکەوێت بەقیستی مانگانەی 1500 دۆلار ئەم هەلە لە دەست خۆت مەدە چونکە ئەم ئۆفەرە بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە.
$ 1500
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

رووداو
ژنان
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/12

## لە سعودیە ژنێکی کورد خەڵات دەکرێت



**ئەنوەر حەمەغەریب / رووداو- سلێمانی**

دوای ئەوەی بە دەقێکی شیعری، بەشداریی لە فیستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی (سالون)ی کرد لە سعودیە، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، خەڵاتی یەکەمی فیستڤاڵەکەی بەدەستهێنا. ناوبراو کە ئێستا خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشداریکردن لە ڤیستڤاڵێکی دیکەی شیعری لە قاهیرەی پایتەختی میسر، لەبارەی فێستیڤاڵەکەی سعودیەوە گوتی "مەبەستم بوو وەک ژنێکی کورد بەشداریی لەو فێستیڤاڵەدا بکەم و لانیکەم توانای ژنی کورد پیشان بدەم، لەوێ بۆم دەرکەوت کە ئەوان ئاشنا نەبوون بەدەقی ئەدەبی ژنانەی کورد".

# پیاوێک بە شەقەزللە ژنەکەی دەکوژێت



**تەیار عادل گۆران**
**رووداو- بەردەڕەش**

ژن و پیاوێکی دانیشتووی بەردەڕەش دەبێتە دەمەقاڵەیان و بەو هۆیەوە پیاوەکە بەردەبێتە گیانی ژنەکەی و بە شەقەزللە لێیدەدات، لە ئەنجامدا ژنەکە گیان لەدەست دەدات. پۆلیس پیاوەکەی دەستگیرکردووە، ئەویش لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دانی بەوەدا ناوە کە لە ژنەکەی داوە.

40 ساڵ لە ژنەکە گەورەترە

ئەو رووداوە رۆژی 2015/1/8 روویدا، پیاوێکی تەمەن 82 ساڵ بەناوی (م.ع.ه) کە دانیشتووی گەڕەکی خێلەکی قەزای بەردەڕەشە، لەگەڵ ژنەکەی بەناوی سورەیدە عارەب کە 40 ساڵ لە خۆی بچووکترە دەبێتە کێشەیان و پاشان پیاوەکە لە ژنەکەی دەدات و بەو هۆیەوە ژنەکە گیانلەدەست دەدات.

رائیدی مافپەروەر عەفان عەبدولحەمید، ئەفسەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە قەزای بەردەڕەش بە (رووداو)ی راگەیاند "لەکاتی رووداوەکەدا ئەو ژن و پیاوە بە تەنیا لە ماڵەوە بوون، بووەتە شەڕیان، پیاوەکە بە دەست و پێلاقە وەک خۆی لە کاتی لێکۆلینەوە دانی پێدا ناوە لە ژنەکەی داوە، پاشان لە ژوورەوە دایناوە و دوای ماوەیەکی کەم ژنەکە گیانی لەدەستداوە".

رائید عەفان باسی چۆنیەتی ئاشکرابوونی تاوانەکەی کرد و گوتی "ئەو ژن و پیاوە خاوەنی کوڕێکی تەمەن 14 ساڵانن کە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە بانگی دایکی دەکات، وەڵامی ناداتەوە، کاتێک پرسیار لە باوکی دەکات کە دایکی چی بەسەر هاتووە ئینجا لەوە تێدەگات کە باوکی کوشتوویەتی، بۆیە هێرش دەکاتە سەر باوکی و تۆمەتباری دەکات بە کوشتنی دایکی، دەستبەجێ هەواڵەکە بە کەسوکارەکەی رادەگەیەنێت".

### خاوەنی دوو ژنە

هاووڵاتییەکی ئەو گەڕەکەی ئەو ژن و پیاوەی تێدا دەژیت بە (رووداو)ی گوت "ئەو پیاوە دوو ژنی هەیە، لە ژنی یەکەمی هیچ منداڵی نییە، بۆیە دواتر ئەو ژنەی هێنا کە 41 ساڵ لە خۆی بچووکترە، لەو ژنەش تەنیا کوڕێکی تەمەن 14 ساڵانی هەیە کە پۆلی هەشتی بنەڕەتییە". گوتیشی "کاتێک رووداوەکە کوڕەکەیان لە قوتابخانە بووە، بەسەر رووداوەکەدا هاتووەتەوە بینیوویەتی دایکی گیانی لەدەستداوە. پیاوەکەش لەلای پۆلیس دانی بەوەداناوە کە لە ژنەکەی داوە.

رائید عەفان گوتی "راستە پیاوەکە دانی بەوە ناوە کە بەر لە مردنی ژنەکەی، لە ژنەکەی خۆی داوە، بەڵام تاوەکو ئێستاکە ئێمە بۆمان روون نەبووەتەوە کە ئەو ژنە بە دەستی لێدانی پیاوەکەی مردووە یان بە مردنێکی ئاسایی، ئەوە لە دادپزیشکی روونده‌بێتەوە. لاشەی ژنەکەی رەوانەی پزیشکی دادی کراوەو چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکەین.

ناوبراو گوتیشی "ئێمە نازانین کە ئەو ژنە هیچ نەخۆشییەکی هەبووە یان نا، بەڵام مێردەکەی بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە، تاوانەکەش لە بارودۆخێکی ئاسایی بووە".

### حوکمەکەی چییە؟

تاڵب قادر، پارێزەر لەبارەی ماددەکەوە بە (رووداو) گوت تۆمەتبار بەپێی ماددەی 406 دەستگیرکراوە، بەڵام ئەوە لەسەر راپۆرتی پزیشکی و لێکۆڵینەوەو بڕیاری دادوەر دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بە راستی ئەو ژنە بە لێدانی دەستی پیاوەکەی مردبێت، ئەوە دەبێتە کوشتنی نا ئەنقەست، لەو کاتە ماددەکە دەگۆڕێت بۆ 410 و حوکمەکە لە 15 ساڵ زیاتر نابێت و رەنگە دادوەر سزای 4 تاوەکو 5 ساڵی بۆ ببڕێتەوە". ئەو پارێزەرە گوتیشی "بەڵام ئەگەر کوشتنەکە بە ئەنقەست بێت ئەوە ماددەکەی هەروەک خۆی دەمێنێتەوە کە 406 و حوکمەکەشی قورسە".

### "لە رووی دەروونییەوە تەواو نییە"

رائید عەفان باسی رەوشی دەروونی تۆمەتبارەکەی کرد و گوتی "ئەو پیاوە تەمەنی 82 ساڵە و ئەقڵی تەواو نییە و باش گوێی لە قسە نابێت، رەنگە تاوانەکەی سووکتر بێت لەو حاڵەتە".

تەحسین عیسمەت یاسا ناس لەو بارەوە بە (رووداو)ی گوت ئەگەر دەرکەوت ئەو کەسە باری دەروونی تەواو نییە، ئەوە بەپێی ماددەی 47 لە یاسای سزادانی عێراقی بێ تاوان دەردەچێت و دەبێت بخرێتە ژێر چاودێری پزیشکی دەروونی بێت، بەڵام بە مەرجێک کە باری دەروونی بە رێژەیەکی گشتگیر ناتەواو بێت.

### دوو ژنی دیکە کوژراون کەس باسی نەکردووە

بەپێی بەدواداچوونی (رووداو) لەوەتەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە، لە سنووری قەزای بەردەڕەش دوو ژنی دیکە لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژران، بەڵام بەهۆی شەڕی داعشەوە فۆکسی راگەیاندنەکانیان لەسەر نەبووە.

رائید عەفان ئەفسەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەو بارەوە گوتی "راستە راگەیاندن ئاگاداری کوشتنەکە نەبوون، بەڵام ئێمە لە کێشەکانمان کۆڵیوەتەوەو هیچ درێغییەکمان نەکردووە، خەڵکیش لەسەر کوشتنی ئەو دوو ژنە گیراون و دراونەتە دادگا". ناوبراو گوتیشی "ماوەیەک لەمەوبەر کەسێکمان بە تۆمەتی کوشتنی پورەکەی دەستگیرکرد، تاوانبار تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بوو لەلایەن دادگا بە 7 ساڵ زیندانی کرا".

### قوربانیانی توندوتیژی لە بەردەڕەش

ئەو ئەفسەرەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئاماری رووداوەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە سنووری قەزای بەردەڕەش لە ساڵی رابردوو ئاشکرا کرد و گوتی "ساڵی رابردوو 2 ژن بەناوی شەڕەفە کوژران و ژنێکیش خنکێندراوە، هەروەها دوو خۆیان سووتاندووە، 139 ژنیش سکاڵایان تۆمار کردووە کە توندو تیژیان بەرامبەر کراوە".

### هەر گوندێک سکاڵایەکی بەردەکەوێت


ناوبراو پێیوایە ئەو ئامارە زۆر کەمە بە بەراورد بە ژمارەی دانیشتووانی ناوچەکە و گوتی "دەتوانین بڵێین توندوتیژی رووی لە کەمی کردووە، چونکە تەنیا لە سنووری قەزای بەردەڕەش نزیکەی 120 گوند هەیە لەگەڵ 3 ناحیە و سەنتەری قەزای بەردەڕەش بەو پێیە ئەگەر حیساب بکەین بۆ هەر گوندێک حاڵەتێکی سکاڵای توندوتیژی بەردەکەوێت لە ماوەی ساڵێکدا، جگە لە 3 ناحیە و سەنتەری قەزا ئەوەش ژمارەیەکی زۆر کەمە".

سەبارەت بە بەدواداچوونیان بۆ سکاڵاکانی ژنان و چارەسەرکردنیان، ناوبراو گوتی "دەتوانم بڵێم 75%ی ئەوانەی سکاڵایان تۆمارکردووە، کێشەکەیان چارەسەرکراوە".

# ئامارەکانی توندوتیژی لە دهۆک یەکناگرنەوە

## پۆلیسی دهۆک: 68 ژن خۆیان سووتاندووە

## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی: 19 ژن خۆیان سووتاندووە




**رووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک ئاماری رووداوەکانی ساڵی رابردووی لەو پارێزگایە بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکەش رێژەی تاوان لەو پارێزگایە زیادبووە. بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی پارێزگای دهۆک دەڵێت زیادبوونی تاوان بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بووە بۆ پارێزگاکە کە ژمارەیان زۆرتر لە ملیۆنێک ئاوارە دەبێت.

### 33 ژن و پیاو کوژراون

هەفتەی رابردوو پۆلیسی پارێزگای دهۆک لە رێگەی بەڕێوەبەری راگەیاندنەکەیەوە ئاماری ساڵی رابردووی بڵاوکردەوە.

رائید هێمن سلێمان بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە ساڵی رابردوو 33 حاڵەتی کوشتنی ژنان و پیاوان لە پارێزگاکە تۆمار کراون، بەڵام نەیگوت چەندیان ژنن و چەندیشیان پیاون.

کەچی بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ماوەی 11 مانگی ساڵی رابردوودا، سێ ژن لە سنووری پارێزگای دهۆک کوژراون. سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان رایگەیاند کە ئەوان گومانیان لەو ئامارە هەیە و پێدەچێت هەموو ئەو ژنانەی کوژراون، داخڵی ئامارەکە نەکرابن.

دیارترین رووداوی کوشتن لە سنووری پارێزگای دهۆک، کوشتنی ژنێکی تەمەن 15 ساڵان بوو بەناوی دونیا سەلمان لە شارۆچکەی کەلەکچی سەر بەپارێزگای دهۆک.

دونیا بەشێوەیەکی زۆر دڕاندانە رۆژی 2014/5/22 لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا، سەرەتا پۆلیس 10 کەسی لەسەر ئەو تاوانە دەستگیرکرد، دواتریش سلێمان زیاب کە مێردی دونیایە، پەیامێکی ڤیدۆیی بۆ لێژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان نارد و لە پەیامەکەدا گوتی کە لەپێناو بەرگریی لە شەرەفی خۆی دونیای کوشتووە و بەهانەی هێنایەوە بۆ ئەو کارەی کە گوایە کوڕێکی لە ژووری دونیای هاوسەریدا بینیوە.

لە دیارترین رووداوەکانی ساڵی رابردوو لە پارێزگای دهۆک، لە گوندێکی قەزای بەردەڕەش کچ و کوڕێک کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمتر بوون، لەلایەن برای کچەکەوە کوژران. بەپێی قسەی پۆلیسی ناوچەکە، هەر دوای رووداوەکە کەسوکاری کچ و کوڕەکە بە سوڵحی عەشایری کۆتاییان بە کێشەکە هێنا.

ئەو تاوانە لە گوندی بەرگێلی سەر بە شارۆچکەی بەردەڕەش لە کاژێر 11ی شەوی 2014/5/12 روویدا. کچەکە بەناوی (ف.ئـ.م) و کوڕەکە بەناوی (س.م) بە دەستی (م.ئـ.م) کە برای کچەکەیە کوژران. بکوژەکە دواتر خۆی رادەستی پۆلیس کردو بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی رەوانەی زیندان کرا.

نەقیب عەفان عەبدولحەمید، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە بەردەڕەش، ئەوکات بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی ئەو ئیفادەی کە وەرگیراوە، ئەوان ئەو کچ و کوڕەیان لە شەودا پێکەوە بینیوە لەناو خانوویەکی تەواونەکراودا". گوتیشی "پێدەچێت کچ و کوڕەکە پەیوەندییان هەبێت، ئەگەر پەیوەندییان نەبووبێت چۆن لە شەودا بە تەنیا پێکەوە دەبن، بەڵام ئەوەی بینراوە ئەوانە تەنیا پێکەوە بوون، ئەگینا هیچ پەیوەندییەکی ناشەرعی لە نێوانیاندا نەبووە".

هەر بەپێی ئامارەکەی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، ساڵی رابردوو 46 ژن و پیاو بە هەڵە کوژراون. هەروەها 19 پیاو و 12 ئافرەت خۆیان کوشتووە. بەڵام ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەبارەی خۆکوشتنی ژنان لەگەڵ ئامارەکەی پۆلیس یەکناگرێتەوە و بەپێی ئاماری ئەوان لە ماوەی 11 مانگدا تەنیا 8 ژن خۆیان کوشتووە.

هەروەها پۆلیسی پارێزگای دهۆک ئاماری ئەو کەسانەی بڵاوکردەوە کە بەهۆی رووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیان 158 کەسە، بەڵام دیار نییە چەندیان ژنن. هەر لە ساڵی رابردوودا 1116 شەڕ لە سنووری پارێزگای دهۆک کراوە و لەلایەن پۆلیسەوە تۆمار کراوە.

### 68 ژن خۆیان سووتاندووە

بەپێی ئامارەکەی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، ساڵی رابردوو 49 پیاو خۆیان سووتاندووە، 23 لەوانەش گیانیان لەدەستداوە.

هەروەها 68 ژن خۆیان سووتاندووە و 32 لەو ژنانە بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەیان گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکیشیان کەمئەندام بوون.

کەچی بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە 11 مانگی ساڵی رابردوودا لە پارێزگای دهۆک 12 ژن سووتاون و 19 ژنیش خۆیان سووتاندووە.

ئەمەش دەریدەخات کە زۆر لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێن لە پارێزگای دهۆک، تۆمار ناکرێن. چونکە لە ئاماری پۆلیسدا تەنیا ئەو ژنانەی خۆیان سووتاندووە 68 ژن بوون، بەڵام لە ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژناندا بەو ژنانەی خۆیان سووتاندووە و سووتاون ژمارەیان گەیشتووەتە 31 کەس کە ناکاتە نیوەی ئامارەکەی پۆلیس.

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/12

## لە گەرمیان 52 کەس بەهۆی مادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون



**ڕووداو- PNA**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان لە ساڵی ڕابردوودا لە سنوری گەرمیان 52 کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون. نەقیب عوسمان عەبدولکەریم، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی گەرمیان ڕایگەیاند لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی گەرمیانەوە لە سنووری گەرمیان، لە ماوەی ساڵی 2014دا، 52 کەس بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون. گوتیشی 20 تاوانباریان سزادراون، 11 تۆمەتبار ئازادکران. هەروەها 21 کەسی دیکەش لە ژێر لێکۆڵینەوەن و دۆسیەکانیان ڕەوانەی دادگا کراوە.

# 205 کەس لە کوردستان سزای لە سێدارەدانیان لەسەرە

**ڕووداو- سلێمانی**

لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر حوکمدراو بە سزای لە سێدارەدان هەن، بەڵام نە حوکمەکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێ و نە کەمیش دەکرێتەوە بۆ "هەتا هەتایی".

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازییەکان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە دراوەتە (ڕووداو)، ئێستا 205 سزادراو هەن کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام بەهۆی واژوونەکردنی جێبەجێکردنی ئەو سزایە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، ماوەی نۆ ساڵە ئەو سزایە نە جێبەجێ دەکرێت و نە سزاکەش دەگۆڕدرێت بۆ هەتا هەتایی.

### کورد و عەرەبی تێدایە

ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی گوت، لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا 205 سزادراو هەن "سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە بەژن و پیاوەوە، هەندێکیان کوردن و عەرەبی عێراقیشیان تێدایە".

ناوبراو ئاماژە بۆ جێبەجێنەکردنی سزاکە دەکات کە ماوەی 9 ساڵە وەستاوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا "ئێمە 4 ساڵ لەمەوبەر داوامان کرد چارەنووسی ئەو کەسانە یەکلایی بکرێتەوە، ئەوەش بە جێبەجێکردنی سزاکە، یاخود پێداچوونەوەی".

لەساڵانی (2007 و 2012)دا دوو لێبووردنی گشتی بۆ سزادراوان دەرکرا کە بەشێک لە سزادراوانی لە سێدارەدانی گرتەوە و بۆیان کرایە بەندکردنی هەتا هەتایی.

سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، ماوەی چەند ساڵێکە جێبەجێکردنی سزاکە ڕاگیراوە لەبەرئەوەی "هەرێمی کوردستان واژۆی هەڵمەتی جیهانی کردووە بۆ پابەندبوون بەجێبەجێنەکردنی سزاکە، بۆیە ئەو تاوانبارانەی سزاکەیان بەسەردا سەپێنراوە مافی خۆیانە دۆسیەکانیان یەکلایی بکرێنەوە".

سۆران عومەر، ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان بە"کەمتەرخەم" دادەنێ و دەڵێت "کەمتەرخەمی ئەنجوومەنی دادوەرییە کە بڕیارێک دەدات و جێبەجێش ناکرێت، ڕاستە لێبووردنی گشتی بەشێکی چارەسەر کردووە، بەڵام چارەسەرێکی بەردەوام نییە، ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان ڕاگرتووە دەبوو ئەوەش بدۆزنەوە کە ئەگەر جێبەجێ نەکرا، ئاخۆ چارەنووسی ئەو سزادراوە چی دەبێت".

بەپێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، واژۆی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە لە دەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندایە. لە ماددەی 9ی ئەم یاسایە باس لە ئەرک و فەرمانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و لە بڕگەی حەوتەمی ماددەکەدا هاتووە "پەسەندکردنی حوکمی لەسێدارەدان، یان سووککردنی بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی".

### "دەبێت پەرلەمان هەمواری بکاتەوە"

دادوەر ئومێد موحسین حەمەدئەمین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای دەرچوونی سزای لە سێدارەدان بۆ هەر تۆمەتبارێک، لەلایەن دادگاوە پەڕەواکە ڕەوانەی دادگای تەمیزی کوردستان دەکرێت و دوای پەسەندکردنی لەلایەن دادگای تەمیزیشەوە ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت "بەڵام لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە مەرسومی جێبەجێکردنی بۆ دەرناکرێ، لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان پابەند بووە بە جێبەجێنەکردنی ئەو سزایە".



ناوبراو ڕەتیدەکاتەوە کە ئەوان لەڕووی مانەوەی ئەو سزایە بەو شێوەیە کەمتەرخەم بن و دەڵێ "ئێمە کەمتەرخەم نین و تەنیا جێبەجێکاری یاساین، بەڵام کێشەکە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە لە ڕووی یاساییەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆی ناکات و یاساش چارەسەری نەکردووە کە دوای ئەو واژوو نەکردنە، چارەنووسی ئەو سزادراوە چی بەسەردێت".

ئومێد موحسین، بەئەرکی پەرلەمانی کوردستانی دەزانێ هەمواری ئەو یاسایانە بکاتەوە کە سزای لە سێدارەدانیان تێدایە "بۆئەوەی چیدی ئەو تاوانبارانەی ئەو سزایەیان بەسەردا سەپێنراوە چاوەڕێ نەکەن".

هەموو ئەو ڕێکخراوانەی گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدەن و سەردانی چاکسازییەکان دەکەن بۆ بینینی ئەوانەی بە سزای لە سێدارەدان ڕاگیراون، بۆیان دەرکەوتووە ئەو سزادراوانە "لە ڕووی دەروونییەوە زۆر ماندوون".

ئاوات محەممەد، بەڕێوەبەری سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، کە ڕێکخراوی ناحکومین و سەردانی چاکسازییەکان دەکەن، گوتی "دەبینین سزادراوانی لەسێدارەدان لە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزدا ژیان بەسەر دەبەن و لەڕووی دەروونییەوە ماندوون، چونکە هەمیشە چاوەڕێی مەرگ دەکەن و مەرگەکەشیان بۆ نایەت".

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش قسەیان کردووە بۆ ئەوەی ئەو دۆسیە هەروا نەمێنێتەوە "یان ئەوەتا سزاکە جێبەجێ بکرێ، یان بگۆڕدرێ بەسزایەکی دیکە".

### پەرلەمان دەیەوێ بیگۆڕێ

لەخولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، لەلایەن هەردوو فراکسیۆنی کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامییەوە 2 پڕۆژە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون بۆ "لێبووردنی گشتی" کە تەوەرێکی پڕۆژەکان تایبەتە بەهەموارکردنەوەی سزای لە سێدارەدان و گۆڕینی بۆ "هەتا هەتایی"، بەڵام هەتا ئێستا تەنیا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بڕیارە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە هەردوو پڕۆژەکە بکرێنە یەک پڕۆژە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت.

شوکریە شێخانی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە پێشکەشکردنی ئەو پڕۆژەیە گرنگ بووە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو سزادراوانە "پێش خوێندنەوەی دووەم، ئەو دوو پڕۆژەیە دەکرێنە یەک بۆ ئەوەی پەسەند بکرێن".



**ڕائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

## براکان پێکەوە ناگونجێن

ئافرەتێک ڕاپۆرتێکی پزیشکی بەدەستەوە گرتبوو، لەگەڵ کوڕەکانی هاتبوو سکاڵا لەسەر شووبراکەی تۆمار بکات بە تۆمەتی ئەوەی لێیداوە. کاتێک قسەمان لەگەڵ ژنەکە دەکرد، پیاوێک بە هەمانشێوەی ئەو ژنە بە ڕاپۆرتێکی پزیشکییەوە لەگەڵ منداڵەکانی هاتە ژوورێ.

کاتێک گوێمان لەو ژن و پیاوە گرت، ژنەکە گوتی کوڕەکانی بلۆکیان لەبەردەم ماڵی شووبراکەی ڕۆکردووە و بەو هۆیەوە بووەتە کێشەیان. ئەو پیاوە هێرشی کردووەتە سەری و جگە لەوەی جنێوی پێداوە لێشی داوە. بۆ ئەمەش دەیگوت دراوسێکانی شایەتن.

نۆرەی شووبرای ژنەکە هات قسە بکات، ئەویش گوتی براژنەکەم لە کۆڵان تانەمان لێدەدات و قسە بە کوڕ و کچەکانم دەڵێت. کێشەکەشمان لەسەر ئەوەیە کە من و براکەم پێکەوە زەوییەکمان کڕی، ویستمان بیکەین بە دووکان، بەڵام براکەم پەشیمان بووەوە و گوتی من بەشە زەوییەکەی خۆم دەکەمە خانوو، ئێستا من دەمەوێت بەشە زەوییەکەی خۆم بکەمە دووکان، بەڵام برازاکانم ناهێڵن، شەڕەکە لەسەر ئەوەیە نەک ڕۆکردنی بلۆک لەبەردەرگا.

ژنەکە قسەی بە شووبراکەی بڕی و گوتی "من پەیوەندیم بەوەوە نییە ئەوان لەسەر زەوی و خانوو و دووکان کێشەیان هەیە، کێشەی من ئەوەیە کە لێمدراوە و من لە مافی خۆم خۆش نابم". شووبراکەشی گوتی "منیش سکاڵام هەیە کە لێم دراوە".

بۆ ڕوونترکردنەوەی کێشەکە بانگی مێردی ژنەکە کرا، ئەو گوتی "ڕاستی ڕووداوەکە ئەوەیە: کاتی خۆی من و براکەم پێکەوە زەوییەکمان کڕی، سەرەتا بەنیازبووین بیکەینە دووکان، بەڵام ڕێکنەکەوت، دواتر زەوییەکەمان لە نێوان خۆمان دابەشکرد. ئێستا براکەم دەیەوێ زەوییەکەی بکاتە دووکان، بەڵام منداڵەکانی من پێیان ناخۆشە و دەڵێن مامەمان فێڵی لێکردووین".

بەهەردوولا ڕاگەیەنرا ئەگەر سکاڵا تۆمار بکەن، هەردوولا بۆتان هەیە تۆماری بکەن، چونکە هەردووکتان ڕاپۆرتی پزیشکیتان هەیە، بۆیە پێیانگوترا وا چاکترە ڕێگەچارەیەک بۆ خۆیان بدۆزنەوە و ئاشت ببنەوە. بەڵام مێردی ژنە سکاڵاکارەکە دەیگوت بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت براکەی زەوییەکەی بکاتە خانوو، با زەوییەکەی و خانووەکەی بفرۆشێت و لە گەڕەکەکەیان بار بکات، بۆئەوەی خوێن نەڕژێت. براکەشی دەیگوت دەبێت ئەوان لە گەڕەکەکە بار بکەن و زەوییەکە زەوی خۆیەتی و مافی خۆیەتی بیکاتە دووکان.

دوای گفتوگۆیەکی زۆر نەگەیشتنە ڕێککەوتن، بۆیە هەردوولا بڕیاریان دا بگەڕێنەوە لای ڕیشسپیانی بنەماڵەکەیان، ئەوان هەر بڕیارێک بدەن و بە کامیان گوت ماڵەکەی بار بکات دەبێت پابەندی بڕیارەکە بێت.

بۆ هەردوولامان ڕوونکردەوە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ یاسا هەردووکیان دەتوانن سکاڵا لەسەر یەکدی تۆمار بکەن، لەسەر شەڕەکە. هەروەها سەبارەت بە زەوییەکە بۆ دووکان مافی کەسی لەسەر نییە تەنیا خاوەن زەویەکە بەپێی یاسا دەتوانێ بیکاتە خانوو یان دووکان. کێشەکەیان مافی گشتی تێدا نییە و تەنیا مافی کەسییە، بۆیە ئازادن لە دەرەوە چارەسەری بکەن یان لە دادگا، بەڵام دادگا ماف بەپێی یاسا دەدات بە لایەنەکان.

# خۆکوشتنی کچێک دوژمنداری لێدەکەوێتەوە

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕانیە**

شەش مانگ لەمەوبەر کچێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی (ژەنگار.ع.ئا) لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا لە گەڕەکێکی ڕانیە بە چەند گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، ئەوکات کەسوکاری کچەکە بە (ڕووداو)یان گوت بەهۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە خۆی کوشتووە، بەڵام هەفتەی ڕابردوو بەهۆی خۆکوشتنی ئەو کچەوە پیاوێک کوژرا.

ڕۆژی 2015/1/6 پیاوێکی دانیشتووی گوندی تیتۆکەی سەر بە قەزای ڕانیە، کە خێزاندارە و تەمەنی 38 ساڵ بوو، کوژرا.

بەپێی زانیارییەکان لوقمان نەبی ئەحمەد لەلایەن کەسوکاری ئەو کچە قوتابییەوە کوژراوە، یەکێک لەوانەی تەقەی لە لوقمان کردووە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و ئەوانی دیکەش هەڵاتوون.

کەسێکی نزیک لە خێزانی لوقمان، کوشتنی ئەو پیاوەی گەڕاندەوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە 6 مانگ لەمەوبەر ڕوویداوە. ئەو کەسە گوتی "ڕۆژی 2014/6/24 کچێک کە خزمی خۆمانە لە ماڵەکەی خۆیاندا خۆی کوشت، گوایە دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە، بەڵام ئێمە گومانمان هەیە، دەڵێن لە نامەکەدا ناوی (ک)ی هێناوە کە برای لوقمانە، گوایە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کچەکەدا هەبووە. دواتر پۆلیس ئەو کوڕەی دەستگیر کرد".

وەک ئەو کەسە گوتی "کەسوکاری کچەکە ویستیان لەبەردەم دادگا (ک) بکوژن، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت".

ئەو کەسە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ڕەتیکردەوە کە ئەو کوڕ و کچە پەیوەندی سێکسی لە نێوانیاندا هەبووبێت "ئەو پشکنینانەی لە دادپزیشکی بۆ کچەکە دەرچوون، هەموویان پاک بوون".



### دوو جار هەوڵی کوشتنیان داوە

کەسە نزیکەکەی لوقمان کە لە پرسەکەی دانیشتبوو، باسی ئەوەی کرد کە کەسوکاری ژەنگار پێشتریش دوو جار هەوڵی کوشتنی لوقمانیان داوە، جاری سێیەم لە هەوڵەکەیان سەرکەوتوو بوون.

ئەو کەسە گوتی "ئەو ڕۆژە لوقمان چووبووە بازاڕ مریشک بکڕێت. هەر کە گەیشتەوە بەردەرگا بە 5 کەس تەقەیان لێکرد و کوشتیان". گوتیشی "پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام تەقەکەرەکان خۆیان نەدا بەدەستەوە و نزیکەی 20 خولەک شەڕیان کرد و پۆلیسێکیشیان بریندار کرد. بکوژانی لوقمان ڕایانکرد و تەنیا یەکێکیان دەستگیرکرا".

بەپێی قسەی ئەو کەسە، بنەماڵەکەیان تاوەکو ئێستا 5 جار هەوڵیان داوە کێشەی نێوانیان بە سوڵحی عەشایری چارەسەر بکەن، بەڵام کەسوکاری کچەکە ئامادە نەبوون سوڵح بکەن "بەردەوام هەڕەشەیان دەکرد و دەیانگوت ئێمە ئابڕوومان چووە و لە مافی خۆمان خۆش نابین".

خزمەکەی لوقمان گلەیی لە دەسەڵاتی دادوەری و دەزگا ئەمنییەکان هەیە و دەڵێت "یەکێک لە بکوژانی لوقمان پێشتر بەهۆی هەڕەشەکردن لە لوقمان دەستگیرکراوە، بەڵام دواتر ئازادکراوە. بەبڕوای ئێمە پۆلیس و دادگا کەمتەرخەم بوون لەو ڕووداوە".

(ڕووداو) هەوڵی دا پەیوەندی بە چەند کەسێکی بنەماڵەی ئەوانەوە بکات کە بە کوشتنی لوقمان تۆمەتبارن، بەڵام تەلەفۆنی هیچیەک لە ئەندامانی بنەماڵەی تۆمەتبارەکان بەردەست نەبوون.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین سەبارەت بە کوشتنی ئەو پیاوە بە (ڕووداو)ی گوت "کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو خێزان کە خاڵۆزا و پوورزای یەکدین هەبووە، بەهۆی ئەو کێشەیەوە کەسێک بەناوی لوقمان ئەحمەد نەبی کوژراوە".

لەبارەی دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکانیش، گوتی "تەنیا یەکێکیان دەستگیرکراوە، ئەوانی دیکە کە ماوەیەک شەڕیان لەگەڵ پۆلیس کرد، بەرەو شاخ هەڵاتوون، پۆلیسیش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە ڕووداوەکە".



لوقمان نەبی ئەحمەد

دەڵێن پارەکەیان حەرامە

# تاکسییەکانی سۆران مەشروبخۆر ناگوازنەوە

**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو- سۆران**

مەیخۆرانی دەڤەری سۆران گلەیی لە شۆفێری تاکسییەکان دەکەن کە نایانگوازنەوە، شۆفێرانیش دەڵێن ئەوانە کێشەیان بۆ دروستدەکەن، هەندێکیشیان پارەی مەشروبخۆر بە حەرام دەزانن.

لە قەزای سۆران 8 نووسینگە و لە رواندز 2 نووسینگەی تاکسی تەلەفۆنی هەن، بەڵام زۆر لە شۆفێرانی ئەو نووسینگانە ئامادەنین بەهیچ شێوەیەک مەشروبخۆران بگوازنەوە.

سەردار 31 ساڵ، بە تاکسییەک هاتبووە گەڕەکی دیانای کۆن کە زۆربەی دانیشتووانەکەی مەسیحین و چەند دووکانێکی مەیفرۆشی لێیە. خەمی سەردار گەڕانەوەی بوو بۆ نێو سۆران، چونکە ئەو برادەرەکانیشی داوەتکردبوو، دەبووایە بڕێکی زۆر مەشروب لەگەڵ خۆی بباتەوە. سەردار گوتی "شوفێری تاکسییەکان دەزانن ئێمە بۆ کڕینی مەشروب دێینە دیانا، بۆیە ئامادەنین هەڵمانگرن".

سەردار بەسەرهاتێکی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "رۆژێکیان لەدیانا دەستم لە تەکسییەک راگرت. کە دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە دەنگی شووشەکان هات، کاکی شۆفێر کە گوێی لە دەنگی شووشە بوو زانی مەشروبم پێیە، بە توورەییەوە گوتی: هەی مەلعون ئەرێوەڵڵا دەتەوێت رزقم ببڕی.. شەرمەزاری خودام بکەی؟".

کامەران، 26 ساڵ، فەرمانبەر، ماوەی 5 ساڵ دەبێ مەی دەخواتەوە، ئەویش کێشەی هاتوچۆکردنی بە تاکسی هەیە و دەڵێت "چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ نووسینگەکانی تاکسی کردووە، کە پێیاندەڵێم دەچم بۆ دیانا یەکسەر تەلەفۆنەکە دادەخەن، جاری واش هەبووە کاتێ شۆفێرەکە زانیویەتی مەشروب دەکڕم جنێوی پێداوم".

## "دەمانکەنە مەزە"

شۆفێرانی تاکسی، مەیخۆران بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لەکاتی گواستنەوەدا بەردەوام کێشەیان بۆ دروستدەکەن.

محەممەد عەبدوڵڵا، شۆفێری تاکسی، پێشتر هاتوچۆی بە چەند مەشروبخۆرێک کردووە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات ئەوەی مەشروبخۆرە سواری ئۆتۆمبێلەکەی نەکات. ئەو دەڵێت "هەر ئەوەندە شەرمیان شکا، ئیدی دەتکەن بە مەزە و چییان پێ خۆش بێ دەیکەن و نابێ هیچ قسەیەکیشیان لەگەڵ بکەی، نەکا جەویان تێکبچێت و زۆرجاریش بەوە تۆمەتباریان دەکردم گوایە دزیم لێکردوون".

## زللەی مەیخۆرێک

زللەی مەیخۆرێک بۆ هەتا هەتایە وا لەشۆفێرێک دەکات، دوورو نزیک توخنی مەیخۆران نەکەوێتەوە، ئەو شۆفێرە کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەسەرهاتی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "رۆژێک 3 گەنجی مەشروبخۆرم لە هاوینەهەواری جوندیان هەڵگرت و دوو لەوان دەیانویست لەپێشەوە دابنیشن، منیش پێمگوتن کاکە جێگا لە پشتەوە زۆرەو یەکێکتان بڕۆنە پشتەوە، کەچی یەکێک لەگەنجەکان بە توورەبوونەوە گوتی کاکە جەومان سافەو لێمان تێکمەدە، منیش گوتم ئەگەر دەچیە پشتەوە بڕۆ ئەگەر نا وەرنە خوارەوە. دوای ماوەیەک یەکێک لەو دوو گەنجانەی کە لەپشتەوە دانیشتبوون تا هێزی تێدا بوو زەللەیەکی لێدام، پاشانیش گاڵتەیان پێدەکردم و دەیانگوت وەرمانگرت و ماوەیەکی دیکە لەگەڵ خۆمان دەیبەین بۆ مەشروبخواردنەوە".

## "پارەکەی حەرامە"

ئاژانسی تاکسی تەلەفۆنی لە سۆران، یەکەمین نووسینگە بوو کە 10 ساڵ بەر لە ئێستا لە سۆران کرایەوە. دەشتی نەهرۆ خاوەنی نووسینگەی تاکسی تەلەفۆنی لە سۆران باس لەدوو هۆکار دەکات کە شۆفێرەکانیان ناخوازن مەشروبخۆرەکان هەڵبگرن "زۆر لە مەشروبخۆرەکان لەکاتی گواستنەوەدا جنێو بە شۆفێرەکانمان دەدەن، یان کرێ نادەن. جگە لەوەش لە رووی ئاینییەوە رێگەپێدراو نییە مەشروبخۆر هەڵبگریت، چونکە بەپێی قسەی مەلاکان ئەو پارەیە حەرامە کە لە مەشروبخۆر وەردەگیرێت".

سالار جەبار شێخۆ خاوەنی نووسینگەی تاکسی تەلەفۆنیی پاشای گەورە لە رواندز، پشت بە قسەی مەلاکان دەبەستێ و پارەی مەیخۆران بە حەرام دەزانێ "یەک دیناری مەشروبخۆر هەموو پارەکانی ئێمە پیس دەکات، پرسی مەلامان کردووە دەڵێت پارەکەیان حەرامە".

## دەبێ مەشروبخۆرانیش بگوازنەوە

عەلی عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گواستنەوەی سۆران کە سەرپەرشتی هەر 3 قەزای سۆران و رواندز و مێرگەسۆر دەکات، بە (رووداو)ی گوت "هەموو ئەو شۆفێرانەی لای ئێمە کارتی کارکردنیان پێدراوە بۆ گواستنەوەی هاووڵاتیان، پێویستە لەسەریان هەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی بگوازنەوە".

سەبارەت بە هەڵسوکەوتی شوفێرانی تاکسی تەلەفۆنی بەرامبەر مەیخۆران، ناوبراو گوتی "لەیاسای هیچ وڵاتێکدا نەهاتووە کە مەیخۆر نابێ هاتوچۆی پێبکرێت، ئەوان بیانوویان ئەوەیە کە پارەی مەشروبخۆرەکان حەرامە، بەڵام ئەوە بیانوو نییە".

گوتیشی "لەسەر ئەمە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە، ئەگەر سکاڵا هەبوو بەدڵنیاییەوە بەدواچوونی بۆ دەکەین و بە شوفێرەکان دەڵێین ئێوە بە چ حەقێک هاتوچۆیان پێناکەن؟".


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# "زانکۆ کادیرێکی ئەوتۆ بۆ بازاڕ پێناگەیەنێت"

**رووداو- سلێمانی**

ئەو پرسیارەی هەر دەرچوویەکی زانکۆ لەدوا قۆناغی خوێندنیدا بیری لێدەکاتەوە، ئەوەیە کە ئاخۆ دوای تەواوبوونی خوێندن، حکومەت دایدەمەزرێنێ یان بێ ئیش دەمێنێتەوە. هەربۆیە ئەوەی قوتابی بیری لێدەکاتەوە دامەزراندنە نەک ئەوەی کام بەشەی زانکۆ تەواو دەکات.

مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی دەڵێت، لە بەرهەمی ئێستای زانکۆکان تەنیا (پزیشکی، پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەتی) بازاڕیان گەرمە. تەنانەت وەک ئەو دەڵێت "بەپێی قەبارەی دانیشتووان و کارەکانمان، ئەندازیاری زیادەشمان هەیە".

بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی بەپێویستی دەزانێ دوو ساڵ جارێک توێژینەوەی نوێ بکرێت تاوەکو بزانرێ چ پیشەیەکی نوێ لە بازاڕدا هاتووەتە ئاراوە بۆ ئەوەی کادیری بۆ ئامادە بکرێ "ئێستا هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن کە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی گرنگی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیارییە، بۆیە دەبێت بۆ ساڵانی داهاتوو کادیر بۆ ئەو بوارانە ئامادە بکرێن، یاخود بۆ ئێستا کادیری تەکنەلۆژیای مۆبایل زۆر گرنگە".

## بڕوانامە و پێویستی دوورن لەیەکەوە

13 ساڵ لەمەوبەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری رێکخراوی (یونسکۆ) توێژینەوەیەکی لەبارەی پەیوەندی زانکۆ و بازاڕ بەنێوی (گونجاندنی دەرچووان لەگەڵ بازاڕ) کرد. مەحموود عوسمان دەڵێ کارە مەیدانییەکانی ئەو توێژینەوەیە لەو ساڵەدا دەریخستووە بوارەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی) زۆر لاوازن "هەرچەندە ئێمە وڵاتێکی کشتوکاڵین و بەهەزاران جوتیارمان هەیە، بەڵام 1%ی جوتیارانمان دەرچووی کشتوکاڵ نەبوون، فیتەرەکان 1%یان دەرچووی پیشەسازی نەبوون، لە 18 هەزار شوێنکاری بازرگانی، خاوەنی هیچیان دەرچووی کارگێڕی و بازرگانی نەبوون".

## زانکۆ کادیر بۆ بازاڕ پێناگەیەنێ

لە وڵاتانی پیشەسازی و پێشکەوتوودا، زانکۆ و پەیمانگاکان مەڵبەندی سەرەکی بەرهەمهێنانی پێویستییەکانی بازاڕ و کۆمەڵگەن و هێزی زانستی بۆ پەیدا دەکەن. د.سەلاحەدین سەعید، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، قسەکانی مەحموود عوسمان پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ، زانکۆ کادیرێکی ئەوتۆ بۆ بازاڕ پێناگەیەنێت، بەڵکو بەشێکی ئەرکەکەی بۆ دروستکردنی مەعریفەیە "چونکە خەڵکێکیش هەیە بۆ حەز و فێربوون دەخوێنن".

هەروەها د.حەکیم عوسمان، راگری کۆلێجی تەکنیکی و کارگێڕیی کار لەزانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی لەوبارەیەوە دەڵێ "سیستەمی خوێندنی کوردستان لەدوای بازاڕەوەیە، هۆکارەکەشی لایەنە زانستییەکەیە، چونکە زۆرجار کە دەمانەوێت بابەتێک بخەینە سیستەمی خوێندنەوە، دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە تاوەکو بزانرێت دروستە یان نا، بۆیە هەتا ئەوە تەواو دەکەین دەکەوینە دوای بازاڕەوە".

## زانکۆکانیش کێشەی خۆیان هەیە

رەخنە لە زانکۆکانیش دەگیرێ کە ناتوانن کادیری پسپۆڕ بۆ بازاڕ پێبگەیەنن، بەڵام ئەوانیش باس لەکێشە و گرفتەکانیان دەکەن. سەرۆکی زانکۆی سلێمانی پێیوایە کوردستان بۆ ئایندە بەرەو وڵاتێکی پیشەسازی هەنگاو دەنێت، بۆیە پێیانباشە بەشی (ئەندازیاریی کیمیایی یاخود تەکنەلۆژیای ئامێرە پێشکەوتووەکان) بکەنەوە، بەڵام لەو رووەوە کادیری پێویستیان نییە و گوتی "کردنەوەی هەر بەشێکی نوێ پێویستی بە پسپۆڕی زانستی هەیە کە ئێمە ئەوەمان نییە".

د.حەکیم عوسمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هۆکاری نەبوونی کادیری پسپۆڕ بۆ بازاڕ، پەیوەندی بە ناوەندیی وەرگرتنەوە هەیە کە هەندێکجار خوێندکار بەخواستی خۆی لەو بەشەی حەزی لێدەکات وەرناگیرێت "جگە لەوەش رەوانەکردنی خوێندکاری زۆر بۆ هەندێک بەشی زانستی و کەمیی هۆڵی وانەگوتنەوە و کەمیی یاخود کۆنیی پێداویستییەکان، لەبەرامبەریشدا بازاڕ هەمیشە پێداویستی تازەی بۆ دێت".

لەچەند ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی (تواناسازی) راگەیاند بۆ ئەوەی خوێندکاران بتوانن بۆ خوێندنی باڵا روو لە زانکۆکانی دەرەوە بکەن، بەڵام ئێستا بەرنامەی تواناسازی راگرتووە و تەنیا ئەو خوێندکارانە دەڕۆن کە پێشتر ناویان دەرچووە، هەندێک لەو خوێندکارانەش توانییان سەرکەوتوو بن لەو بەرنامەیە و هەندێکیشیان شکستیان هێنا.

سەرۆکی زانکۆی سلێمانی دەڵێت بۆ کردنەوەی بەشی نوێی زانستی هەوڵیانداوە بۆ خولەکانی داهاتووی ئەو بەرنامەیە خوێندکار بۆ ئەو پسپۆڕییانە بنێرن کە بۆ ئێستای کوردستان پێویستە، بەڵام نەتوانرا ئەوە بکرێت، یاخود بیریان لەوە کردووەتەوە گرێبەست لەگەڵ مامۆستای دەرەوە بکەن بۆ ئەوەی لەکوردستان وانە بڵێنەوە بۆ بەشی نوێی زانستی.

## زانکۆ و بازاڕ ئاگایان لەیەک نییە

پسپۆڕانی بواری ئابووری هاوڕان لەسەرئەوەی پەیوەندی نێوان زانکۆکان و بازاڕی کاری کوردستان لاوازە. د.نیاز نەجمەدین، دکتۆرای لە ئابووریدا هەیە و وایدەبینێ لەدوای دەرچوونی خوێندکار لە زانکۆ، هەمووی هەوڵ دەدات لەکەرتی گشتی دابمەزرێت "بۆیە دەبینین پەیوەندی زانکۆ و بازاڕ لاوازە".

ناوبراو هەرچەندە پێیوایە سیستەمی زانکۆ سیستەمێکی تەقلیدی تارادەیەک مردووە و دەبێت بگۆڕدرێت و بایەخی زۆرتر بدرێت بەتوێژینەوە، لە هەمانکاتیشدا بەتەنیا زانکۆ بە کەمتەرخەم نازانێت، بەڵکو پێیوایە "ئەوە پرۆسەیەکی دوور و درێژە بۆ پێگەیاندنی کادیر لەئامادەییەوە هەتاوەکو زانکۆ".

ملیارێک و 335 ملیۆن دۆلار قەرزارن

# رانیە پارەی ئاو ناداتە حکومەت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- راپەڕین**

هاووڵاتیان و فەرمانگەکانی حکومەت لە تۆڕی دابەشکردنی ئاو رازین، بەڵام هەندێک لە هاووڵاتیان و فەرمانگەکانی حکومەتیش پارەیەکی زۆری ئاویان لەسەر کۆبووەتەوە و نایدەن، بە تایبەتیش پەروەردەی رانیە.

هەر ماڵێک مانگانە 6 هەزار دیناری لێوەردەگیرێت لەبەرامبەر ئەو بڕە ئاوەی پێیدەدرێت. حەکیم رەسوڵ کە دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی رانیەیە، ئەو بڕە پارەیەی پێ زۆر نییە و لە پرۆسەی دابەشکردنی ئاویش رازییە و هیوادارە وەرزی هاوینیش بەمشێوەیەی ئێستا ئاویان بدرێتێ.

بەڵام ئەو نیگەرانە لە هەڵسوکەوتی هاووڵاتیان کە زێدەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاو دەکەن. رەسوڵ گوتی "هەندێک لە هاووڵاتیان کەمتەرخەمن و گوێ بە رێنماییەکانی فەرمانگەی ئاو نادەن".

بەڵام هەندێک لە هاووڵاتیان و بەرپرسی فەرمانگە و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی رانیە دەڵێن سیستەمی کۆکردنەوەی پارەی ئاو رێکوپێک نییە و بێ بەرنامەیە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی رانیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "میکانزمی کۆکردنەوەی پارەی ئاو دیار نییە، ئایا مانگانە کۆ دەکرێتەوە یان بە چەند مانگ جارێک یان ساڵانە، لە ماوەی چەند مانگێکدا پسوولەیەکمان بۆ دێنن و ئێمەش دەینێرین بۆ سەرووی خۆمان". بەڵام ئەو بڕە پارەیەی لێیان وەردەگیرێت بە گونجاو دەزانێ.

سەرەڕای تێپەڕینی زێی بچووک بە پشدەر و بیتوێندا، بەڵام زۆربەی ئاوی ماڵان لەو ناوچەیە لە رێگەی بیری ئێرتیوازییەوە دابین دەکرێت. جگە لەوەش زۆر لە ماڵەکانی پشدەر و بیتوێن لە نێو ماڵی خۆیاندا بیری ئاویان لێداوە.

## 3 ملیار و 700 ملیۆن دینار داهاتی ئاو بووە

کەریم مەحمود لێپرسراوی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی راپەڕین رایگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان سەرپەرشتی 11 فەرمانگەی ئاو دەکات لە سنووری ئیدارەی راپەڕین.

ناوبراو ئەو بڕە پارەیەی ئاشکرا کرد کە 2014/1/1 تاوەکو 2014/8/31 لە هاووڵاتیان و فەرمانگەکانیان وەرگرتووە لەگەڵ ئەو پارەیەی وەکو قەرز لەلایان ماوە.

کەریم گوتی "لەو ماوەیەدا بڕی 2 ملیار 485 ملیۆن و 66 هەزار و 750 دینارمان لە هاووڵاتیان وەرگرتووە، هەروەها بڕی 11 ملیۆن و 999 هەزار دینارمان لە فەرمانگەکان وەرگرتووە".

سەبارەت بە بڕی ئەو پارەیەشی لەلای هاووڵاتیان و فەرمانگەکان ماوە، گوتی "هێشتا بڕی ملیارێک و 308 ملیۆن و 82 هەزار دینار پارەمان لەلای هاووڵاتیانە کە نەیانداوە، هەروەها 27 ملیۆن دینار پارەمان لەلای فەرمانگەکانی حکومەتە".

کۆی داهاتی ئاو لە رانیە بە پارەی وەرگیراو و ئەوەی هێشتا لای ماڵان و فەرمانگە و کارگەکان ماوە لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا گەیشتووەتە 3 ملیار و 780 ملیۆن و 489 هەزار دینار.

سەبارەت بە قەرزارترین فەرمانگەش گوتی "پەروەردەی رانیە قەرزارترین فەرمانگەیە و نزیکەی 30 ملیۆن دیناریان لەسەر کەڵەکە بووە". بەڵام گوتی "هیچ بڕە پارەیەک لە مزگەوتەکان وەرناگرین، ئەویش لەبەر رەچاوکردنی پیرۆزیی ماڵی خودا".

(رووداو) پەیوەندی کرد بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی رانیە، بەڵام کەس ئامادەنەبوو لەسەر پارەی قەرزی کەڵەکەبووی ئاوی قوتابخانەکان قسە بکات.


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕووداو هەمەجۆر
ژمارە (342) دووشەممە 2015/1/12

## نارین فەقێ دەگەڕێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان نارین فەقێ نوێترین کلیپی خۆی لە ژێر ناوی (پەنابەری وڵاتێ دکاری ڤەگەڕێ) بڵاودەکاتەوە.

نارین فەقێ کە لە دەرەوەی وڵاتە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمی پەنابەری وڵاتێ دکاری ڤەگەڕێ کۆتایی هاتووە و لە چەند ڕۆژی داهاتوو بڵاودەبێتەوە". نارین هۆکاری دواکەوتنی ئەم بەرهەمە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە ویستوویەتی کارێکی جیاواز بکات.

ئەم گۆرانیە لە تێکستی ئەمین بۆتانییە، نارین فەقێ خۆی ئاوازی بۆ داناوە و عەلی شاکری هاوسەریشی کاری میوزیکی بۆ کردووە.

## باخان شووی کرد



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

باخان، کچە گۆرانیبێژی کوردی نیشتەجێی سوێد، دوای ئەوەی لە کاری هونەری دوورکەوتەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شووی کرد و لە ئاهەنگی هاوسەرگیریەکەشیدا گۆرانی گوت.

سەرچاوەیەک کە ئاگاداری شووکردنی باخانە بە (ڕووداو)ی گوت، باخان چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە ئاهەنگێکی تایبەتی خێزانیدا لەگەڵ شوانە ئەحمەدی زێڕنگر ژیانی خێزانیی پێکهێنا و لەوێش چەند گۆرانییەکی گوت.

باخان خاوەنی تەنیا یەک ئەلبوومی گۆرانییە کە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، بەڵام ماوەی 5 ساڵە لە کاری هونەری دوورکەوتووەتەوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی ڕوونبکاتەوە.

## شاکیرا گۆرانی بۆ پێشمەرگە دەڵێت



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو – ئەڵمانیا**

کچە کوردی بەشداربووی پرۆگرامی (زە ڤۆیس)ی ئەڵمانی دیلان ڕەنجبەر خۆشناو کە هەوادارانی بە شاکیرای کورد ناوی دەهێنن، ڕایگەیاند دوو گۆرانی بۆ پێشمەرگە تۆمارکردووە.

دیلان خۆشناو بە (ڕووداو)ی گوت "کارەکانی دوو سروودم کە بۆ پێشمەرگە گوتراون، تەواو بوون و لە داهاتوویەکی نزیکدا بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاویان دەکەمەوە".

تێکستی یەکێک لە گۆرانییەکانی دیلان لەلایەن ڕێدار سابیرەوە نووسراوە، یەکێکیشیان ڕزگار خۆشناو نووسیویەتی کە کاری ئاوازدانانیشی بۆ هەردوو گۆرانییەکە کردووە، بەڵام دیلان تاوەکو ئێستا هیچ ناوێکی بۆ ئەو دوو گۆرانییە دانەناوە.

دیلان گوتی جگە لەو دوو سروودە خەریکی چەند کارێکی دیکەیە وەک بەرهەمی سینگل، بەڵام جارێ تەنیا ئەو دوو سروودە بڵاودەکاتەوە.

## بورهان خۆشناو پێشمەرگە دەلاوێنێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند بورهان خۆشناو ڕایگەیاند سەرقاڵی تۆمارکردنی لاوکێکی نوێیە لەسەر پێشمەرگە.

بورهان خۆشناو کە لەم ماوەیەدا چەند لاوکێکی لەسەر پێشمەرگە، شنگال و کۆبانی تۆمارکردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەرهەمی لاوکی (گۆڤەندی سەرکەوتن) لەڕووی دەنگەوە تەواو بووە و لە داهاتوودا کلیپی بۆ دەکەین، ئەم بەرهەمە باس لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان دەکات".

خۆشناو ئاماژەی بە تۆمارکردنی بەرهەمێکی دیکە کرد کە 30 کەس وەک کۆمبارس بەشدارییان تێدا کردووە.

گوتیشی بۆ تۆمارکردنی ئەم بەرهەمانە پێویستی بە یارمەتی هەبووە، بەڵام کەس یارمەتی نەداوە.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
پارێزگاری لەدەسکەوتەکانت بکە نەوەک هەوڵدان بۆ دەسکەوتی زیاتر مەترسیت بۆ دروست بکات. ئەم ماوەیە کاتێکی زێڕینی بەختەوەرییە، بەرنامەیەکی باش بۆ کار و هەنگاوەکانت دیاری بکە و پابەند بە بەکارنامەکەت. ئاواتەکەت بەدی هاتووە و دەرگای کارکردنی زیاترت بۆ دەکاتەوە.

**گا**
هەموو مرۆڤەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە، ڕەنگە هەندێک جار مافەکانت پێشێل بکرێت، بەڵام لەکاتێکی دیکەدا ڕاستیەکان ئاشکرا دەبن. زۆربەی کاتەکان سەرکەوتن دەکەوێتە سەر جۆری هەماهەنگی نێوان کەسەکان. بۆ لایەنی سۆزداری کاتێکی باش نییە.

**جمک**
لەچەند ڕۆژی داهاتوودا سەرقاڵی کارە تەواونەکراوەکانی ڕابردوو دەبیت. هەرچەند دۆخەکان نەخوازراو بن، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەسەر هاوبەش و هاوسۆزەکانتان مەدەن. کاتێکی باشە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە هاوڕێ و هاوسۆز و هاوکارەکانی کارکردن.

**قرژاڵ**
هیوایەکی کۆنی بەدینەهاتوو بەرەو ئاراستەیەکی باش هەنگاو دەنێت، باری دارایت باش دەبێت و کاری جددی بۆبکە. ئەو بیرکردنەوەیەت ڕاست نییە کە وادەزانی کەسەکانی چواردەورت حەز بە ئازاری تۆدەکەن یان قازانجی تۆیان ناوێت.

**شێر**
دەروونت هێور بکەرەوە، دەتوانی چارەسەری یەکجاری گرفتەکان بکەیت. کاتەکانی داهاتوو باشتر دەبێت، هەوڵ بدە گفتوگۆی زیاتر دروست بکەیت و زیاتر گوێ لە ڕاوبۆچوونی چواردەورەکەت بگریت. ئارەزووەکان زیاتر دەبن و پێویستتان بە پشووە بۆ ئەوەی تواناتان بگاتەوە ئاستی جاران.

**گوڵەگەنم**
ڕاستیەکان پەسەند بکە تەنانەت ئەگەر قازانجیش نەکەیت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کەسایەتییەکی بەهێزت دەبێت و دەتوانی کاریگەری بخەیتە سەر نزیکەکانت. لەم مانگەدا ئەگەر شتێک لەوادەی خۆی دوا بکەوێ، ئەوا لە کۆتاییدا دەبینی لەقازانجت بووە کە دواکەوتووە.

**تەرازوو**
بیرکردنەوەت بەرفراوانتر دەبێ و گەشبینت دەکەن، ئەمەش یارمەتیت دەدات بۆئەوەی کارەکانت باشتر ڕێکبخەیت. بیرکردنەوە بۆ ئەنجامدانی کارێک کە شارەزاییت تێدا نییە، قورسە، بەڵام دەتوانی هاوکارێک یان پشتیوانێک پەیدا بکەیت. دەسکەوت و دەرامەت فەرامۆش مەکە.

**دووپشک**
لەبواری سۆزداری هەست بە گرفت دەکەن، ئەوانەی خاوەن خێزانن ئاگاداری منداڵەکانتان و تەندروستییان بن. کاتێک ئامادەکاری بۆ کارێک دەکەیت خۆت دڵتەنگ مەکە. ئەو کارانەی تێیدا سەرکەوتوو نەبوویت دەبن بە وانەیەکی گرنگ بۆ زامنکردنی سەرکەوتن لەداهاتوودا.

**کەوان**
هەرچەندە دەتەوێ کارەکان ڕێکبخەیتەوە و بچێتە سەر ڕێچکەیەکی باش، بەڵام بەربەستێک دێتە پێشەوە، هەندێک لە ڕووداوەکان هۆکارێکی دیاریکراوی نییە، واباشە دەرئەنجامەکان قبوڵ بکەیت و لە هەنگاوە هێمنەکانت بەردەوام بیت. کاتی زیاتر بۆ هاوڕێ و ئازیزەکانتان تەرخان بکەن.

**کارژۆڵە**
بڕوا بە هاوڕێکانت و ئەو بەڵێنانە مەکە کە پێتدەدرێن، هاوڕێکانت دڵسۆزن، بەڵام ڕەنگە توانای ئەوەیان نەبێت ئەو جۆرە هاوکارییەت پێشکەش بکەن. ناتوانن بیرتان لەسەر خاڵێکی دیاریکراو کۆبکەنەوە، چونکە هەستەکانتان وەک دەریا شەپۆل دەدەن.

**سەتڵ**
لەو پەستی و دڵتەنگییە ڕزگارتان دەبێت کە ماوەیەکی زۆرە بەرۆکی گرتوون. خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵ زۆر پێویستە، بەتایبەت لەگەڵ نزیکەکان و ئازیزانتان. دۆخی هێمنی ئێستا تێکمەدەن. بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لەو کارانە دەدەن کە بیرتان لێکردووەتەوە.

**نەهەنگ**
لەم هەفتەیە هەسارەی مارس دێتە بورجەکەت و هێز و تواناو چالاکییەکانت زیاد دەکات، بەڵام توانای خۆڕاگریت کەمدەبێتەوە، وا باشترە هێمن و لەسەرخۆبن و خێرا هەڵنەچن. هەوڵ بدەن لەگەڵ چواردەورەکەتان خۆتان بگونجێنن باشترە لەوەی پەنا بۆ ڕق و کینە ببەن.

## خوێندنەوە و نووسین لە ئەحمەد سالار قەدەغەیە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی شانۆکار ئەحمەد سالار ڕایگەیاند سەرەڕای ئەوەی پزیشک خوێندنەوە و نووسینی لێ قەدەغە کردووە، بەڵام توانی دەقی شانۆیی شێخ مەحمودی حەفید تەواو بکات.

ئەحمەد سالار بە (ڕووداو)ی گوت "پزیشک خوێندنەوە و نووسینی لێ قەدەغەکردووم، بەڵام من گوێم بە قسەی پزیشک نەدا و لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا دەقی شانۆیی شێخ مەحموودم تەواوکرد".

بەبڕوای ئەحمەد سالار ئەم دەقە شانۆییە دەبێتە یەکێک لەو دەقانەی دەبێ مێژوو شانازی پێوە بکات. گوتیشی "لەم دەقە شانۆییەدا هەموو شتێک بە ڕاست و دروستی لەسەر ئەم زاتە بە بینەرانی شانۆ دەڵێم".

ئەحمەد سالار گوتیشی "خۆشەویستی شێخ مەحمود وای لێکردم کە نەخۆشییەکەم پشتگوێ بخەم و لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا کارەکانی ئەم دەقە شانۆییە تەواو بکەم".

## سۆران ستەمکارێک بەرهەم دێنێ



**ڕووداو – ئەمستردام**

هونەرمەند سۆران سەفیر بێدەنگی دەشکێنێ و بەرهەمێکی نوێ لەژێر ناوی "چیت بەسەر هێنام" کلیپ و بڵاودەکاتەوە.

سۆران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت "لە ماوەی داهاتوودا بەرهەمێک بە شێوازی کلیپ بڵاودەکەمەوە لە ژێر ناوی چیت بەسەر هێنام کە یەکێکە لە تراکەکانی نێو ئەلبوومی ستەمکار".

ئەم گۆرانییە لە تێکستی شێروان بێدیلە و لە ئاوازی هونەرمەند خۆیەتی و لە ستۆدیۆ جان لە تورکیا کاری دەنگی بۆ کراوە. هەروەها ستافێکی کەناڵ Dی تورکیا وێنەی کلیپەکەیان بۆ گرتووە.

سۆران ماوەی چەند مانگێکە ئەو گۆرانییەی کلیپ کردووە، بەڵام دەڵێت بەهۆی شەڕی پێشمەرگە و داعش بڵاوکردنەوەی دواخستووە.

## هند سەبری دەبێتە ڕۆژنامەنووس



ڕووداو- هەولێر

ئەکتەری تونسی هند سەبری لە نوێترین فیلمیدا باس لە جیهادی نیکاح دەکات.

فیلمی "زهرە حلب" کە ڕۆڵی سەرەکی دراوە بە ئەکتەری تونسی هند سەبری، باس لە جیهادی نیکاح دەکات کە لە سووریا و عێراق لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی پەیڕەو دەکرێت.

هند سەبری لەبارەی ئەم فیلمە دەڵێت "لەم فیلمەدا من ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسێک دەبینم، لە سووریا چەند کچێک دەدوێنم کە جیهادی نیکاحیان لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە لەگەڵ کراوە، ئەم کچانە لە ژێر پەردەی ئاین دووچاری دەستدرێژی دەبنەوە، هەروەها لەم فیلمەدا باس لە دواڕۆژی ئەو منداڵانە دەکرێت کە لە ئەنجامی ئەم جیهادە دێنە دونیاوە".

## بەدوای کایتدا دەگەڕێن



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ماڵپەڕی گووگڵ ناوی ئەو کەسانەی بڵاوکردەوە کە زۆرترین گەڕانیان لە نێو تۆڕەکەیدا بۆ کراوە، لەنێو نمایشکارەکانی جلوبەرگیشدا کایت ئەپتۆن پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

نمایشکار و ئەکتەری ئەمریکی کایت ئەپتۆن لە ساڵی 2014دا زۆرترین گەڕانی لە گووگڵدا بۆ کراوە. کایت لەبەر جوانی و باڵابەرزییەکەی و ڕێکوپێکی جلوبەرگەکانی خۆشەویستییەکی زۆری هەوادارانی بەدەستهێناوە.

دوای ئەویش کیندل جینیر خوشکی کیم کارداشیان پلەی دووەمی گرتووە لە گەڕانی گووگڵدا، کە نمایشکارێکی بەناوبانگە و چاوی خەڵکی زۆر لەسەرە. میراندا کیری نمایشکاری ئوستڕالیش پلەی سێیەمی گرتووە.

# گورگە تەنیاکان هەڕەشە لە ئەوروپا دەکەن




دەربڕینی هاوخەمی بۆ قوربانیانی گۆڤاری چارلی هیبدۆ

(فۆتۆ:AFP)

## CIA: بە گورگە تەنیاکان بڵێن مشکە تەنیاکان

**ئاسۆ محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

گورگە تەنیاکان بەو چەکدارە توندڕەوانە دەگوترێ کە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرووی خۆیان یاخود بێ ئەوەی ئەندام بن لە هیچ ڕێکخراوێکی توندڕەو، لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیادا پەنا بۆ کاری تیرۆریستی دەبەن، بەڵام دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا داوا دەکات وشەی مشکە تەنیاکانیان بۆ بەکاربهێنرێت وەک ئاماژەیەک بۆ بچووککردنەوەیان.

چاودێرانی سیاسی و پسپۆڕانی تیرۆر پێیانوایە کە هێرشەکەی سەر هەفتەنامەی چارلی ئیبدۆ کاری گورگە تەنیاکانە. لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگدا ئەمە شەشەم چالاکیی گورگە تەنیاکانە، واتە مانگانە کردەوەیەکیان ئەنجامداوە.

یەکێک لە کردەوەکانی گورگە تەنیاکان لە بەلجیکا بوو کە کەسێک هێرشی کردە سەر مۆزەخانەیەک و چەند کەسێکی کوشت. لەمانگی ئۆکتۆبەری 2014دا چەکدارێکی دیکە لە کەنەدا دوای کوشتنی پاسەوانێک، خۆی کرد بەنێو باڵەخانەی پەرلەماندا. مانگی ڕابردووش لە سیدنی پایتەختی ئوسترالیا چەکدارێک کە دەگوترا مەلایەکی ئێرانی بووە، چووە نێو کافێیەکەوە و ژمارەیەک خەڵکی بە بارمتە گرت و لە ئاکامدا دووکەس کوژران، پاشان چەکدارەکە لە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی سیدنیدا کوژرا.

گەورەترین و تازەترین کردەوەی ئەم گورگانەش هێرشەکەی سەر هەفتەنامەی چارلی ئیبدۆیە، کە 12 کەسی تێدا کوژراو چواریان لە کاریکاتێریستە بەناوبانگەکانی هەفتەنامەکە بوون.

تەنیا 48 کاژێر پێش هێرشەکانی پاریس، فرانسوا ئۆلاند، سەرۆکی فەڕەنسا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی دووچاری قەیرانێکی قووڵ و مەترسیدار بووەتەوە، ئۆلاند ڕایگەیاند کە قەیرانی شوناس قەیرانێکی مەترسیداری فەڕەنسایە. لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕادیۆی فرانس ئینتەر، فرانسوا ئۆلاند داوای لە فەڕەنسییەکان کرد، بەرگری لە بەهاکانی کۆماری فەڕەنسا و کۆمەڵگای فەڕەنسا بکەن.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا فەڕەنسا تووشی قەیرانی شوناس بووە؟ ئۆلاند گوتی "بەڵێ لەمێژە، زۆریش ترسناکە، چونکە هەڕەشەیەکی گەورەیە". ئۆلاند ڕایگەیاند کە فەڕەنسا نایەوێت دوژمن لە نێو خۆیدا دروستبکات.

مەبەستی ئۆلاند ئەو کێشە و سەرئێشەیە بوو کە ڕەوەندی ئیسلامی لە فەڕەنسا بۆ کۆمەڵگا دروستیانکردووە. ڕەوەندی ئیسلامی هەڕەشەیە لەسەر بەهاکانی کۆماری فەڕەنسا.

سۆرین کیرن لە پەیمانگای گەیتستۆن بۆ لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی، ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی "بە موسڵمانکردنی فەڕەنسا". بڵاوکردووەتەوە. کێرن دەنووسێت وێڕای ئەوەی سەرژمێری دانیشتووان لەسەر بنەمای ئاینی یاخود ڕەگەزی لە فەرەنسا بە یاسا قەدەغەکراوە، بەڵام بەپێی داتاکان کۆی دانیشتووانی فەڕەنسا 63 ملیۆن کەسە کە شەش ملیۆنیان موسڵمانن، واتە 10%ی دانیشتووانی فەرەنسا. بۆیە دەڵێت "بێگومان دیبەیت دەربارەی ئیسلام لە فەڕەنسا بابەتێکی سەرەکی شوناسی فەڕەنسا دەبێت، هەروەها پرسی سەرەکی سکۆلاریزم دەبێت".

کێشەی سەرەکی ئەم ڕەوەندانە لەوەدایە بەشی زۆریان لە خوار چینی ناوەندن، واتا تا ئاستێک هەژارن، ڕێژەی بێکاری لە نێویاندا لە ئاستێکی بەرزدایە، واتا ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆ پەیوەندیکردن بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە.

میشێل ویلبیک ڕۆماننووسی فەڕەنسا ئەم کێشەیەی خستووەتە نێو ئەدەبەوە، ئەو ڕۆژەی هێرشکرایە سەر چارلی ئیبدۆ، میشێل ویلبیک، ڕۆمانێکی بەناونیشانی سوومیسیۆن واتا (موسڵمانبوون) بڵاوکردەوە. میشێل پێشبینی ئەوە دەکات نەک تەنیا ڕەوەندی ئیسلامی لە گەشەکردندان لە فەڕەنسا، بەڵکو پارتی ئیسلامیش بەهێز دەبن و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2022 سەرکەوتن بەدەستدێنن. بەمشێوەیە بەهاکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی دەگۆڕێن بۆ بەهایەکی ئیسلامی.

بەپێی ڕاپرسییەک کە دامەزراوەی برتلسمان کردوویەتی، نەوەی سێیەمی ڕەوەندی ئیسلامی مەترسیدارترن لە نەوەی یەکەم. واتا لەنێو نەوەی سێیەمی ڕەوەندی ئیسلامیدا توندڕەوەی زیاترە وەکو لە نەوەکانی پێشتر.

بۆیە کێشەی ڕەوەندی ئیسلامی ئەوەیە کەش و ڕەوشێکی لەبار دەڕەخسێنێ بۆ دروستبوونی گورگە تەنیاکان.

ئێستا گورگە تەنیاکان لە هەموو کاتێک زۆرتر هەڕەشەن بۆ سەر ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، مانۆیل ڤالس سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسا هەفتەیەک پێش ڕووداوەکانی چارلی ئیبدۆ ڕایگەیاند هەرگیز بەمشێوەیە هەڕەشەی تیرۆر لەسەر فەڕەنسا نەبووە.

ئامانجی سەرەکی لەم کردەوانە جەنگێکی دەروونی و سایکۆلۆژییە. مایکڵ ماکوڵ، سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی ناوخۆ لە کۆنگرێسی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت کە توندڕەوەکان جەنگی پروپاگەندە و جەنگی دەروونییان بردووەتەوە، بۆیە ژمارەی گورگە تەنیاکان لە بەرزبوونەوەدایە.

بەڵام بە جیاواز لەم تێڕوانینانە لە لەندەن نایجڵ ئیکسەر، بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ریسکی سیاسی و هەڕەشەی جیهانی، پێیوایە ئەم کردەوانەی پاریس ئاماژەیە بۆئەوەی کە کردەوەی تیرۆرستی گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە. نایجڵ دەڵێت "ئەگەر سەیری هێرشە تیرۆرستییەکانی دەیەی ڕابردوو بکەین، دەبینین کە هێرشەکان زۆر گەورەتر و مەترسیدارتربوون، بۆ نموونە هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەر یاخود هێرشەکانی 2007/7/7 لە لەندەن، بەڵام هێرشی گورگە تەنیاکان بچووکن و مەترسی زۆر گەورەیان نییە".

کێشەی سەرەکی ئەم جۆرە هێرشانە لەوەدایە کە کۆنتڕۆڵکردنی ئاسان نییە، چونکە ئەو کەسانە ژمارەیان کەمە کە زۆرجار لە سێ کەس تێناپەڕێت، لەو حاڵەتەشدا نهێنییەکان توندتر دەپارێزرێن، بۆیە دەزگاکانی هەواڵگری ناتوانن ئەم جۆرە گورگانە بدۆزنەوە.

نایجڵ پێشبینی دەکات وڵاتەکانی وەکو بەریتانیا و دانیمارک و بەلجیکا و ئەڵمانیا ڕووبەڕووی هێرشی هاوشێوەی هێرشەکەی پاریس ببنەوە، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، ژمارەیەکی زۆری ڕەوەندی ئیسلامی لەو وڵاتانەن، دووەم ئەو وڵاتانە بەشدارن لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش.

زیادبوونی ژمارەی گورگە تەنیاکان و هەڵکشانی ڕەوەندی ئیسلامی، ئەوروپا بەگشتی و فەڕەنسا بە تایبەتی دەخاتە بەردەم هەڕەشەیەکی بێ پێشینەوە، چونکە ئەو دوژمنەی لە دەرەوەیە و دەیەوێت لە بەهاکانی کۆماری فەڕەنسا بدات لە ناوەوە پێگەی خۆی بەهێزکردووە. بۆیە فەڕەنسا جەنگێکی دوور و درێژی لە پێشدایە و دەبێت لە ناوەوە و دەرەوە ئامادەی ئەم جەنگە بێت.

---

## دوای ڕووداوەکەی پاریس

# سوێد دەیەوێت چاودێری بخاتە سەر گەشتیارانی

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- سوێد**




دوای ڕووداوەکەی پاریس زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی کەوتنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشە و مەترسییەک. حکومەتی سوێد یاسایەکی تایبەتی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆر و پێداچوونەوە بە کەیسی ئەوانەی چوونەتە ڕیزی داعش بە گرنگ دەزانێت. وەزیری ناوخۆی ئەو وڵاتە دەڵێت "زانیاری لەبارەی گەشتیاران و فڕۆکە و بار و سەرنشینەکانی کۆدەکەینەوە". بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە دەڵێت "نابێت سەروەریی تاک پێشێل بکرێت".

پۆلیسی سوێد و دەزگای پۆلیسی هەواڵگری (سێپۆ) کە هێشتا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە هێرشی نازیستەکان بۆ سەر مزگەوتەکانی ئەو وڵاتە، دوای ڕووداوەکەی پاریس کەوتووەتە حاڵەتی ئامادەباشی، چونکە بە بەراورد لەگەڵ هەر یەکێک لەو وڵاتانەی ئەوروپا، سوێد ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی چوونەتە ریزی داعش کە بەپێی زانیارییەکانی سێپۆ ژمارەیان 350 کەس دەبێت.

ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو، سێ چەکداری دەمامکدار، بە بیانووی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێر لەسەر پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفەی داعش ئەبوبەکر بەغدادی، هێرشیان کردە سەر بارەگای گۆڤاری چارلی ئیبدۆ و 12 کەسیان کوشت، کە هەشتیان کارمەندی ڕۆژنامەکە بوون.

ئەو چەکدارانە لەلایەن سەنتەرەکانی توێژینەوە بە گورگە تەنیاکان ناودەبرێن، ئەوان بەبێ ئەوەی کەسێک هانیان بدات، لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیادا بڕیار دەدەن. ئێستا وڵاتە ئەوروپییەکان ڕێوشوێنی توندیان گرتووەتە بەر بەرامبەر ئەو گورگانە.

وەزارەتی ناوخۆی سوێد، وەرگرتنی زانیاری و چاودێری ئەو کەسانەی سوید جێدەهێڵن و سەفەر دەکەن بە گرنگ دەزانێت، بەڵام تا ئێستا نە حکومەتی سوید و نە یەکێتی ئەوروپا ڕێکارێکی وا پەسەند ناکات، چونکە دژ بە ئازادییەکانی تاکە و سەروەری و مافی تاک دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەندێرش ئیگمان، وەزیری ناوخۆی سوێد ئەم ڕێکارە و چاودێریکردنی هەموو ڕێگە قاچاخەکان بە گرنگ دەزانێت و جەختیش دەکاتەوە کە "بەدەر نییە لە پەیماننامە هاوبەشەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان".

ئیگمان لە لێدوانیدا بۆ بەرنامەی (پێ ئێت مۆرگۆن)ی ڕادیۆی سوید گوتی "تیرۆر و ماددەی هۆشبەر مەترسین لەسەر ئەم وڵاتە و نابێت بشاردرێنەوە".

بەڵام مارگۆت فالسترۆم وەزیری دەرەوەی سوید بۆچوونی پێچەوانەی وەزیری ناوخۆی هەیە و پێیوایە "نابێت وا بە ئاسانی و لەسەر بنەمای مافەکانی خەڵک تەسلیمی کارتێکردنی تاوانێکی تیرۆرستی بین، بەڵکو دەبێت ئامرازەکانی پاراستن بەهێزتر بکەین". فالسترۆم بۆ ئاژانسی تی تی گوتیشی "دەبێت سەروەری تاک ڕەچاو بکرێت".

قسەکانی وەزیری دەرەوەی سوید لەگەڵ بۆچوونی چالاکڤانانی ئەو وڵاتە یەکدەگرێتەوە کە پێیانوایە بە گرتنەبەری ڕێکاری لەو شێوەیە ئیدی "سوید مافی ئەوەی نامێنێت خۆی بە پارێزەری پلە یەکی مافەکانی تاک بزانێت".

ساشا مانتۆن، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی چاودێری و زانیاری APFN بە (ڕووداو)ی گوت "زاڵبوونی ڕێکارە ئەمنی و پۆلیسییەکان بەسەر پرەنسیپەکانی مافی تاک، سوێد دەکاتە وڵاتێکی پۆلیسی". گوتیشی "ئەوکات جیاوازییەکی کەممان لەگەڵ کۆریا و وڵاتە عەرەبییەکان دەبێت".

لە کۆبوونەوەی پێشووی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەبارەی نەهێشتنی تیرۆر و هەنگاوەکانی دژ بە تیرۆریزم، وەزیری دەرەوەی سوید مارگۆت فالسترۆم گوتی "تێدەگەین لەوەی دەبێ کاری زیاتر بکەین بۆ پاراستنی خەڵک، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی مافەکانی تاک نابێت".

فالسترۆم پابەندبوونی وڵاتەکەی بەو پرەنسیپانەی یەکێتی ئەوروپا سەپاندوویەتی بە گرنگ دەزانێت، بەڵام ئێگمان وەزیری ناوخۆ ئەو ڕەخنانە ڕەتدەکاتەوە.

دەزگا باڵاکانی وڵاتی سوید، ڕوودانی کاری هاوشێوەی ڕووداوەکەی پاریس بە ئەگەر دەزانن و پرسینەوە و چاودێریی وردی ئەوانەی بۆ شەڕی داعش و شەڕ لەگەڵ داعش هاتوونەتە کوردستان بە سەرەتای ئەو ڕێکارانە دەزانن. پارتی سۆسیال دیموکراتی حوکمڕانی ئەو وڵاتە نەیشاردەوە و سەرۆکی ئەو پارتە کە ئێستا سەرۆک وەزیرانە، هەر زوو گوتی کە دەبێت لێپێچینەوە لەو خەڵکانە بکرێت. وەزیرانی پارتەکەشی پێیانوایە پێویستە پێش ڕووداوەکان ئەو کارە بکرێت.

پەرلەمانتارێکی کورد بە ڕەوای دەزانێت و لێکۆڵینەڤانێکیش دەڵێت "ستۆکهۆڵم نابێتە پاریس".

بەکر ئەحمەد نووسەر و لێکۆڵینەڤان دەڵێت "جیاوازییەکی زۆر لە نێوان سوید و پاریسدا هەیە، بەڵام لەیەک شەڕدان، ئەویش شەڕی ترس و تیرۆرە". گوتیشی "لە سوید موسڵمانان لەژێر هەڕەشەی ڕاستەکانن و پاریس بە پێچەوانەوە". لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) ئەحمەد وێڕای ڕەخنەی لە دیسپلین و پرۆسەی چاودێری لە سوید، دەڵێت "بەهۆی کەمیی ژمارەی دانیشتووان، یان هەرچییەک، لەڕێگەی سیستم مافەکانی خەڵک پارێزراوە، ئەمەیە سوید لە پاریس جیا دەکاتەوە". بۆیە ئەو بە دووری زانی ئاگرەکەی پاریس بگاتە ستۆکهۆڵم و گوتی "ستۆکهۆڵم نابێتە پاریس".

لاوێن ڕێدار، پەرلەمانتاری کوردی پەرلەمانی سوید لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکرات بە (ڕووداو)ی گوت"حیزبەکەی ئێمە دەیەوێت سوید لە توندوتیژی بپارێزیت". گوتیشی "مافی ڕەوا و ئاسایی خۆیەتی لێپێچینەوە لە هەرکەسێک بکات کە بۆ شەڕ سوید جێدەهێڵێت". سەبارەت بە گوتەی سەرۆکی حیزبەکەشی دەڵێت "ئەو باسی لە یاسایەک بۆ ڕێکخستنی خۆبەخش و شەڕڤان و ئەوانی دیکە کرد کە دێنەوە بۆ باشوور و ڕۆژئاوا".

ڕێدار کە هاوکات ئەندامی لیژنەی دەستوور و یاسایە، دەڵێت "یاساکان توانای یەکلاکردنەوەی ئەو هاوکێشانەیان هەیە، بێ ئەوەی مافی کەس پێشێل بکەن".

# کوردستان دەرمانی کۆپی و ساختەی پێ کۆنترۆڵ ناکرێ

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
ڕووداو- سلێمانی



لە بازاڕەکانی کوردستاندا چەندین جۆری دەرمان بە نرخ و کواڵیتی جیاواز هەن کە بەشێکیان بە کۆنترۆڵی کواڵیتیدا تێپەڕ نەبوون و ئەگەری ئەوە هەیە مەترسی بخەنە سەر ژیانی خەڵک. ئەمە لەکاتێکدایە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ دەرمان دەکەن و وەک بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی دەیبینن.

لە ولایەتە یەکگرتووەکان، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەزگای خۆراک و دەرمان (FDA) پشکنینی ورد بۆ دەرمان دەکات و هەر دەرمانێک ئەو دەزگایە پەسەندی نەکات جێی متمانەی هاووڵاتیان و نێوەندە پزیشکییەکان نابێت. دەزگاکەش هێندە جێی بایەخە کە خودی سەرۆکی ئەمریکا بەڕێوەبەرەکەی دیاری دەکات.

هەرێمی کوردستان تا ئەم ساڵانەی دوایی خاوەنی دەزگایەک نەبوو کە ببێتە فیلتەر بۆ ئەو دەرمانانەی هاوردە دەکرێن. ئێستاش دوای دامەزراندنی دەزگای کواڵیتی کۆنترۆڵ، هێشتا بڕێکی بەرچاوی دەرمانی کۆپیکراو و تەنانەت ساختەش لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەن.

## هەمان دەرمان و چەندین جۆر

هەر ماددەیەک بەرلەوەی پێبیگوترێ دەرمان و چارەسەری، دەبێت بە چەندین قۆناغی توێژینەوە و بەدواداچووندا بڕوات کە ماوەی 14-18 ساڵ دەخایەنێت.

هەمان دەرمان و ماددەی چارەسەر، دەکرێت لە بەرگ و کواڵیتی جیاوازدا هەبێت، بەمجۆرە:

-1 دەرمانی براند (مارکە): ئەمە گرانترین جۆرە و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە دروستدەکرێت کە دوای ساڵانێک لە توێژینەوە و بەدواداچوون دروستی کردووە. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو پارە زۆرەی لە توێژینەوەی دەرمانەکەدا بەخەرجیداوە، کۆمپانیای دایک تا ماوەیەک (بەگشتی دەوروبەری 5 ساڵ) تەنیا خۆی دەرمانەکە دروستدەکات و دەیفرۆشێت.

-2 دەرمانی جێنریک (نوعی): دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی کۆمپانیای دایک تاکە فرۆشیاری دەرمانەکە دەبێت، کۆمپانیاکانی دی مافی دروستکردنەوەی دەرمانەکە بەپێی گرێبەستێک لە کۆمپانیای دایک دەکڕن، بەو مەرجەی بە کواڵیتییەکی بەرز دروستی بکەن. ئەم دەرمانە بەگشتی لە دەرمانی مارکە هەرزانترە، چونکە زۆربەی ئەو کۆمپانیایانە لەو وڵاتانەن کە دەستی کاریان تێدا هەرزانە.

-3 دەرمانی کۆپیکراو: هەندێک کۆمپانیا بە نایاسایی و بێ وەرگرتنی ئیمتیاز لە کۆمپانیای دایک خۆبەخۆ دەرمانەکە کۆپی دەکەن و دەیفرۆشن. واتە گرێبەستی یاسایی نییە کە لەسەریان بسەپێنێت بە کواڵیتییەکی بەرز دروستی بکەن.

-4 دەرمانی ساختە: ئەمانە دەرمان نین، بەڵکو لەشێوەی دەرمانداا دروستکراون و لەسەریان نووسراوە کە گوایە فڵانە ماددەیان تێدایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ماددەیەیان تێدا نییە.

## دەرمانی ساختە لە کوردستان

پزیشکێکی دەرمانساز بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەرمانی کۆپیکراو و ساختە هەن کە بە ڕێگەی قاچاخ دەهێنرێن و خۆیان لە فیلتەری دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی دەرمانی هەرێمی کوردستان دەدزنەوە".

ئەو پزیشکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "تەنیا نیوەی ئەو دەرمانەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەیە مۆری کواڵیتی کۆنترۆڵی کوردستانیان پێوەیە، ئەوانی دیکە ناکرێت متمانەی تەواویان پێبکرێت".

## "بەڵێ دەرمانی ساختە هەیە"

بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستیش نایشارێتەوە کە دەرمانی ساختە بە قاچاخ دێتە کوردستان.

د.خاڵس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "ئێستاش دەرمانی ساختە دێتە کوردستانەوە، بەڵام لە جاران کەمترە". بەگوتەی د.خاڵس، ساڵی ڕابردوو 800 تۆن دەرمان لەنێوبراون، چونکە لە کواڵیتی کۆنترۆڵی ئەوان دەرنەچوون.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێت دەروازەکانی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا، ڕێگای سەرەکی دزەپێکردنی دەرمانی ساختەیە بۆ نێو کوردستان.

د.خاڵس گوتی، بوونی دەرمانی کۆپی و ساختە لە بازاڕەکانی هەرێمدا تەنیا لە ئەستۆی وەزارەتەکەی نییە، چونکە بەشێکی گرنگی کۆنترۆڵکردنی ئەو جۆرە دەرمانانە پەیوەندی بە توندوتۆڵکردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

## بازرگانییەکی ترسناک و پڕ لە فێڵ

پسپۆڕێکی بواری دەرمان دەڵێت هەندێک بازرگان بەڕێگای جیاواز دەرمانەکانیان لە فیلتەری کۆنترۆڵی جۆری دەدزنەوە و دەیانفرۆشن.

د.هیوا خزر هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە دەرمان و ژەهر، دەڵێت تەنیا دەرمانی براند و جێنریک بەڕێگەی یاسایی و فەرمیی دێتە کوردستان و لەڕووی جۆرییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت.

وەک ئەو پسپۆڕە باسی دەکات، دەرمانی ساختە لەو وڵاتانەدا هەیە کە ناجێگیریی سیاسی و ئابوورییان هەیە و ڕاددەی هەژاریی تێیاندا بەرزە.

جگە لە ئاماژەکردن بە هێنانی دەرمانی ساختە بە ڕێگای قاچاخ، د.هیوا ئاماژە بە فێڵێکی دیکەی بازرگانەکان دەکات و دەڵێت "ئێستا لە بازاڕەکاندا چەندین دەرمان هەن بۆ دابەزاندنی کێش یان زیادکردنی توانای سێکسی و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گیایی و سروشتین و بێ زیانن، بەڵام لەڕاستیدا ماددەی کیمیایی زیانبەخشن و هەندێکیان تەنانەت ماددەی قەدەغەکراویشیان تێدایە".

مەبەست لە فێڵی بازرگانەکان بەوەی دەرمانەکانیان گیایین، ئەوەیە لە فیلتەری کۆنترۆڵی جۆری خۆیان بدزنەوە. چونکە وەزارەتی تەندروستی پشکنین بۆ دەرمانە گیاییەکان ناکات، هەروەها بۆ چاوبەستکردنی بەکارهێنەرانە، چونکە بەشێکی خەڵکی بەهەڵە وا تێگەیەنراون کە دەرمانی گیایی هیچ زیانێکی نییە.

## بۆچی هەندێک دەرمان کاریگەرییان نییە؟

د.هیوا خزر دەڵێت مەرج نییە ئەو دەرمانەی هەرزان بوو، کاریگەرییەکی کەمتری هەبێت، بەڵکو چەندین هۆکار هەن بۆ ئەوەی دەرمانێک کاریگەریی خوازراوی نەبێت.

ناوبراو باسی ئەو هۆکارانەی کرد و گوتی "لەوانەیە دەرمانەکە ساختە بێت. یان نەخۆشەکە بڕێکی کەمتر لە پێویست بخوات، یان نەخۆشەکە تەواوی ئەو کۆرسە تەواو نەکات کە پزیشک بۆی دیاری کردووە، یانیش نەخۆش ڕێنمایی پزیشک جێبەجێ نەکات سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمانەکە".

د.ژین بایز، پزیشکی دەرمانساز نایشارێتەوە کە ئەوان دەرمانی کواڵیتی نزم (نەک ساختە و کۆپی) دەفرۆشن، چونکە هەندێک نەخۆش باری داراییان ڕێگەیان نادات دەرمانی مارکە یان جێنریکی ئاست بەرز بکڕن.

# کێ فەقەراتی هەیە؟

د.سۆران محەممەد غەریب

فەقەرات یان بڕبڕەی پشت، هەموومان فەقەراتمان هەیە! بەڵام زۆر لە خەڵکی وشەی فەقەرات بۆ هەر ئازارێکی پشت بەکاردەهێنن و بە هەڵە وا تێگەیشتوون ئەگەر ئازارێکیان هەبێت لە پشتیان ئەوا فەقەراتیان هەیە.

ئازاری پشت، یەکێکە لە هۆیە هەرە باوەکان کە خەڵکی بۆ چارەسەرکردنی سەردانی پزیشک دەکەن. هەر ئازارێکی پشت لە چەند ڕۆژێک بۆ چەند هەفتەیەکی کەم بخایەنێت بە ئازاری پشتی تازە یان نوێ دادەنرێت. هەر ئازارێکیش کە زیاتر لە 3 مانگی خایاند بە ئازاری پشتی درێژخایەن دادەنرێت. زۆربەی ئازارەکانی پشت خۆبەخۆ بەرەو باشی دەڕۆن و لە ماوەی 4 بۆ 6 هەفتەدا نامێنن. چارەسەری پزیشکیش (دەرمان و چارەسەری فیزیایی) بەندە بە هۆکاری دروستبوونی ژانەکە، هەرچی نەشتەرگەرییە ئێستا بە دەگمەن پێویستە وەک ڕێگایەکی چارەسەر.

## هۆکارە گرنگەکانی دروستبوونی ئازاری پشت

- هەڵگرتنی قورسایی بە نادروستی.
- ڕاوەستان و دانیشتن بە نادروستی.
- قەڵەوی
- شکانی بڕبڕەی پشت.
- خلیسکانی دیسکی نێوان بڕبڕەکانی پشت.
- هەوکردنی گورچیلە.
- سوانی جومگەی نێوان بڕبڕەکانی پشت.
- خورانی ئێسکی بڕبڕەی پشت.
- دووگیانی.
- خەمۆکی و گوشاری دەروونی.
- هەوکردنی دیسک یان بڕبڕە: وەک لە حاڵەتی سیل یان تای ماڵتا
- شێرپەنجە

## کەی سەردانی پزیشک بکرێت بۆ ئازاری پشت؟

- پێویستە کتوپڕ سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکرێت ئەگەر کەسێک دووچاری ئازارێکی پشتی سەخت بوو دوای ڕووداوێکی هاتوچۆ، یان بەربوونەوە لە بەرزایی یان زەبربەرکەوتن لەکاتی وەرزشکردندا.
- هەروەها پێویستە سەردانی پزیشک یان نەخۆشخانە بکرێت بۆ ئازاری پشت ئەگەر:

* ئازارەکە بەردەوام و سەخت بوو، بە تایبەتی لە کاتی شەو و لە ڕاکشاندا.
* ئازارەکە بڵاوبووەوە بۆ بەشی پشتەوەی ڕانەکان.
* لەگەڵ ئازارەکە بێهێزی پەلەکان و مێرووولەکردنت بەدیکرد لە یەک قاچ یا هەردوو قاچ.
* کێشەی میزکردن یا پیسایی کردنت هەبوو.
* تا و دابەزینی کێشی لەگەڵ بوو.

## هەر لە ماڵەوە ئازاری پشتت کەم بکەوە

- خۆ درێژکردن لەسەر زەوی لەسەر پشت، ئەژنۆکان و هەردوو جومگەی حەوزت بە گۆشەی 90 بنوشتێنەوە و قاچەکانت لەسەر کورسیەک دابنێ، ئەمە ڕێگایەکە بۆ لابردنی گوشار لەسەر بڕبڕەی پشت.
- بەکارهێنانی گەرمی یا ساردی بۆ کەمکردنەوەی ئازار.
- ئازارشکێنێک وەربگرە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەک پاراسیتامۆل یا ئیبۆپرۆفین. ئەگەری ڕوودانی ئاڵۆزییەکانی پرۆفین زۆرە ئەگەر بە بڕی زۆر و ماوەی درێژخایەن بەکاربهێنرێت.





# سەردانی پزیشک

د.زانیار نووری*

کەم کەس هەیە لە ئێمە کە بۆ جارێکیش بێت نەچووبێتە لای پزیشکێک بۆ چارەسەر. ئەوەی گرنگە کە ئەم سەردانە زۆربەی کات چەند گۆڕانکارییەک بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانەش: دۆزینەوەی نەخۆشییەکەت، یان زانینی نەخۆشییەک کە خۆت بۆ ئامادە نەکردبوو، هەروەها وەرگرتنی چارەسەر و بەستنەوەت بە چەند دەرمانێک یان چوونت بەرەو نەشتەرگەری. ئەمانە هەمووی لە لایەن نەخۆشەکەوە ڕوو دەدەن، ئەی لای پزیشکەکە؟

زۆرکات وا دەزانرێت کە سەردانی پزیشک هەمان شێوازی سەردانە بۆ بەڕێوبەرایەتییەک کە پێویستە مامەڵەیەکت تەواو بکەیت، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. بەڵکو کاتێک پزیشکێک دەتبینێت ئەوا کۆمەڵێک بڕیار دەدات کە ئاسان نین و بە پرۆسەیەکی زۆرجار ئاڵۆزدا دەڕوات تا وەکو بتوانێت ئەنجامێک بە تۆ بڵێت.

هەر جارێک پزیشکێک نەخۆشێک دەبینێت ئەوا کەسێکی نوێ و نەخۆشێکی نوێ دەبینێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پرۆسە فیکرییە ئەنجام بدات کاتی دەوێت، هەمووشمان دەزانین کە ئەمە مەسەلەی ژیانی مرۆڤێکە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە وڵاتە پێشکەوتووەکان سیستمێکیان داناوە بۆ کەمکردنەوەی سەردانی نەخۆش. چونکە ئەگەر ژمارەی سەردانەکان کەمتر بن، خزمەت و چارەسەرەکان باشتر دەبن.

لای ئێمە مەسەلەکە هەندێک جیاوازە .ڕاستە هەرێمی کوردستان سیستمێکی باشی نییە بۆ تەندروستی و بەڕێوەبردنی سەردانەکان، بەڵام خزمەتێکی باش هەیە. شارەکانی هەرێمی کوردستان بە باشترین دادەنرێن لە خزمەتی تەندروستی و شاری سلێمانی بە یەکەم دانراوە لە عێراقدا لەم بوارەدا. کێشەی گەورەی نەخۆشخانەکانمان بوونی قەرەباڵغییە، کە من بە شێرپەنجەی کاری تەندرووستی دادەنێم لێرە. بوونی ئەو ژمارە زۆرەی سەردانی نەخۆش وای کردووە کە پزیشک مەودای تەواوی نەبێت بۆ پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی. ئەو خزمەتەش کە دەبینرێت بە هۆی لە خۆبووورانی پزیشکان و کارمەندانەوەیە. کاتێک کە پزیشکێک لە ئەوروپا لە هەموو ڕۆژەکەدا 10 نەخۆش ببینێت و هەر نەخۆشێک نیو کاژێر زیاتری پێ بدات و پزیشکی ئێمەش تەنیا لە نیو کاژێردا 10 نەخۆش ببینێت.... ئەوکات دەزانین ئێمە چەند لە ژێر فشارداین.

* پزیشکی پسپۆڕی هەناو

### چارەسەرەکان:

1- هەرگیز سەردان مەکە بۆ تاقیکردنەوە، سەردان بکە بۆ تێگەشتن لە نەخۆشییەکەت.

2- بەردەوام تەماشای بەرنامە پزیشکییەکان بکە و بزانە لە چ کاتێکدا پێویستە سەردان بکەیت.

3- کاتێک چوویتە لای پزیشکەکە بە کورتی و پوختی بدوێ.

4- هەمووکات لە بیرت بێت لەبەر ئەو قەرەباڵغییە لەڕادەبەدەرە، مەرج نییە هەموو کارەکانت بە یەک ڕۆژ بۆ بکرێت.

بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت

# بودجەی عێراق مانگانە ملیارێک و 680 ملیۆن دۆلار کورت دێنێ



**محەممەد هادی**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، ئێستا بودجەی عێراق مانگانە ملیارێک و 680 ملیۆن دۆلار کورت دەهێنێت، لە ئەگەری دابەزینی زیاتری نرخی نەوتدا کورتهێنانەکە زۆرتر دەبێت و عێراق دووچاری قەیرانێکی گەورەی ئابووری دەکاتەوە.

عێراق و باشووری کوردستان چاوەڕێی پەسەندکردنی بودجەی 2015ی عێراق دەکەن لەلایەن پەرلەمانەوە، لە کاتێکدا عێراق ساڵی 2014ی بەبێ بودجە بەڕێکرد و قەیرانێکی ئابووری و دارایی گەورەی بۆ دروستکرد.

لە کاتێکدا ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەرقاڵی تاوتوێکردنی پڕۆژەی بودجەی گشتی عێراقن بۆ ساڵی 2015، خەرجییەکانی شەڕی داعش لەلایەک و دابەزینی نرخی نەوت لەلایەکی دیکە، تا دێت باری بودجەی عێراق قورستر دەکەن.

بەپێی پڕۆژەی گشتی بودجەی 2015ی عێراق، بڕی بودجەی عێراق 125 تریلیۆن و 203 ملیار دینارە، کورتهێنانەکەشی 25 تریلیۆن و 401 ملیار دینارە. ئەو قەبارەی کورتهێنانەش بە ڕێژەیەکی زۆر دادەنرێت لەلایەن بەرپرسانی عێراقەوە، ئێستا وەزارەتی دارایی عێراق دەیەوێت باجی سەر کۆمپانیاکانی گەیاندن و هەروەها کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل زیاد بکات بۆ ئەوەی کەلێنی کورتهێنانەکەی کەمتر بکاتەوە.

لە بودجەی 2015ی عێراقدا تێکڕای داهاتەکان بە 99 تریلیۆن و 801 ملیار دینار ئەژمار کراوە، 84%ی ئەو داهاتەش لە فرۆشتنی نەوتەوە دەستدەکەوێت.

ئەو داهاتەی کە لە فرۆشتنی نەوتی خاو دەست عێراق دەکەوێت دەگاتە 84 تریلیۆن و 668 ملیار دینار، ئەو ژمارەیەش لە کاتێکدا دانراوە کە هەر بەرمیلێک نەوت 60 دۆلاری خاوی دەکرد، بەڵام ئێستا نرخی بەرمیلێک نەوت لە خوار 50 دۆلارە.

هەروەها تێکڕای داهاتەکانی دیکەی عێراق کە خۆی لە وەرگرتنی باج بەگشتی و داهاتەکانی دیکە دەبینێتەوە، دەگاتە زیاتر لە 15 تریلیۆن دینار، ئەو داهاتەش گەورەترین ڕێژەی داهاتی نانەوتییە لە ماوەی 11 ساڵی رابردوودا لە عێراق، چونکە لە ساڵەکانی رابردوودا زیاتر لە 90%ی داهاتی عێراق، لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە دابین دەکرا.

عێراق بڕیارە لە ساڵی 2015 دا رۆژانە 3 ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل نەوتی خاو هەناردە بکات کە هەرێمی کوردستان دەبێت رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خاو لە کێڵگە نەوتییەکانی خۆی و 300 هەزار بەرمیل لە نەوتی پارێزگای کەرکووک بخاتە ژێر دەستی کۆمپانیای سۆمۆ، ئەمەش بەپێی دوایین ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا.

ئێستا نەوتی خاوی عێراق لە بازاڕەکانی جیهان بە 43 دۆلار دەفرۆشرێت، واتە 17 دۆلار کەمتر لەو نرخەی کە حکومەتی عێراق لە پڕۆژە بودجەی 2015 دایناوە بۆ هەر بەرمیلێک نەوت، بەمەش عێراق لە حاڵەتی هەناردەکردنی رۆژانە 3.3 ملیۆن بەرمیل نەوتدا لە 2015 ، بۆ هەر رۆژێک زیاتر لە 56 ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات ئەگەر هەر بەرمیلێک نەوت بە 43 دۆلار بفرۆشێت بەراورد بەو نرخەی کە بودجەی عێراق بۆی داناوە، بەمەش لە ماوەی یەک مانگدا تێکڕای ئەو کورتهێنانەی رووبەڕووی بودجەی عێراق دەبێتەوە دەگاتە یەک ملیار و 683 ملیۆن دۆلار.

پەرلەمانی عێراق ئێستا لە هەوڵی کەمکردنەوەی قەبارەی کورتهێنانی بودجەدایە، بەڵام ئەگەر بودجەی ئەمساڵ بە نرخی 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت پەسەند بکرێت، ئەوا ڕێژەی ئەو کورتهێنانە زیاتر لە 15 تریلیۆن دیناری دیکەی دەچێتە سەر، بەمەش ئابووریی عێراق رووبەڕووی قەیرانێکی زۆر گەورەتر دەبێتەوە.

# دابەزینی نرخی نەوت بە قازانج و زیانی کێیە؟

**عومەر ئەحمەد**

لە سەرەتای پایزی ئەمساڵدا، سندووقی نێودەوڵەتی دراو ناسراو بە IMF پێشبینی کرد ئەگەر نرخی نەوت بەردەوام بێت لە بەرزبوونەوە، وەک چۆن لەکاتی هێرشی داعش بۆ سەر عێراق گەیشتە سەرووی 115 دۆلار، ئەوا مەترسی بۆ ئابووریی جیهان دروستدەبێت.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوودا داعش دەستی بەسەر مووسڵدا گرت، دەستبەجێ نرخی نەوت بە ڕێژەی 20% بەرزبووەوە. ئەو کات IMF پێشبینی کرد ئەو بەرزبوونەوەیە ئابووری جیهان بە ڕێژەی 0.5% تا 1.5% دادەبەزێنێ.

هێرشەکانی داعش هێشتا لە عێراق بەردەوامە، رووسیاش دەستوەردەداتە کاروباری ئۆکراینا. ڕەوشی وڵاتانی دیکە وەک نایجیریا و لیبیا و سووریاش هێشتا خراپە، بەڵام لە مانگی حوزەیران بەدواوە نرخی نەوت لە 115 دۆلارەوە زیاتر لە نیوەی بەهاکەی لەدەستداوەو دابەزیوە بۆ 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. کەواتە کێ براوە و کێ دۆڕاوی دابەزینی ئێستای نرخی نەوتە؟

یەکەم براوەی دابەزینی نرخی نەوت، خودی ئابووریی جیهانە. هەر 10% دابەزین لە نرخی نەوت دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئابووریی جیهان بەڕێژەی 0.2%. کەواتە 50% دابەزینی نرخی نەوت، ئێستا بەڕێژەی 1% ئابووریی جیهانی پێشخستووە.

هەندێ لە وڵاتانی جیهان لە دابەزینی نرخی نەوت قازانج دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکە زیانی زۆریان پێدەگات.

وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت ئێستا رۆژانە نزیکەی 90 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنن. کاتێک کە نرخی بەرمیلێک نەوت بە 115 دۆلار بوو، داهاتی رۆژانەی بەرهەمهێنانی ئەو بڕە نەوتە دەیکردە 3.8 تریلیۆن دۆلار کە دەچووە گیرفانی بەرهەمهێنەرانی نەوت. بەڵام ئێستا نرخی نەوت 50 دۆلارە و داهاتی رۆژانەی ئەو نەوتە دەکاتە 1.6 ترلیۆن دۆلار. هەر وڵاتێک کە زیاتر لەوەی بەرهەمدەهێنێت، نەوت هاوردە دەکات، بەشێک لەو 2.2 تریلیۆن دۆلارەی بەردەکەوێت کە لە وڵاتانی بەرهەمهێنەرەوە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت گواستراوەتەوە بۆ وڵاتانی کڕیاری نەوت.

دابەزینی نرخی نەوت لە ئەمریکا هەروەکو جانێت یەلەن، سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەو وڵاتە رایگەیاندووە، ئەگەر زیان و قازانجەکانی لەیەکدی دەربکەیت، ئەوا ڕەنگە بە قازانجی ئەمریکا بشکێتەوە. هەرچەندە کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ناوچە جیاوازەکان لە ئەمریکادا دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە ئەو ویلایەتانەی وەک داکۆتای باکوور خاوەنی پڕۆژەکانی نەوتی لیتەیین، نیگەرانن لە راوەستانی ئەو پڕۆژانە و بێکاربوونی هێزێکی کاری زۆر، بەڵام ویلایەتەکانی دیکە وەک کالیفۆرنیا خۆشحاڵن بە دابەزینی نرخی نەوت، چونکە نرخی بەنزین و سووتەمەنی لە ئەمریکا هەرزان کردووە.

چین گەورەترین هاوردەکاری نەوتی جیهانە. بەپێی راپۆرتەکانی ساڵی 2013، دابەزینی هەر دۆلارێک لە نرخی نەوت ساڵانە داهاتی 2.1 ملیار دۆلار بۆ چین دەگەڕێنێتەوە. کەواتە ئێستا بە دابەزینی 65 دۆلار لە نرخی نەوت، چین ساڵانە 136 ملیار دۆلاری بۆ دەمێنێتەوە. زۆربەی ئەو نەوتەی کە چین هاوردەی دەکات بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا و شتومەک و هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان کە نرخەکانیان وەک خۆی ماوەتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتمانی ئەو وڵاتە و ئاسوودەیی زیاتری هاووڵاتیانی چینی.

بەڵام دابەزینی نرخی نەوت بۆ وڵاتە ئابوورییەکان لایەنی جیاوازی هەیە. ئەورووپا لە ساڵی 2013دا بەتەنیا 500 ملیار دۆلاری خەرجی هاوردەکردنی کاڵا کردووە کە 75%ی پەیوەست بە نەوت بووە. ئەگەر نرخی نەوت لەسەر 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک جێگیر ببێت، ئەو 500 ملیارەی تەرخانکراوە بۆ هەناردەکردن لە ئەورووپا، دادەبەزێت بۆ خوارەوەی 200 ملیار دۆلار. سەرەڕای ئەوە نیگەرانییەکی دیکە لە ئەورووپا دەمێنێتەوە، ئەوەش بەرزبوونەوەی ڕێژەی "چوونەوە یەک — DEFLATION الانكماش"ە کە چەندین ساڵە ئابووریی کیشوەری ئەورووپای لە جموجۆڵ خستووە. دابەزینی نرخی نەوت دەتوانێت ڕێژەی چوونەوە یەک لە ئەورووپا بەرزبکاتەوە، ئەوەش بەزیانی گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانەیە.

ئەو وڵاتانەی کە ئابوورییەکانیان بەگشتی لەسەر کشتوکاڵ راوەستاوە، باشترین قازانج لە دابەزینی نرخی نەوت دەکەن، لەبەر ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ گرێدراوە بە تێچووەکانی وزە و بە دابەزینی نرخی نەوت تێچووی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت. بۆ نموونە قازانجی دابەزینی نرخی نەوت بۆ هیندستان سێ هێندە دەبێت. یەکەم وەک چین تێچووی هاوردەکاری هیندستان دادەبەزێت. دووەم، هەرزانبوونی وزە زەختەکانی هەڵئاوسان لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە کە ئێستا لە 10% زیاترە، کەمدەکاتەوە. سێیەم، دابەزینی نرخی نەوت کورتهێنانی بودجەی ئەو وڵاتە بەڕێژەی 10% کەمدەکاتەوە.

بەڵام دابەزینی نرخی نەوت مەینەتیەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی زیادکردووە. سعودیە کە کاتێک نەوت 115 دۆلار بوو، ساڵانە 360 ملیار دۆلار داهاتی هەبوو، ئێستا بودجەکەی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە کەوتووەتە خوارەوەی هێڵی سوور.

وەلید بن تەلال، بازرگانێکی دەستڕۆیشتووی سعودی گوتوویەتی دابەزینی نرخی نەوت بۆ وڵاتەکەی بە مانای کارەساتە و سەرسوڕمانی خۆی دەبڕیوە کە حکومەتی سعودیە هەوڵێک نادات بۆ جێگیرکردنی نرخی نەوت.

لەبەر ئەوەی پاشەکەوتی زۆری کردووە، سعودیە دەتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێ، بەڵام کارەساتی راستەقینە بۆ وڵاتانی ڤەنزوێلا و ئێران و رووسیایە. بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت یەدەگی دراوی بیانی لە ڤەنزوێلا دابەزیوە بۆ 20 ملیار دۆلار و ئەگەر حکومەتی ئەو وڵاتە بەردەوام بێت لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، قەبارەی یەدەگی دراوی بیانی ئەو وڵاتە بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت. دابەزینی هەر دۆلارێک لە نرخی نەوت بۆ ڤەنزوێلا بە مانای لە دەستدانی نیو ملیار دۆلارە لە داهاتی نەوت و یەدەگی دراوی بیانی لەو وڵاتەدا. لەبەر ئەوەشە ڤەنزوێلا یەکەم وڵاتی ئۆپێک بوو کە دەنگی دەرهات و داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی ئۆپێکی کرد بۆ تاوتوێکردنی دابەزینی نرخی نەوت.


ئێران تەنانەت ڕەوشی لە ڤەنزوێلاش خراپترە، ئەو وڵاتە پێویستە نەوت بە نرخی 136 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بفرۆشێت تا بتوانێت خزمەتگوزارییەکانی بە هاووڵاتیان پێشکەش بکات. ساڵی رابردوو حکومەتی ئێران بە تەنیا 100 ملیار دۆلاری بۆ پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە بە هاووڵاتیان تەرخانکردووە و ئێستا لەبەر دابەزینی نرخی نەوت بەرپرسانی ئەو وڵاتە تووشی هیستێریا بوون و دەڵێن دابەزینی نرخی نەوت پیلانێکی نێودەوڵەتییە لە دژی ئێران و وڵاتانی موسڵمان.

رووسیاش لە بودجەی 2015دا، نرخی نەوتی بە 100 دۆلار داناوە، ئەگەر حیسابی 50 دۆلار بۆ هەر بەرمیل نەوت لە ئێستا بکەین، ئەوە بە مانای نیوە بوونی بودجەی 2015ی رووسیا دێت و لەبەر ئەوەش ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی رووسیا ناتوانێت لانیکەم نیوەی بەڵێنەکانی بە خەڵکی وڵاتەکەی جێبەجێبکات.

عێراقیش کە ڕەوشی دیارە، گرفتاری ئەو هەموو کێشەو ئاڵۆزییە ئەمنیانە بووەتەوە کە تەنانەت چەند مانگ لەمەوبەر حیسابی بانکی ناوەندی تەنیا چەند ملیۆن دۆلارێکی تێدا مابوو، ئەوەش لەبەر ئەو بێ حیساب خەرجکردنانەی حکومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی. کاتی خۆی کە نرخی نەوت لەسەرووی 100 دۆلار بوو و ئەو وڵاتەش دهاتێکی باشی هەبوو، بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنی وڵات هێشتا هاووڵاتییان لە کەمترین خزمەتگوزارییەکان بێبەشن و داهاتی نەوتیش هەر بەفیڕۆ دەچوو، نەخاسمە بۆ ئەم ڕەوشەی ئێستا کە داهاتەکانی ئەو وڵاتە بۆ زیاتر لە نیوەی دابەزیوە و تووشی شەڕێک بووەتەوە کە ناتوانێت خەرجییەکانی دابین بکات.



(فۆتۆ: AFP)



هێمن خۆشناو

# HDP و یارییەکی چارەنووسساز

بڕیاری بەشداریکردنی پارتی دیموکراتی گەلان HDP وەکو حیزب لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی تورکیادا زۆرترین پرسیاری بەدوای خۆیدا هێناوە. سەرەکیترین پرسیار ئەوەیە کە رەهەندەکانی پشت ئەو بڕیارە چین؟ ئەوەی دیارە، بڕیارەکە چارەنووسسازە و راستەوخۆ پەیوەستە بەو گۆڕانکاریانەی لە تورکیا و ناوچەکە روودەدەن.

## کورد و هەڵبژاردنەکانی تورکیا

لەسەرەتای سالانی 1990، تا دەچوو کاریگەریی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان زیاتر دەبوو، بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی سیاسی و بەشداریکردنی لە هەڵبژاردن هاتەئاراوە. پەرلەمانتارانی کورد ریزەکانی پارتی گەلی سۆسیال دیموکرات (SHP) یان بەجێهێشت و پارتی رەنجی گەل (HEP) یان دامەزراند. سەرەتا گفتوگۆیان لەگەڵ پارتی رەفا (RP) کرد بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لە هەڵبژاردن، بەڵام لە کۆتاییدا لەگەڵ SHP رێککەوتن و لە هەڵبژاردنی 20ی تشرینی دووەمی 1991 پارتی رەنجی گەل بۆ یەکەم جار 22 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

تا 22ی تەممووزی 2007 لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا، بزووتنەوەی کورد بەهۆی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردن، بێ توانایی لە دۆزینەوەی هاوپەیمانێک لەشێوەی (SHP) و هەروەها بەشدارینەکردن بە کاندیدی سەربەخۆ، نەیتوانی نوێنەرەکانی بگەیەنێتە ناو پەرلەمانی تورکیا. بەڵام لە هەردوو هەڵبژاردنی 2007 و 2011 دا، کورد بێچارەیی تێپەڕاند و بە کاندیدی سەربەخۆ نوێنەرەکانی بردە پەرلەمانی تورکیا.

## HDP گرەو لەسەر چی دەکات؟

پێدەچێت بەشداریی HDP بەناوی خۆیەوە لە هەڵبژاردنی حوزەیرانی داهاتوودا بڕیارێکی ستراتیژی بێت نەوەکو تەکتیکی وەک ئەوەی هەندێک لە چاودێرانی سیاسی باسی دەکەن، چونکە هەریەک لە قەندیل و ئیمراڵی پشتیوانی لەو بڕیارەی HDP دەکەن. ئاخۆ HDP پشت بە چ حیساباتێک دەبەستێ بۆئەوەی رێژەی 10%ی بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنێ؟ HDP ناتوانێ پشت بە رێژەی دەنگەکانی سەلاحەدین دەمیرتاش (9.7%) ببەستێ کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە ساڵی 2014 هێنای، چونکە رێژەی دەنگەکانی دەمیرتاش 10%ی تێنەپەڕاند، لە کاتێکدا تەنیا 71%ی دەنگدەرانی تورکیا بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد. بەشی هەرە زۆری ئەوانەشی بەشدارییان لە هەڵبژاردن نەکرد، خەڵکی رۆژئاوای تورکیا بوون، کەواتە لە ئەگەری بەرزبوونەوەی رێژەی بەشداریدا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، دەنگەکانی HDP زۆر کەمتر دەبێ لەوەی دەمیرتاش هێنای.

رەهەندێکی دیکە کە HDP بۆ پەڕینەوە لە بەربەستی هەڵبژاردن پشتی پێدەبەستێ، بەستنی هاوپەیمانییە لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکە. ئەو هێزانەشی هاوپەیمانێتی لەگەڵ HDP دەکەن دوو جۆرن: یەکەمیان هاوپەیمانە سروشتییەکان (دەمدرێژ) وەکو ژووری پیشەوەران، پارێزەران، ئەیتم سەن،İHD و ئەوانەی دیکە کە لەڕووی فیکرییەوە لە HDP نزیکن، بەڵام ئەو هاوپەیمانانە قورساییان لەسەر دەنگدەر بەشێوەیەک نییە کە بتوانن ببنە فاکتەری گۆڕینی هاوسەنگیەکانی هەڵبژاردن. جۆری دووەمیش هاوپەیمانە نوێیەکانن، زیاتر ئەو پارت گرووپانە دەگرێتەوە کە لە رۆژئاوای تورکیا کاران، وەکو CHP. تا پێش چەند رۆژێک دەنگۆی هاوپەیمانێتی HDP و CHP بەربڵاو بوو، بەڵام جەمیل بایک هاوسەرۆکی کەجەکە کۆتایی بەو دەنگۆیە هێنا کاتێک گوتی: "هاوپەیمانێتی HDP لەگەڵ CHP کارێکی هەڵەیە". بێگومان زۆر زەحمەتە ئەمڕۆ لە تورکیا دۆخێکی وەکو ساڵی 1991 دووبارە ببێتەوە و پارتێکی کوردی کە هەژموونی PKK ی لەسەرە، لەگەڵ پارتێکی وەکو CHPببنە هاوپەیمانی یەکتر. چونکە بەگوێرەی یەکەمیان CHP پارتێکی سەر بەو سیستەمەیە کە چەندین ساڵە قەتڵوعامی کورد دەکات. دووەمیشیان کە CHP یە نەمومکینە بتوانێ لەبەر فشاری رەوتی نەتەوەپەرستی ناو ئەو پارتە ببێتە هاوپەیمانی بزووتنەوەی کوردی. بۆیە HDP لەڕێی پەرلەمانتارە بە رەگەز تورکەکانیەوە بەدوای هاوپەیمانێکی نوێدا دەگەڕێ. ئەرتۆگروڵ کوروکچو پەرلەمانتاری HDP دان بەو راستیەدا دەنێت و بۆ میدیاکانی تورکیا بەر لەچەند رۆژێک دەڵێت: "دەزانین رێژەی دەنگەکانمان ناگاتە 10%. گەیشتن بەو رێژەیە پێویستی بە دوو مەرجە. یەکەمیان چۆنایەتی کاندیدەکان و دووەمیشیان خیتابی هەڵبژاردن و دروستکردنی کاریگەری سیاسیە لەسەر دەنگدەر". پێدەچێت HDP بتوانێ کاندیدی باش ببینێتەوە. یەکێک لەو بزووتنەوانەشی HDP دەخوازێ هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستێ، بزووتنەوەی حوزەیرانی یەکگرتووە کە بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی چەپڕەوە و لەدوای خۆپێشاندانەکانی پارکی گەزی، لە 19 تشرینی دووەمی 2014 وەکو بزووتنەوەیەکی گەنجانەی بەرفراوان کە چەندین پارتی سیاسی، رێکخراوی مەدەنی و ئەکادیمی و پەرلەمانتار لەخۆدەگرێت، دامەزراندنی خۆی راگەیاند. بەڵام ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو بزووتنەوەیە کاریزمایەکی نییە سەرکردایەتی بکات و بتوانێت ببێتە ناوەندی بڕیار. هەروەها چەندین کەسایەتی و باڵی ناو ئەو بزووتنەوەیە رەخنە لە HDP دەگرن لەبەرئەوەی ئامادە نەبوو لەگەڵ دامەزراندنی بچێتە ناو ئەو بزووتنەوەیە. لەوبارەیەشەوە ئەرتۆگروڵ کورکچو پەرلەمانتاری HDP دەڵێت:" لە پرۆسەی دامەزراندنی بەشداریمان نەکرد، بەڵام ئەوە بە واتای ئەوە نایەت کە ناخوازین لەناو بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی لەوجۆرە جێبگرین".

ئەوەی هاوپەیمانێتی ئەو دوو لایەنە زەحمەتتر دەکات، ئەوەیە کە هەردوولا لە چوارچێوەی دینامیکی کۆمەڵایەتی جیاواز هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگدەر دەدەن. HDP زیاتر هەوڵ دەدات بە زەقکردنەوەی کێشەی کورد و چارەسەری ئەو کێشەیە دەنگ بهێنێ، بەڵام بزووتنەوەی حوزەیران لەژێر ناوی بەرتەسککردنەوەی دیموکراسی و نادادپەروەری روو لە دەنگدەران دەکات. بۆیە پێدەچێت HDP لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە زیاتر بخوازێت دەنگدەرانی ئەو بزووتنەوەیە بۆ لای خۆی پەلکێش بکات. لێدوانەکانی هەردوو سەرکردەی PKK دوران کالکان و موستەفا قەرەسوو لەم دواییەدا کە باسی گرنگیی ئەو بزووتنەوەیە دەکەن بۆ بەرفراوانکردنی دیموکراسی و ئازادی و دادپەروەری لە تورکیا، ئاماژەیەکە بۆ ئەو هەوڵەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد. بەکورتی ئەگەر HDP سەرکەوتووش بێت لە دۆزینەوەی هاوپەیمان و کاندیدی کاریگەریش، هێشتا مەسەلەی تێپەڕاندنی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردن شتێکی ئاسان نییە و ئەگەر رووبدات موعجیزەیەکە.

هەموو ئەمانە نیشانمان دەدەن کە بەشداریکردنی HDP لەژێر ناوی حیزب نەوەکو بە کاندیدی سەربەخۆ، یارییەکی مەترسیدارە و لەوانەیە ئەو پارتە لەژێر بەربەستی هەڵبژاردن بهێڵێتەوە. مانەوەش لەژێر بەربەستی 10% بە واتای بەهەدەردانی رەنجی چەند ساڵەی باڵی یاسایی بزووتنەوەی کوردە.

باشە تۆ بڵێی HDP بیری لە دەرئەنجامی نەگەیشتنی بە پەرلەمان نەکردبێتەوە؟ تۆ بڵێی HDP و PKK نەزانن ئەگەر بێت و نەگەنە رێژەی 10% هەموو دەنگەکانیان بۆ ئاکپارتی دەبێت و لە ئەنجامدا ئەردۆغان رێژەی دەستووری تێدەپەڕێنێ و دەتوانێ سیستەمی حوکمڕانی بۆ سەرۆکایەتی بگۆڕێت و کوردیش وەکو ماندووی رەنج بەخەسار لە یارییەکە ماڵئاوایی دەکات؟

## HDP بۆچی ئەو یارییە دەکات؟

ئەو بڕیارەی HDP کە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، راستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی چارەسەری کێشەی کوردەوە هەیە کە لە مانگی ئاداری 2013ەوە بە فەرمی دەستپێکراوە. بۆ تێگەیشتن لەو بڕیارە پێویستە هەڵوەستە لەسەر خوێندنەوەی PKK بۆ پرۆسەی چارەسەری بکەین. قەندیل لە زۆربەی بۆنەکاندا دووپاتی دەکاتەوە کە پرۆسەی چارەسەری بۆ ئەوان کۆتایی هاتووە، ئەردۆغان و ئاکپارتی بە مەرامی تەکتیکی بانگەشەی بەردەوامیی پرۆسەکە دەکەن. قەندیل پێیوایە ئەردۆغان وەکو ساڵی 2011 دوای هەڵبژاردن پرۆسەکە لەبار دەبات و جارێکی دیکە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داواکاریەکانیان دەداتەوە. بۆیە هەڕەشە دەکەن کە ئەگەر حکومەت بەر لە هەڵبژاردن لەگەڵیان نەگاتە رێککەوتن، ئەوان راپەڕینی جەماوەری وەکو ئەوەی لە 6-7 ی تشرینی دووەمی رابردوو بۆ ئیدانەکردنی سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر کۆبانێ دەستپێدەکەن. بۆیە ناکرێ بڕیارەکەی HDP بەبێ خوێندنەوە بۆ تێگەیشتنی PKK لە پرۆسەی چارەسەریی کێشەی کورد دەرکرابێت. لەم روانگەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڕیاری بەشداریکردنی HDP لەژێر ناوی پارتی نەوەکو بەربژێری سەربەخۆ، بڕیارێکی ستراتیژییە و لەدوای هەڵوەستە لەسەر هەردوو رەهەندی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندنی بەربەستی 10%ی هەڵبژاردن دراوە.

HDP پێیوایە بە کاندیدی سەربەخۆ ناتوانن لە پەرلەمانی داهاتووی تورکیادا ببنە ژمارەیەکی کاریگەر. بۆیە ئەوان هەوڵەکانیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی رێژەی 10%ی بەربەستی هەڵبژاردن تێپەڕێنن، ئەگەر ئەوە بەدەستهات دەستکەوتێکی گرنگە، چونکە لانیکەم ژمارەی نوێنەرانیان دەگەیەننە زیاتر لە 80 نوێنەر، بەڵام ئەگەر بەدەستنەهات، نابێتە شکستێکی سیاسی چونکە لە روانگەی HDP و قەندیلەوە:

– پەرلەمانی تورکیا تاکە شوێنی سیاسەت نییە. ئیرادەی پەرلەمان رەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد نەبووە. لە روانگەی HDP و PKK ەوە پەرلەمان لە رابردوودا بۆ ناساندنی بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرنگ بوو، بەڵام ئەمڕۆ لەسایەی هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا ئەو گرنگیەی جارانی نەماوە.

– ئاکەپە نەهاتە سەر مێزی رێککەوتنی چارەسەری کێشەی کورد، بۆیە پرۆسەکە لەباردەچێت.

– ئەگەر پرۆسەکە لەبارچوو، جێبەجێکردنی مۆدێلی رۆژئاوای کوردستان دێتە گۆڕێ. بە تایبەتی رووداوەکانی 27ی کانوونی یەکەمی رابردوو نیشانیدا جەزیرە بووە مەیدانی تاقیکردنەوەی یەکەم ئەزموونی خۆسەری دیموکراتی کە چەندین ساڵە PKK ئامادەکاری بۆ دەکات. بینیمان باڵی گەنجانی پەکەکە (YDGH) چۆن بە لێدانی خەندەق لە نێوان گەڕەکەکانی شارۆچکەی جەزیرە رێگایان لە زرێپۆشەکانی پۆلیس گرت. دوورنییە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەزموونی شارۆچکەی جەزیرە لەچەند ناوچەیەکی دیکەی باکووری کوردستان دووبارە ببێتەوە و شەڕی خەندەق لەناو شار و شارۆچکەکان ببینین.

– پەیامێکە بۆ ئاکەپە کە ئێمە هیچی تر چاوەڕوانی ئێوە ناکەین و بە توانای خۆمان چارەسەری دەکەینە ئەمری واقیع.

– ئۆباڵی بەرپرسیارێتی لەبارچوونی پرۆسەکە ناکەوێتە ئەستۆی بزووتنەوەی سیاسیی کورد، چونکە دوای رووداوەکانی کۆبانێ خوێندنەوەی جیهانی رۆژئاوا بۆ PKK گۆڕاوە. بە پێچەوانەشەوە تا دەچێت نیگەرانیەکان لە بەرامبەر ئەردۆغان و مۆدێلی حوکمڕانیەکەی زیاتر دەبێت.

هەموو ئەو هۆکارانە پێماندەڵێن بڕیاری HDP لەمەڕ شێوازی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیرانی 2015 بڕیارێکی سەرەڕۆ نییە، یان وەکو هەندێک میدیای تورکی باسی دەکەن کە بڕیاری ئۆجەلانە و قەندیل و ئیمراڵی ناکۆکییان لەبارەیەوە هەیە. بەڵام ئەوەی روون نییە، ئەوەیە کە ئایا بزووتنەوەی کوردی دەتوانێ سوود لەو بڕیارە وەربگرێت و بیکاتە خاڵی وەچەرخان وەکو رووداوەکانی کۆبانێ و لە سایەیدا رەوایەتی زیاتری نێودەوڵەتی بەدەستبێنێ. زۆر نەماوە دەرئەنجامی ئەو بڕیارە ببینین. لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی داهاتوودا لەگەڵ ساڵیادی 15مینی دەستگیرکردنی ئۆجەلان تا کۆتاییەکانی نیسان ئەنجامەکان دەبینین.



غیاسەددین نەقشبەندی

# داعش و خوشکە دەمامکدارەکانی

پێموایە پەلاماری ئەمجارەی ئیسلامییەکانی فەرەنسا دەبێتە هۆیەک بۆئەوەی تەواوی جیهانی پێشکەوتوو بە بڕیارەکانی کۆچبەری و پێکەوەژیان و مافی مرۆڤدا بچێتەوە و فەزای ئازادیی تاک تەسکتر بکەن، ئەو دەسکەوتانەی کە بەسەدان ساڵ خوێنی لەپێناودا رژاوەو فەیلەسوفی مەزن کار و شەونخونییان کردووە لەپێناو ئەو مافانەی کە بە دەسکەوتی هەرە گەورەی مرۆڤایەتی دەژمێردرێن. جگە لەمەش رێگا بۆ شەپۆلی راست و راستی رادیکال لە وڵاتە پێشکەوتووەکان خۆشدەکات بۆ ئەوەی ببنە قەڵغان بۆ ئەو شەپۆلە ترسناکەی کە مەترسی راستەوخۆی لەسەر ژیار و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەگشتی هەیە، راستی رادیکاڵ لەوەی ئێمە زۆر باشتر نییە و ئەگەر رێگای پێبدرێت زۆر بەتوندی وەڵامی کارە تیرۆریستییەکان دەدەنەوە و ئەورووپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان دەکەنە دۆزەخ بۆ بیانیەکان، جگە لەوەی ئەم رووداوە تیرۆریستییە یەکێکە لە رووداوە ترسناکەکان بۆ بەها و ئاکاری لیبراڵی لە جیهان و تاوانێکی گەورەشە، بەڵام دەبینین ئێستاش خەڵکی وا هەن پێیانوایە کە کارێکی چاک کراوەو سەرکەوتنە بۆ ئیسلام، لەبەرئەوەی باسی موقەدەساتی ئیسلامیان کردووە و موستەحەقن وایان بەسەربێت!

راگەیاندن و میدیاکانی کوردستان لە شەش مانگی رابردوودا هیچیان نەهێشتووە لەسەر داعش نەیلێن، باسی مەترسی و خراپکاری و وێرانکاریی داعشیان کردووە، بەڵام کەسێک باسی خوشکەکانی نەکردووە. ئەو خوشکانەی کە بەهیچ شێوەیەک لەداعش دانابڕێن، تەنانەت ئەگەر زڕخوشکیش بن، هەموویان لەبن نیقاب وەک شانەی نووستوو خۆیان بە جۆرەها دەمامکەوە شاردووەتەوە، ئەو خوشکە سەرپۆشانەی کە تەنیا لە حزوور و دەسەڵاتی ئەودا پۆشیەکانیان هەڵدەگرن و چارە ناشیرینەکەی خۆیان پێشانی خەڵک دەدەن، کاتێک خوشکە گەورەکەیان لە دەسەڵات نابێ، لەژێر دەمامکی حیزبی رێگاپێدراو بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکەن، بۆیەش ئێمە ناتوانین بزانین کە داعش چەند خوشکی هەیە، لەراستیشدا پێشمەرگە بە زەند و بازووی پۆڵایین نەیانهێشت بزانین کە چەند خوشکی لەکوردستان هەیە، خوا نەکات ئەگەر داعش کوردستانی داگیرکردبا ئەوسا دەمانزانی چەند خوشک و زڕخوشک و خوشکەزای هەتیوی هەیە، ئەو خوشکانەن کە زۆر لەداعش ترسناکترن، چونکە شاردراوەن و ئێستاش پێیانوایە ئاینێکی ئاسمانی بەچەند کاریکاتۆرێک سووک دەبێت.

پێموانییە کەسێک هەبێت بەقەدەر من هاتنی "ئیسلامی سیاسی" پێ ناخۆش بێت، چونکە قەناعەتێکی زۆرم بەوە هەیە کە تێکەڵکردنی ئاینی پیرۆز لەگەڵ سیاسەت، هەردووکیان دادەرمێنێ و وڵات دەکاتە دۆزەخێک کە تەنها درندەی وەکو خۆیان بتوانن لەناویدا بژین، بەڵام کە کارەکە دێتە سەر بەرژەوەندیی باڵا و ئاسایشی نەتەوەیی، یەکسەر ستۆپێک دەگرم و جارێکی دیکە پێدادەچمەوە، ئایا داعش جگە لەو زیان و خراپیانەی کە هەمووومان دەیزانین، چ سوودێکی بۆ ئێمە هەبووە و لەدوارۆژدا چ سوودێکی دەبێت؟ دەبێ بتوانین بە دیدێکی دوور لە سۆز و هەڵچوون چاکەکانیشی بخوێنینەوەو لەپێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان بیانکەین بە خاڵی وەبەرهێنان بۆ داهاتوو، چونکە سیاسەتی سەرکەوتوو ئەوەیە کە بتوانی رووداوە خراپ و مەترسیدارەکان لە بەرژەوەندیی خۆماندا بقۆزینەوە و بیانکەین بە خاڵی پۆزەتیف بۆ دوارۆژی نەتەوەمان.

هاتنی داعش جگە لە زیان و مەترسییەکەی بۆ سەر ئەزموونی کوردستان و رژاندنی خوێنی بەسەدان پێشمەرگە و تاڵانکردن و رفاندنی ژنی کورد، چاکەی خۆیشی هەبووە، بەندی سەدوچلی دەستووری عێراقی کرد بە فاکت، حکومەتی بەغدای وا لاوازکرد کە بتوانین وتووێژی لەگەڵ بکەین، کوردی کرد بەیەک دەنگ، پێشمەرگەی کرد بەهێزێکی ناسراو لەسەر ئاستی جیهان و ئێمەی گورجوگۆڵ کردەوە، بۆیەش بەدووڵییەوە نالێم: لەناوبردنی داعش بەیەکجارەکی لەبەرژەوەندی ئێمەدا نییە، زیانەکان کراون و جارێکی دی وەکو خۆی لێنایەتەوە، با داعش بمێنێ، بەڵام دوور لەئێمە و تەنها وەک خاڵێکی فشار لەسەر بەغدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان، وابزانم دوای هەڵی داعش، جارێکی دیکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکان هەلێکی واچاکمان بۆ نارەخسێنن.

بڕوایەکی زۆرم بەوە هەیە کە شتێک نییە بەناوی قۆناغی پاش داعش، داعش خاڵی گۆڕینی یەکجارەکییە، کە جارێکی دیکە گشت دەڤەرەکە وەکو خۆی لێنایەتەوە و هێڵ و سنووری نوێ بۆ دەڤەرەکە دادەمەزرێن و داعشیش بەفۆڕمێکی نیانتر خۆی دەکاتە نوێنەری سوننە و مەترسی ئەوەشی هەیە لەگەڵ بەغدا بەڕێککەوتنێک بگەن کە زیانی ئێمەی تێدابێت، بۆیەش دەبینین کاتێک داعش بەهێزدەبێ، بەغدا خۆی کڕدەکات و بودجە دەنێرێت و خۆی دەکاتە پیاوچاک، هەر ئەوەندەی داعش لاوازبوو، بەغدا بەزمانێکی تر و تۆنێکی تر قسەمان لەگەڵ دەکات، بۆیەش بەهەڵە ناچم ئەگەر بڵێم: مفاوەزاتمان لەگەڵ بەغدا دەبێ لەکاتێکی وادابێت کە بەغدا لەوپەڕی لاوازیدا بێت لەدەستی داعش، ئەگینا دەرەقەتی ناهێین، بەڵگە بۆ ئەم قسانەش مادەی 140 و شوێنە دابڕاوەکانی کوردستانن کە ئێستا لەڕووی لەشکرییەوە لەدەست پێشمەرگەدان، بەڵام هیچ جارێک دەسکەوتی لەشکری کۆتایی بە ریالیتی ناهێنێت، دەشێ یارمەتیدەرێک بێت بۆ ئەنجامدانی پێکهاتنی سیاسی لەبەرژەوەندی خۆمان، بەڵام خۆی لەخۆیدا کۆتاییهێنەر نییەو دەشێ بەیەک بڕیاری سیاسی بویەرەکە لەپێشان خراپتری لێبێت و وانە هەزارجارییەکەی کە هیچی لێ فێرنەبووین دووبارە ببێتەوە، چونکە مفاوزی چاکمان نییە و ناتوانین بەمفاوەزات نەک خاکی خۆمان تەنانەت تاشەبەردێکیش لەبەردەستی حکومەتی بەغدا دەربێنین.

ئێستا بێ ئەوەی چاوەڕێی چاکە و خراپەی عەبادی بکەین، دەبێ واز لە قەیرانی مووچە بێنین و دەستبەجێ مفاوەزاتی شوێنە کێشە لەسەرەکان بەڕێگای دیپلۆماسی و لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان و هێزە باڵادەستەکان بکەین، بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوتانەی لە مەیدانی جەنگ بەدەستمان کەوتوون، لە سەر مێزی دانوستاندن نەیاندۆڕێنین.

**کۆتایی: داعش باشترە لە خوشکەکانی، چونکە بێ دەمامکە.**



زانا بەهرام
zana_bahram@yahoo.co.uk

# 2014 و لەگۆڕنانی خەونی بەدەوڵەتبوونی چوار هەرێم

ساڵی 2014 بۆ چوار هەرێم لەسەر ئاستی جیهان ساڵێکی شووم بوو، هەریەک لە سکۆتلەندا، کەتەلۆنیا، فەلەستین و باشووری کوردستان هەنگاویان نا بەرەو راگەیاندنی دەوڵەت، بەڵام خەونەکەیان لانیکەم لەم ساڵەدا نەهاتەدی و ناچارمان چاوەڕوانی دەرفەتێکی زێڕینی دیکە بکەن.

لە کۆتاییەکانی ساڵی 2014 دا هەریەک لە هەرێمی کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا ریفراندۆمیان سازکرد و خەڵکەکەیان بردە سەر سندووقی دەنگدان، بەڵام سکۆتلەندا بەهۆی نەهێنانی دەنگی پێویست بۆ جیابوونەوە و کەتەلۆنیاش بەهۆی بەپیرەوەنەچوونی خەڵک بۆ ریفراندۆم لەلایەک و دانپێدانەنانی ئەو ریفراندۆمە لەلایەن ئیسپانیاوە لەلایەکی دیکە، خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان بۆ کاتێکی نادیار لەگۆڕنرا.

رەنگە نموونەکانی کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا لەیەک بچن و تەنها رێگەیەکیش لەبەردەم دەسەڵاتداران و سیاسییە ناسیۆنالیستەکانی ئەو دوو هەرێمە لە ئەورووپای رۆژئاوا ئەوە بێت کە سەرەتا دڵنیایی ئابووری بدەنە هاووڵاتیەکانیان، چونکە ئەوەی روون بوو لە هەریەک لەو دوو ریفراندۆمەدا، باوەڕنەبوونی خەڵکی ئەو دوو وڵاتە بوو بە سەرکردە و پرۆژە ئابوورییەکانیان بۆ دوای سەربەخۆیی، کە چۆن بتوانن بەبێ ئیسپانیا و بەریتانیا بژێوی رۆژانەیان دابین بکەن و بارودۆخی ئابووریان لانیکەم بەرەو خراپتر نەڕوات. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەردوو هەرێمەکە لە رووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە زۆر دەوڵەمەندن.

باشترین نموونەش وتەی ئەو هاووڵاتیە سکۆتلەندیەیە، کاتێک کە تەنیا دوو رۆژی مابوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی سکۆتلەندا، لە یەکێ لە تەلەڤیزیۆنەکانەوە گوتی، من دەنگ نادەم بە بەڵێ بۆ سکۆتلەندایەکی سەربەخۆ، چونکە لەوانەیە جیابوونەوەمان لە بەریتانیا کاریگەری خراپی ئابووری لەسەر بازاڕ و دووکانەکەم هەبێت. ئەمە لەلایەک دەرخەری ئەو راستیەیە کە خەڵکی کەتەلۆنیا و سکۆتلەندا بە شێوەیەکی سەرەکی لایەنە ئابوورییەکە بەلایانەوە گرینگترە نەک چارەنووسی وڵاتەکەیان، هەروەها دەرخەری ئەو راستیەشە کە ئەوەی بەسەر خەڵکی فەلەستین و باشووری کوردستان هاتووە لە جینۆساید و کۆمەڵکوژی و داگیرکاری، بەسەر خەڵکی سکۆتلەندا و کەتەلۆنیا نەهاتووە، بۆیە رەنگە بۆ منێکی کورد ئاسایی بێت لەبەرامبەر وەڵامی ئەو سکۆتلەندییە تووشی شۆک بم. چۆن لەبەر ئەگەری مەترسیی ئابووری لەسەر دووکانەکەی لە پاشەڕۆژدا، ئامادە نییە دەنگ بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی بدات؟

بەڵام ئەی بۆ هەوڵەکانی هەریەک لە فەلەستین و باشووری کوردستان بۆ راگەیاندنی دەوڵەت لە ساڵی 2014 سەریان نەگرت؟ خۆ ئەگەر سبەی چ لە باشووری کوردستان یان لە فەلەستین ریفراندۆم بکرێت زۆرینەی خەڵک دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن. ئەی بۆ دەبێت فەلەستین ئەو هەموو رێگەیە ببڕێت لە رامەڵڵاوە بچێت بۆ نیویۆرک و هەوڵی رازیکردنی دەوڵەتان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات، تا دان بەدەوڵەتێک یان لانیکەم بە پرۆژەی کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ئیسرائیلدا بنێن لەسەر خاکی فەلەستین؟ لەگەڵ ئەوەشدا بینیمان شەوێک پێش سەری ساڵی 2015 فەڵەستینییەکان شکستێکی دیکەی سیاسییان خوارد لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کاتێک دەنگی پێویستیان نەهێنا لەسەر ئەو پرۆژەیەی کە ئوردن پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی کردبوو بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین. بێگومان ئەمریکا هۆکاری سەرەکی بوو لەبەردەم شکستی ئەو هەوڵە سیاسی و یاساییەی فەڵەستینیەکان، بەڵام ئایا ئەو رێگە یاسایی و سیاسیانە، فەڵەستین دەگەیێننە بەدیهاتنی خەونەکەیان؟

وەڵامەکەی نەخێرە، چونکە وەک چۆن لە شەوی دەنگدانەکەی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە تەلەفۆن توانی چەندان دەوڵەت پاشگەز بکاتەوە لە دەنگدان لەبەرژەوەندی فەڵەستین، کەواتە هەر هەوڵێکی فەڵەستینییەکان لە دژی ئیسرائیل ئەگەر ئۆکەی ئەمریکای لەگەڵ نەبێت، یەکسان دەبێت بە شکست، تەنها رێگەیەکیش لەبەردەم فەڵەستینییەکان ئەوەیە کە وڵاتانی کەنداو هانبدەن بۆئەوەی گوشاری ئابووری بخەنە سەر ئەمریکا لەبەرامبەر سازشکردن و ناچارکردنی بە داننان بە پرۆژەی کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەڵەستین.

دەکرێت بڵێین بەربەستە ئابوورییەکان بۆ باشووری کوردستانیش هەر راست بوون کە نەیتوانی هەنگاوی کرداری بنێت بۆ بوون بە دەوڵەت لە 2014دا، چونکە ئەگەر بیرمان بێت دوای ئەوەی لە حوزەیرانی 2014 مووسڵ لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کرا و سوپای عێراق هەموو ئەو ناوچانەی جێهێشت کە بە ناوچەی کێشە لەسەر هەژمار دەکرێن، ئیدی سەرکردایەتی کورد پێیوابوو کێشەی خاکمان نەما و پێشمەرگە هەموو ئەو شێوێنانەی گرتەوە، هەروەها ناکۆکییەکانیش لەگەڵ مالیکی گەیشتبوونە ئاستێک کە نەدەتوانرا چارەسەر بکرێن، بۆیە ئیدی کاتی هەنگاونانە بەرەو ریفراندۆم، بۆ ئەو مەبەستەش بارزانی چووە پەرلەمانی کوردستان و داوایکرد کە دەستبکەن بە دروستکردنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە زووترین کات، بەڵام بەهۆی سەرپێنەکەوتنی تەواوەتی ئابووریی باشووری کوردستان و ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لەلایەن بەغداوە لەسەر هەرێم سەپێنرا، ئیدی هەنگاوەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پشتگوێخران، بەڵام وەک چۆن باشووری کوردستان بەهۆی پێگە ئابووریەکەیەوە پارێزرا لەلایەن ئەورووپا و ئەمریکاوە کاتێک کە هەڕەشەی داعشی کەوتە سەر، بەهەمان شێوەش رەنگە پێویستیی وڵاتان بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ببنە هۆکار بۆ چاونوقاندن لە ئاست دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە داهاتوودا، بەڵام رەنگە خەونی سکۆتلەندی و کەتەلۆنی و فەڵەستینییەکان جارێک زۆری مابێت بێتەدی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



گۆران محەممەد

# خوێڕی و ئەحمەق

توخـوا کەس خۆیم لـێ نەکا بە مامۆستای ڕەوشتبەرزی و بڵێ ئەم جنێوانە بۆ نووسـین ناشـێن، ئاخر کاتێ بیر لە ئیسـلامییەکی کوردی تونـدڕۆ دەکەمەوە کە بە ریشـێکی درێـژەوە لـە یوتیوبـدا دەڵێ "ئەم ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوە ئینشائەڵڵا بە پێشـمەرگە کافر و مورتەدەکاندا دەتەقێنینەوە"، ناسکترین دەربڕین کـە دێتـە سـەر زارم خوێڕییـە. کوردیش خوێڕیی عەنتیکەی تێدایە. خوێـڕی هەیـە داعشـە و برایەوە، بـەڵام حەزرەتی پەشـێو گوتەنی، خوێڕی و گەواد و تەرەسی وا هەیە، مەرگی پیرۆزی پێشـمەرگە دەکاتە کەرەسـتەی لێدانـی ئـەم حیزب و پێداهەڵدانی ئەوی دیکە.

ئـەوە تەنیـا خوێـڕی تەبیعەتە، حاڵی شڕی جەلەولا دەکاتە بەهانەی سووکایەتی بە پێشمەرگەی یەکێتی، یـان شکسـتی فەرماندەیەکی ئەملا بۆ مەبەسـتی لێدانی پێشـمەرگەی پارتـی بەکاردەهێنـێ، کـوردی داعشڕەوشت مایەی ڕێزلێگرتن نین، شـایەنی ئەوەن بدرێنە بەر ڕێژنەی جنێوی ڕەسەن و تەڕوبڕی کوردی.


وەزیری بەرگریی عێراق ئەحمەق نەبووایـە، ڕۆژێـک بـەر لە شـەڕە پڕخەسارەتەکەی گوێڕ، لە گوێڕەوە پـۆزی گرتنـەوەی مووسـڵی لـێ نـەدەدا، ئاخـر ئـەوە سـوپاکەی ئـەو بـوو، یەکەمیـن کەلێنـی ڕێگەخۆشـکەری بۆ ئەو خەسارەتە گەورەیە لە گوێڕ ڕەخساند.

خالیـد عوبەیـدی و چەپکـە نوجەیفییەکانی کـە لەگەڵی بوون، ڕەسـمەن ئەحمەقـن، ئاخـر ئەگەر هـەو نەبـن، دەبـووا تێبگـەن کـە ئـەوان نرخی تووڕێکی قوڕاوییان لە کوردسـتاندا نییە. ئاخر پرۆتۆکۆل دەڵـێ پێویسـت بـوو سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان کە فەرماندەی گشـتیی پێشـمەرگەیە پێشـوازیی لێبـکات، بابـە ئـەو نـا وەزیـری پێشـمەرگە، ئاخـر ئـەوە لووتکەی سـووکایەتی بـوو بـە لووتکـەی سـەربازیی عێراق. وەزیری بەرگریی عێـراق و نوجەیفییەکان، تۆزقاڵێک حەیایـان شـک بردبـا، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییـان نەدەبەسـت، سـەردانەکەیان پەردەپـۆش دەکـرد. وەزیـری بەرگریـی عێراق ئەحمـەق نەبووایـە، لـەو کۆنگـرە ڕۆژنامەوانییـەدا نەیدەگـوت پلانی ڕزگارکردنی مووسڵ ئاشکرا ناکەین، وەک بڵێـی هەیبێت، ئاخر هەشـت کاژێـر دوای ئەو قسـەیە داعش لە کەلێنـی عەسـکەرەکانی ئـەوەوە هاتنە ناو گوێڕ.

ئاساییە وەزیری بەرگریی عێراق، تەنیا لە تەکتیکی سەربازی نەزانێ، بۆ دیـارە وەزیری پلانەکەی زۆر لە پـلان دەزانێ. یان هـی داراییەکەی زۆر شـارەزای بوارەکەیەتـی. یـان هـی نەوت مەعلانی پیشـەکەیەتی. وڵاتێـک سـەرەک وەزیرانەکـەی نەزانێـت بەڕێگادا بڕوات، ئاساییە سوپاکەی لە هەڵاتندا چالاک بێت.

مـن وامدەزانـی خالید عوبەیدی تەنیـا ئەحمەقـە، کەچـی بـۆم دەرکـەوت کوێریشـە. ئاخـر کـە هێڤیدار ئەحمەد پرسـیاری قاسـم سـولەیمانیی لێکرد، گوتی من ئەم نـاوەم بیسـتووە ئەممـا نەمدیوە، سیاسـەتکار دەبێ زیرەک بێت نەک دەبەنـگ، خۆدزینەوە لە پرسـیار، وەڵام نییـە. قاسـم سـولەیمانی، پتری ژنەکەی خۆی، لەگەڵ سەرانی عێراقدا کات بەسـەر دەبات، کەچی وەزیـری بەرگریـی عێـراق دەڵـێ نەمدیوە.

---



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دووڕیانی بەدەوڵەتبوون یان پارچەبوون

ناوماڵـی کـوردەکان (ناڵێـم کـورد وەکـو نەتەوەیەکی یەکدەستی یەک هەڵوێست و ناچارم هەمان دەستەواژەی بیانییەکان بەکاربێنم، چونکە کورد کۆ نییە و دەبێ پاشـگری بۆ بەکاربێنم تا بتوانم وەکو کۆ بەکاری بهێنم) قەت وەکو ئێسـتا پەرتەوازە و لە هەمانکاتیشدا یەکگرتوو نەبووە!

ئـەوە پارادۆکسـێکی سـەیرە کـە شـەڕی دوژمنێکـی بیانی، هەمـوو کوردەکانی لە دەوری یـەک کۆکردوونەتـەوە و تەنانـەت هاوسـۆزی و هاوکاریی نێودەوڵەتیی بەرفراوانیشی بۆ مسۆگەر کردوون. ئەوە ڕەنگبێ بە دیوێکدا وا لێی بڕوانرێت کـە کوردەکان لەبەردەم شانسـێکی مێژووییدان.

تەنانەت لە 2003 شدا کە کوردەکان هاوپەیمانی بەکردەوەی ئەمریکا بوون و کوردستان گەورەترین بنکـەی کۆبوونـەوەی هەمـوو هێزە سیاسـی و سـەربازییە نەیارەکانـی ڕژێمـی سـەددام بـوو، ئەستێرەی بەختیان لە دەرەوە وا نەدەدرەوشایەوە.

کەچـی شـەڕی داعـش و پەلهاوێژیـی داعش لە مەسـەلەیەکی ناوخۆیـی سـووریا و عێراقەوە بۆ کەیسێکی گەورەی وەکو تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، بووە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کوردەکان ببنە پاڵەوانی ئەو شەڕەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو گرووپەدا بەرپای کردووە.

ئەو هاوسـۆزی و هاوکارییە نێودەوڵەتییە کە بریتییە لە هاریکاریی مرۆیـی، چەک، جبەخانە، مەشـقی سـەربازی و پێداهەڵگوتنـی میدیاکانی ڕۆژئاوا بە کوردەکان، وایکردووە کە ئەو کوردانەی ڕۆژانێـک وا بیریـان دەکردەوە جگـە لە چیاکان کەس پشـتیوانیان نییە، ئەمڕۆ وا هەسـت بکەن پشتیوانی دیکەیان بۆ دروست بوونە و هەندێکیان بیریان بۆ لای ئەوە بچێت کە دەشـێ لە سەدەی بیسـت و یەکەمـدا کوردەکانیـش لە بەشـێکی خاکەکەیاندا ببنە دەوڵەتێک. بەڵام واقیعێکی تاڵ هەیە کە پشتیوانانی نێودەوڵەتیش نەیانبواردووە و ئەوانیش دەیبینن. کوردەکان قەت وەکو ئێستا لێکتـرازاو و پارچە پارچـە نەبوونە. تەنانەت ئەو کاتەی کە شـەڕی یەکتریشـیان دەکرد، لەسـەر گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی موزایەدەیان بەسەر یەکتریـیـەوە دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ لەواقیعی ئەمردا گوتاری نیشتمانی کڕیاری نەماوە.

کوردسـتان لەسـەر دووڕیانی پارچـە بوون و بەدەوڵەتبوونە، بەڵام لـە پارچەبوون نزیکترە تا بەدەوڵەتبـوون. ئـەوەش لێکدانەوەیەکی هێندە قورس نییـە و دەکرێ بەچـاوی ڕووت ببینرێت. ئەگەر ئەوانەی ئەو وتارە دەخوێننەوە، خۆیان لە جێگەی ئەمریکا یان زلهێزەکانی دنیا دابنێن، دەبێ یەک پرسـیاری زۆر سادە و سەرەتایی لە خۆیان بکەن و بپرسـن: "بۆ دەبـێ یارمەتیی کوردەکان بدەین بۆ ئەوەی ببنە دەوڵەت؟".

کاتێک بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێی، بـە پێوەرەکانی وڵات و بنەماکانی بەدەوڵەتبوون نەک هەر هیچت دەسـتناکەوێت، بگرە قەرزاریش دەبییەوە.

کوردەکان جگە لە تراژیدیا (کە ئەویش بەشی هەرە زۆریان بەرهەمی هەڵەی خۆیان بوونە) چی دیکەیان هەیە پێشکەشـی دنیایان کردبێت؟ کوا هێزیان؟ کـوا ئابوورییان؟ کوا سیاسـەتیان؟ لە بازنەیەکـی داخراوی خۆبەزلزانی و ئەفسـانەییدا دەسـوڕێنەوە، جگـە لـە هۆنینەوەی داسـتان و تەقدیسکردنەکان چیدیکەیان پێیە؟ لەکاتێکدا کە کـەم وڵاتی دنیا هەیە ئەمڕۆ خاوەنی سـوپایەکی یەکگرتوو نەبێ، تاکە چەکی دەسـتی کوردەکان کە هێزی شـەڕکەریانە پەنجا پارچەیە، ڕژێمێکی ملووک و تەوائیفیی وایان بۆخۆیان دروستکردووە کە قەت وا بەئاسـانی یەک ناگرنەوە. میللەتێکی بوغرا کە گاڵتـە بە عەقڵی هەموو کەس دەکەن، بەڵام ناچن مێژووی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بخوێننەوە کە چۆن بوونەتە دەوڵەت!

زەمینەیەکی لەبار بۆ پارچەبوونی کوردستانی باشوور هاتووەتە ئاراوە و کوردەکان دوو ڕێگەیان زیاتـر لەبەردەمـدا نییە. یان ئەوەتا لە شـێوەی ئەمارەتـی جیاجیا (ئەمارەتی پارتی و ئەمارەتی گۆڕان و یەکێتی) کە هەر یەکەیان سـەربەخۆیی خۆیـان هەبـێ و لەژێـر یـەک نـاودا دەچنە ناو فیدراسیۆنێکەوە و دواتر دەبێ بە کیانێکی نیمچە یان تەواو سـەربەخۆ (چونکە ئەو دابەشبوونەی کە پەنجا ساڵە ڕوویداوە، هەروا دێت و قووڵتریش دەبێتـەوە) یـان ئەوەتا یەکێک دەبـێ وەک ئاغا محەممـەد خانی قاجار، هیتلەر یان سـتالین، بە زەبـری کوتەک ئەو وڵاتە بکاتەوە بە یەک. لەبەر ڕۆشـنایی ئـەو چەک و جبەخانەیـەی کەوا دێتە کوردستان و، مێژووی خوێناویی کوردەکان لەگەڵ یەکتـری، دوور نییـە، ڕێگـەی دووەم هەڵبژێرن، بەڵام ئەوە دوای تەواوبوونی شەڕی داعش.

---



سیروان ڕەشید

# بارزانی لە حیزبەکەی خۆیەوە دەستپێدەکا؟

شـتێکی ڕوونـە کـە لـە دوای (23) سـاڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی سوپایەکی نیزامـی و یاسـایی نییـە و بەشـی زۆری هێزی سەربازی و هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی لە هێزی چەکداری پەروەردەکراوی حیزبیی یەکێتی و پارتیدا دەبینێتەوە.

هێزە چەکدارەکانی کوردستان ئەمڕۆ جگە لەو ئەرکـە گرنـگ و گەورەیەی بۆ پاراسـتنی خاکی کوردستان دەیگێڕن، ئەرکێکی دیکەیان ئەوەیە کە لەلایەن شـەخس و گرووپ و ئەم باڵ و ئەوباڵەوە دابەشـیان کردوون لە تۆڕی پاسەوانی و بەرگریی تایبەت بۆ پاراستنی ئەو دونیایەی کە لەناوخۆیدا بەشـبەش و پارچەپارچەیان کـردووە. کێ هەیە نەزانێت لیوا و فەوج و پاسەوانی تایبەت هەیە بۆ پاراستنی ماڵ و ڤێلا و شاری خەون و میوانخانە و مەیخانە و چێشتخانە و سەیرانگە و بازاڕ و مۆڵە تایبەتەکان؟

نامـە حەوت خاڵیەکـەی بارزانی بـۆ وەزیری پێشمەرگە لە 18/12/2014 هەنگاوێکی گرنگ و بایەخـدارە بۆ دووبارە چاوخشـاندنەوە بە دۆخی سەربازی و فۆرمۆلەکردنەوەی سیستمی بەرگریی هەرێمـی کوردسـتان و بەپێـی ئەو خواسـتەی کـە خەڵکی کوردسـتان و هەلومەرجی سیاسـی هەرێمەکەمان دەیخوازێت.

ڕاسـتییەکی تـاڵ هەیـە کـە ناتوانیـن بازی بەسـەردا بدەیـن، ئەویـش ئەوەیە کە تائێسـتا سیستمی ئەمنیی کوردستان سیستمێکی ناڕۆشن و ناشارسـتانییە. تائێسـتا هێزی چەکدار لەبری ئینتیما بۆ نیشتمان و گەل، ئینتیمایان بۆ حیزب، لەناو حیزبیشـدا ئینتیمایان بۆ دەستەو گرووپ و کەسی دەستڕۆیشتوو هەیە.

بوونـی هێزی چەکداری حیزب لە کوردسـتان ئەوەنـدە دیاردەیەکـی مەترسـیدارە کـە هەموو لەحزەیـەک بەهۆی ناکۆکیی سیاسـی و بیروڕای جیـاواز لەنێـوان پارتـی و یەکێتـی مەترسـیی دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شـەڕی ناوخۆ هەیە. وەک چـۆن لـە (1/5/1994) بەهـۆی کێشـەی ڕیزێک دوکانەوە لە قەڵادزێ، بۆ ماوەی (4) ساڵ شەڕێکی ناوخۆ لە سەرتاسەری کوردستان لەنێوان ئەم دوو حیزبـە خاوەن چەکدارەی کوردسـتاندا هەڵگیرساو چەندین هەزار قوربانیی لێکەوتەوە و تائێستاش ئاسەوارەکانی ئەو شەڕە بەسەر ژیانی هاووڵاتییانەوە دیارە.

بوونـی هێزی چەکداری حیزب بە هەر پاسـاو و بیانوویـەک کارێکی ناقانوونییـە و لە هەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسـای پارت و ڕێکخراوەکان کە لە پەرلەمانی کوردسـتانەوە دەرچووە، نابێت حیزب هێـزی چەکـداری هەبێت. دەقـی مادەی 15ی یاسـای پارت و ڕێکخراوەکان کە لە سـاڵی (1993) دەرچـووە، دەڵێـت "نابێت حیزب هیچ ڕێکخسـتنێکی سـەربازیی یان نیمچە سەربازیی هەبێت و قەدەغەیە چەکی هەبێت". لە عێراقیشدا بەپێی مادەی (9)ی دەستوور نابێت لە دەرەوەی حکومەت هیچ حیزبێک هێزی چەکدار و میلیشیای هەبێـت و دەقی مـادە دەسـتوورییەکە دەڵێت: "قەدەغەیە میلیشـیای سەربازی دروستبکرێت لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکانی حکومەت".

یەکێکـی دیکە لە سـیفەتە خراپەکانی بوونی هێزی چەکداری سەر بە حیزب ئەوەیە کە لەکاتی هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورددا لەگەڵ دوژمنانی دەرەکـی، ئەنجامەکـەی بەزیانـی پێشـمەرگە و خەڵـکی کوردسـتان شـکاوەتەوە. بۆنموونـە بەهۆی بێسـەروبەری و فرە مەرجەعیەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی داعشـدا لـە قۆڵی جەلەولاوە، بەهـۆی حیسـابنەکردنی دوو هێـزی جیـای پێشـمەرگەی سـەر بە دوو مەرجەعی جیاواز بۆ یەکتری، زیانێکی گەورە بەپێشـمەرگە کەوت کە 32 شەهید و برینداری لێکەوتەوە.

بەڕێز بارزانی دوای ناردنی نامەکەی بۆ وەزیری پێشـمەرگە، ئەگـەر دەیەوێـت سـەروەرییەکی گەورە بۆ مێژووی خۆی تۆمار بکات لەمەسـەلەی بەنیشـتیمانیکردنی هێـزی پێشـمەرگەدا، ئـەوا پێویسـتە دەسـتبەجێ هەنـگاوی کردەیـی بنێ و دەکـرێ سـوود لـە تێڕوانین و باری سـەرنجی دڵسـۆزانیش وەربگرێ و لێرەشدا باری سەرنجی خۆمان لەو ڕووەوە دەخەینە ڕوو:

## یەکەم: پێشمەرگە و حیزبایەتی

لەنـاو هێـزی پێشـمەرگەدا پارتـی مەکتەبی ڕێکخسـتنی پێشـمەرگەی هەیـە و یەکێتیـش مەڵبەندی ڕێکخسـتنی پێشـمەرگ. بۆیـە بەڕێز بارزانی دەتوانێ دەستبەجێ:

1- ڕێکخستن و ڕێکخراوە حیزبییەکان و بارەگاکانیـان لەناو هەموو داوودەزگا و یەکەکانی وەزارەتـی پێشـمەرگە و دەرەوەی وەزارەت و یەکەکانی 70 و 80 قەدەغە بکات.

2- بە هەموو جۆرێ وەرگرتنی ئابوونەی حیزبـی لـە مووچـەی مانگانـەی پێشـمەرگە و کارمەندەکانی سـەر بـە وەزارەت و یەکەکانی 70 و 80 قەدەغە بکرێت.

3- هەرکەسـێک سـەرپێچی لەو بڕیارە بکات سزا بدرێ بە حەپس یان بەسزایەکی قورسی دارایی.

## دووەم: پێشمەرگە و تەزکیە

ئەمـڕۆ لە کوردسـتاندا کۆمەڵێک ئەکادیمیای سەربازیی هەن، وەک کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوالان و ئەکادیمیـای سـەربازیی زاخـۆ و کۆلێژەکانی، بـەڵام هەموو ئەم دامەزراوە سـەربازییانە بەپێی بەرژەوەندییـە حیزبییەکانـی پارتـی و یەکێتـی کاریان کردووە و یەک هاووڵاتیی کوردستان بەبێ تەزکییەی حیزبیی پارتی و یەکێتی لەم دامەزراوە سەربازییانە وەرنەگیراوە.

ئەشێ لەمڕۆوە بڕیار بدرێت:

بـۆ وەرگرتنـی کەسـێ بـە پێشـمەرگە، بۆ وەرگرتنی لە کۆلێژی سەربازی، خولی سەربازی، بـۆ پێدانـی پلەو پایـەی عەسـکەری و ئیداری، تەزکیـەی حیزبی، ڕاسـپاردە و واسـیتە قەدەغە بکرێ.

## سێیەم: پێشمەرگە و فەرمان

ئێستا ژمارەی هێزە ڕێکخراوە چەکدارییەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە 12 لیوای هاوبەشی پیادەیـە، بـەڵام ژمـارەی ئـەو هێزانـەی لەژێر دەسـەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا نین بریتین لە 60 هەزار پێشـمەرگە کە ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیدایـە بریتییە لە هێزەکانی 70 و هێزەکانی پشـتیوانیی دوو کە بریتین لە سنووری 30 هەزار پێشمەرگە، ئەوەشی کە لەژێر دەسەڵاتی پارتیدایە بریتیە لە هێزەکانی 80 و هێزەکانی پشـتیوانیی یەک کە بریتین لە سنووری 30 هەزار پێشمەرگە. بەم پێیەش ئێسـتا دوو لەسەر سێی پێشمەرگە لەژێـر دەسـەڵاتی وەزارەت و حکومەتـدا نییـە، بـۆ ئەمەش دەتوانرێـت بەفەرمانێک بڕیار بدرێت لـە دەرەوەی وەزارەتـی پێشـمەرگە بوونی هەر یەکەیەکی پێشمەرگەی کەسیی یا حیزبی هەبێ، بـە هەر ناوێک و قەوارەیەک بـێ، قەدەغە بکرێ و هەرچـی نـاوی پێشـمەرگە بێ دەبێ سـەر بە وەزارەتی پێشـمەرگە بێ، فەرمان تەنیا لەکەسی دەسـەڵاتداری وەزارەت وەربگـرێ و مووچـەی مانگانەشی بەهەمان شێوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەت نەک یەکەی 70 و 80 وەربگرێت.

چوارەم: پێشمەرگە و ململانێی سیاسی

بۆیە گرنگە بڕیار بدرێت بەکارهێنانی پێشمەرگە لە کاری سیاسیدا بۆ پروپاگاندە یان بۆ گوشار بۆ حیزبێکی سیاسی، لە ململانێی نێوان حیزبەکان، دژی خۆپیشاندانی پیشەیی، جەماوەری، سیاسی، لە مونافەسەی هەڵبژاردنەکاندا قەدەغە بکرێ.

بەپێچەوانەشـەوە سـەرپێچیکار سـزا بدرێ، بەهەمان شێوەی لەسەرەوە باسمانکرد بە حەپس یان غەرامەی مالی.

وانەیەکی گرنگ کە پێویسـتە لەشەڕی داعش وەربیگریـن، ئەوەیـە کـە چـۆن ببینـە خاوەنی سـوپایەکی یەکگرتووی پیشـەیی. چونکە بەبێ سـوپایەکی پیشەیی و سـەربەخۆ و نیشتیمانی بنەما و ژێرخانی دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەتمان لەرزۆکە.

خوێندنـەوەی من بۆ نامەکـەی بەڕێز بارزانی لـە ڕوانگەی هەسـتکردنیەتی بە بەرپرسـیارێتی دۆخەکـە، هەربۆیە ئێسـتا لە هەمـوو کات زیاتر ئەرکـی ئەخلاقـی و نیشـتمانی و نەتەوەیـی سـەرۆکی هەرێمی کوردستانە بەم ئەرکە هەستێ و ئەگەر دەشـیەوێت مێژوو بۆخـۆی تۆماربکات، بـا لەسـەرەتاوە لـە بەدامەزراوەییکـردن و بەنیشتیمانیکردنی هێزی حیزبەکەی خۆی و دوو لیوا پاسەوانەکەی خۆیەوە دەستپێبکات.

---



ئاراز ئەحمەد محەممەد

# گۆڕەوشاری مرۆڤ بە ڕاگەیاندنی ئاراستەکراو

ڕاگەیاندن، بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی مرۆڤی بەجیهانیبووی سەردەمی ئێستایە و پێشکەوتن لە بواری تەکنۆلۆژیادا ئەو پەیوەندییەی مرۆڤی لەگەڵ جیهانـی دەوروبـەر و ڕەوتـی ڕووداوەکان خێراتر کردووە. داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ناکۆکە بە دنیای بەرتەسـک و قەتیسماوی ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو کە بۆ نزیکەی دوو دەیە بیسـەر و بینـەر بەتایبەتی و خوێنەری تاڕادەیـەک ناچار بە جیهانێکـی یەک دەنگ، یەک ڕەنگ، یەک دیو، یەک شێوازی بیرکردنەوە و یەک ئاواز دەکرد لە هەرێمی کوردستاندا.

تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسـبووک و تویتەر نەشـتەرگەری گورچکبـڕن لە گیانـی ڕاگەیاندنی حیزبیـدا کـە بنەمـای ئایدۆلۆجـی ئاڕاسـتەکراو لـە گەیاندنـی پەیـام پەیـڕەو دەکـەن. ئـەم نەشتەرگەرییە سەپێنراوە میکانیزمی خۆگونجاندن بـە تۆپزی دەسـەپێنێت لـە پێناوی ڕاگەیشـتن بـە چاوەڕوانییەکانـی بینەر، بیسـەر و خوێنەری سـەردەم. بەواتایەکـی تر، میدیای سـەردەم ئەو قۆناغـەی تێپەڕانـد کە مرۆڤ هیـوا و ئاواتەکانی لەسەر ڕاپۆرتنووسـیی نەریتی هەڵچنێ، هەربۆیە پەیامـی ڕاگەیاندن دەبێت گرێـدراوی جیهانبینیی بینەر و خوێنەرەکانی بێت بەدیوێکدا، بەدیوەکەی دیکەدا، تووشـی ڕاچڵەکان و حەپەسـانی بکات و وانەیەک، زەردەخەنەیەک یان خزمەتێک پێشکەش بکات.

ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت هەندێک- نـەک هەموو- لە میدیـای بینراو، وەک مەنجەڵـی سـەرئاگر دەکوڵێت و بەزۆری لەسـەر وروژانـدن کاردەکات. وروژاندنەکە ئەوەندەی بە ئاڕاسـتەی ئاگرخۆشکردن و بە سووتەمەنیکردنی حەشامەتی ڕەشە خەڵکە، نیو ئەوەندە سەرقاڵی بەرهەمهێنانـی گوتارێـک نییـە کە لـە هەناویدا خزمەتکردنـی کردبێتـە بنەمـای کارکردنی- جا خزمەتکردنەکـە پێدانـی زانیـاری سیاسـی، پەروەردەیی، وەرزشـی، تەندروسـتی، دەروونی، فەلسـەفی، کەلتووری یان هـەر لایەنێکی دیکەی ژیان کە بەرچاوڕوونی و هۆشیاری پەرەپێبدات.

گوتاری ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی بینراو بەتایبەت لە هەر کۆمەڵگایەکدا وابەستەی سەلیقە و مـەودای بیرکردنەوەی تاکەکانێتی و هاوتەریبە بە جۆری جیهانبینی و پەیوەندی نەپسـاوی بەو گۆڕانکارییانـەوە هەیە کە کۆمەڵـگا لە هەگبەی تاکەکانیـدا هەڵیگرتـووە. جا هەندێکیـان لـە هەوڵی پاشەکشـەدان بە بیرکردنەوە و سەرقاڵی بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی مۆمیاکراون کە لە گێژاوی بێ ئیرادەییدا دەگەوزێ و هێزی ئەندێشـەکردن و تێڕامانی لێسەنراوەتەوە و دەرەقەتی تێکشکاندنی وەهمی پاڵەوانی هیچ لەبارانەبووی نییە. هەندێکی تریشـیان بە شـێنەیی سـەرقاڵی بەرهەمهێنانی گوتارێکـی میدیایی پیشـەیین و لەو پێناوەشـدا خزمەتگوزاری هەمەڕەنگ لەڕێگەی مەڵتیمیدیاوە بـە تازەتریـن تەکنۆلۆژیـای سـەردەم دەخەنـە بەردەست.

بەهـۆی پێشـکەوتن و فراوانبوونـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـەوە، مەیدانـی چالاکـی بـۆ ڕاگەیانـدن بـێ سـنوورە و کەرەسـتەی خـاو لـە چیرۆکـی وەرچەرخانی سیاسی، بەسـتنی کۆنفرانسـێکی ناوخۆیـی یـان جیهانـی، بەسـەرهاتی شـەڕی مەزهەبی یان تایفی، ماوەی پڕوپاگەندەی بانگەشەی هەڵبژاردن، سەربوردەی کەوتنەخـوارەوەی فڕۆکەیـەک، سەرگوزەشـتەی وەرگەڕانی شەمەندەفەرێک و هتد، بۆ ئاشی هەواڵ و پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن بێکۆتایە.

ڕاگەیاندن هـەروەک چۆن کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسـەر زۆربـەی لایەنەکانـی ڕەوتی ژیانی ڕۆژانە، هەرواش لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکی هەسـتیارە، هەربۆیە ئەگـەر ڕاگەیاندن ملکەچی سیاسـەت و کارنامەی تاکەکەسێک یان حیزبێک بێت، خودکارانە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی ئەفسانەپەرستی، تاکپەرستی، دروشمپەرستی و ئایدۆلۆژیاپەرسـتی دەبێـت. ئالێرەوەیە، گرنگیی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرەودەسـێنێت، چونکە ڕاگەیاندنی حیزبی بەربەسـتی سیاسی بە پلەی یەکـەم و دواتریش ئاسـتەنگی ئاینـی، کەلتوری و کۆمەڵایەتـی دادەنێت بـۆ نەهێشـتنی یـان سـنووردارکردنی بەشـداریی هاووڵاتیان بەگشتی و چینـی گەنجان بەتایبەت. گەنج- بە سروشـتی خـۆی- وزە و ئـارەزووی بەشـداریکردنی زیاترە لـە چالاکییـە سیاسـی و کەلتورییەکانـدا. لـە ئێسـتادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ئاسانیی بەکارهێنـان، نەبوونـی سانسـۆر و هەرزانیی لە نرخدا، ڕووتەختێکی لەبارن بۆ نمایشـکردنی وزە و نارەزایەتی پەستێنراو و پەنگخواردوو. هەربۆیە کـە ئـازادی زەوتکـرا، دەنگی کپکـراو- لەکاتی دۆزینەوەی دەرچەیەکدا+ ئۆباڵی بەرپرسیارێتی جا هەستیار بێت یان ئاسایی ناگرێتە ئەستۆ و زیاتر دەنگەکە لە شێوەی تۆڵەسەندنەوەدا خۆی نمایش دەکات. هەربۆیە، ژمارەیەکی کەم لە ماڵپەڕەکان درکیـان بـە گرنگیی دەنگی هاووڵاتـی کردووە و ڕووتەختی گونجاو دابیندەکەن و کارئاسانی دەکەن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەر هاووڵاتییەک تەنانەت ئەگەر لە کوێرە دێیەکیش بێت.

بەپێـی ئـەو خەملاندنـەی سـەرەوە بێـت، ڕووبەڕووبوونـەوەی دەمامکـدار و بەریەککەوتنی ناڕاسـتەوخۆ ڕوودەدات. ڕاگەیانـدن گونجاوترین و لەبارترین زەمینەیە بۆ ئەو ململانێ سیاسـییە بەمەبەسـتی بڵاوکردنەوەی پەیـڕەو و کارنامەی سیاسـی و ڕاکێشـانی هاوسـۆزی، بـۆ نموونە، دەنگدەر و ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی. بەدیوەکەی تریشدا، جەماوەر دەرفەتی دەربڕینی لایەنگری بۆ دەڕەخسێت و حەز و ئارەزووەکانی خۆی پەخش دەکات و خـۆی دەربـاز دەکات لـە هەڵگرتنـی هەر جۆرە بەرپرسـیارێتییەک. بـە کورتی، تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دەروازەیەکی کاتی دەبێت- جا کاریگـەر بێت یـان لاواز- بـۆ خۆبەتاڵکردنەوە و دەربڕینـی خەون و خولیا و پاڵپێوەنان و فڕێدانە دەرەوەی دیدگا خەفەکراو و چەپێنراوەکان.

شۆڕشـی تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان- کە جێگای کودەتای سـەربازیی گرتووەتـەوە بەوەی کە لەم جـۆرە شۆڕشـانەدا زۆربـەی چینەکانی کۆمەڵگا بەشدار دەبن- ئامانجیان گۆڕانکارییە لە سیستەمی یاسایی، سیاسی و ئابووریدا، لە کاتێکدا کودەتای سەربازی تەنها لەسەر دەستی چینی دەستڕۆیشتوو و باڵادەسـتی سەربازی ئەنجام دەدرێت. شۆڕشی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بە کـردەوە لە 2011 دەسـتیپێکرد و چەندیـن وڵاتـی گرتـەوە لەوانە تونس، میسـر و لیبیا، بـوو بەهـۆی ڕامالێنی چەنـد دەسـەڵاتدارێکی سـتەمکار و ئۆلیگارش. ئەوەی جێگای سەرسـوڕمانە و ئاوەژووبوونەوەی هاوکێشەکەیە لە هەندێک بارودۆخدا، جێگۆڕکێی شـەرعیەتی شۆڕشـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی بـوو لە میسـر دوابـەدوای هەڵکوتانە سـەر محەممەد مورسی (جا لابردنەکە هەڵەی ئیخوان موسلمین بوو یان نا، ئەوەیان خاڵی تیشـکۆی ئەم بابەتە نییە) و دوورخسـتنەوەی دوای تەنیا 11 مانگ لە فەرمانڕەوایی.

داپۆشـینی شـکڵیانەی کۆمەڵـگا بـە ڕاگەیاندنـی زۆرو بـۆر لە پێنـاوی بێبەهاکردنی ئازادییـە تاکەکەسـییەکان و بێنرخکردنـی بەها دیموکراسـییەکان کە لە ئاکامدا بە شـەلەلبوونی پرۆسـەی دەستاوەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی کۆتایی دێت، پاڵنەری سەرەکی گۆڕەوشاری ڕۆحی مرۆڤی وشـیارە. کەڵەکەبوونی قەیرانی یاسایی، سیاسـی، فەرهەنگـی، کەلتـوری، پەروەردەیـی و ئابووری لە کەمبڕشـتی و سسـتیی سیستەمە سیاسـییەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە دواتر خۆی لە دامودەزگای گشـتی/ حکومیـدا دەبینێتەوە- وڵاتە عەرەبییـەکان بەتایبەت نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرەن لە میدیا.

کارلێکـی بەردەوامـی مـرۆڤ لەگـەڵ دامودەزگاکانی دەوڵـەت و بەریەککەوتنی لەگەڵ بیـروڕای سیاسـی و کاربەدەسـتان و چالاکیـی هاوبەش و پچڕپچڕی لەگەڵ مرۆڤەکانی ترو ژینگە و دەوروبەر، زۆرجار دەرئەنجامی ناکۆک و دژیەک و کەمجاریـش ڕێککەوتنـی لێ دێتـەدی، چونکە تێرکردنـی پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ مەحاڵە و مرۆڤ بە سروشتی خۆی تێکەڵەیەکی هەمەجۆرە لە هەسـت و نەسـت، خەون و خولیا، غەریزە و ئـارەزوو کە جڵـەوی بیرکردنەوە، هەڵوێسـت و ڕەفتارەکانی دەکەن.

بە هەمانشـێوەی هەڵسـوڕێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنـی ئاڕاسـتەکراو، بەکارهێنەرانـی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش مرۆڤن و هەردوولا هەڵواسراون بە گلۆڵەیەکی پێچەڵپێچ و لێکئاڵاوەوە. یەکەمیان سـەرقاڵی چێکردنی وێنە و وشـەی سەپێنراوە، لەکاتێکدا دووەمیان لـە هەوڵی خۆڕزگارکردندایە لەو کۆت و زنجیرەی کە لە گەردنی ئاڵاوە- هەوڵی خۆقوتارکردنەکـە هەندێکجـار (جـا لەڕێگـەی پرۆفایلی فانتازییەوە بێت یان پەیجی ساختە) لە ساتەوەختی تووڕەیی یان بێ هیواییدایە، هەربۆیە ڕادیکاڵانە دەردەکەوێت.

جیهانی پەخشکردنی هەواڵ و دەزگا ڕاگەیاندنە ئاڕاسـتەکراوەکان ناوەندگەلێکی دانەبڕاوی ڕەوتی گوزەرانـن و بـە دیوارێکـی ئاسـنین هەڵچنراون و چاوەڕێـی ڕمانیان لێناکرێـت. بەڵام کەنەفت و هیلاکن و جێگای بنیاتنانی خەونی گەورە نین و بە هاتنە مەیدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بناغەکانیان کەوتووەتە لەرزین و ترازان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چاخی گورگە تەنهاکان

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا سێ رووداو لە پاریس روویانداوە کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەبووە. یەکەمیان رووداوی هێرشکردنە سەر بارەگای رۆژنامەی (زەمانـی فەرەنسا) بوو لەلایەن هەوادارانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. کەمتر لە دوو ساڵ دواتر سێ کادیری باڵای پارتی کرێکارانی کوردستان لە پاریس شەهیدکران. دوایین رووداویش ئەوەی هەفتەی رابردوو بوو کە تێیدا ژمارەیەک رۆژنامەنووس و پۆلیس و هاووڵاتیی دیکەی فەرەنسی بەهۆی سەرشێتیی ژمارەیەک ئیسلامیستی توندئاژۆوە گیانیان لەدەستدا. ئەو سێ رووداوە بەدوای یەکدا روویاندا، خاڵی هاوبەشیشیان ئەوە بوو کە هەرسێکیان دەرهاویشتەی ئەو قەیرانانە بوون کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتووەتەوە. لەوەشدا لە یەکدی جیاوازبوون کە رووداوی یەکەم و دووەم کردەوەی رێکخراو و سەرکردایەتیکراو بوون، بەڵام رووداوی سێیەم گورگە تەنهاکان ئەنجامیاندا. ئەو گورگانەی مەرج نییە تەنیا لە پاریس و ئەورووپا و وڵاتانی رۆژئاوا بن و مۆدێلێکی نوێی کردەوەی تیرۆریستییان داهێناوە.

لەسەرەتای دەرکەوتنی داعش لە ئەمریکا و ئەورووپا، گەنگەشەیەک دروست بوو لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی ئەو گرووپە مەترسی دروستدەکات بۆ سەر ئەو وڵاتانە و پێویستە شەڕیان لەدژ بکرێت یان نا؟ زۆرکەس دەیانگوت داعش بەتەمای دامەزراندنی خەلافەتێکە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وەکو قاعیدە بانگەوازی جەنگی جیهانی لەدژی "کافر و خاچپەرستان" ناکات. بۆیە پێویست ناکات شەڕیان لەدژ بکرێت. هەروەها هەرچی توندئاژۆشە لە وڵاتانی رۆژئاواییەوە دەچنە نێو خەلافەتەکەی داعش و ئەو وڵاتانە رزگاریان دەبێت لە سەرئێشەکانی ئەو کەسانە. بەڵام ئەوانەی دەیانەویست پشتیوانی لە کوردستان بکەن لە شەڕی دژی داعش، ئارگومێنتێکی کەمێک لاوازیان دەهێنایەوە و دەیانگوت مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەو کەسانەی رۆیشتوون رۆژێک دێت دەگەڕێنەوە و وڵاتانی رۆژئاوایی دەشڵەقێنن. لەدوای رووداوەکەی هەفتەی رابردووی پاریسەوە چیدیکە ئارگومێنتی ئەو کەسانە لاواز نییە، چونکە دەرکەوت یەکێک لەو سێ کەسەی ئەنجامدەری کردەوەکانی پاریس بوو لە سەربازگەیەکی قاعیدە لە یەمەن مەشقی دیتبوو و گەڕابووەوە فەڕەنسا. بەڵام دوو کەسەکەی دیکە مەشقی قاعیدەیان نەدیتبوو و هەر لەنێو فەرەنسا رادیکاڵیزە ببوون. کەواتە مەرج نییە مەترسیی تیرۆر تەنیا ئەو کەسانە دروستی بکەن کە چوونەتە ناو داعش یان قاعیدە و گەڕاونەتەوە.

داعش لە ئەدەبیاتی دوو مانگی رابردووی خۆیدا هانی موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهان دەدات کە گورز لە "کافر و خاچپەرستان" بدەن، بەڵام میتۆدێکی جیاواز لە قاعیدەی هەیە. رووداوی تەقاندنەوەی سەربازگە ئەمریکییەکە لە سعودیە، تەقینەوەکانی ئەمریکا و رووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر لە نیویۆرک و شوێنەکانی دیکەی ئەمریکا هەموویان کردەوەی بەرنامە بۆ دارێژراو و لە سەرکردایەتیی قاعیدەوە ئاراستەکراو بوون. بەڵام رووداوی مانگی رابردووی بەردەم پەرلەمانی کەنەدا و کافێکەی سیدنی و گۆڤار و فرۆشگاکەی پاریس هیچیان لە سەرکردایەتیی داعشەوە ئاراستە نەکرابوون و بەرنامەیان بۆ دانەڕێژرابوو. ئەنجامدەری ئەو کردەوانە "گورگە تەنهاکان" بوون. ئەو گورگانەی هەریەکەیان بۆخۆیان رێکخراوێکی تیرۆریستین و دەتوانن بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرووی خۆیان جیهان تووشی شۆک بکەن.

لە کوردستانیش گورگە تەنهاکان زۆرن. چاوگێڕان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەسە بۆئەوەی پەیام و ئارەزووەکانی ئەو گورگانە بخوێنینەوە و ببینین. ئینتەرنێت وایکردووە بەئاسانی ئەو گورگانە مەشقی ئۆنلاین بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی ببینن. ئەمە ئەرکی هاووڵاتییانی بۆ ناسینەوە و ئاشکراکردنی ئەو گورگانە قورستر کردووە. هەروەها هەبوونی ئەو گورگانە پاساو دەداتە دەزگا ئەمنییەکان بۆئەوەی ئازادی و پرایڤسیی خەڵک سنووردار بکەن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەموومان لەسەر لقی دارێک دانیشتووین. نابێ بشهێڵین گورگێکی تەنها بە مشارێک ئەو لقە لە قەدی دارەکە جیابکاتەوە.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# من قوربانیم

## من قوربانیم ... JE SUIS VICTIME

من 24 کارمەندە دڵسۆزەکەی ئاسایشم کە لە گوێڕ گیانی پاکیان فیدا کرد لە پێناوی ژیان و ئارامیی ئێمە. ئەوانەی لەگەڵ شەهیدبوونیان خوێنیان لە سەرمادا بەستی، بۆ ئەوەی منداڵانی ئەم وڵاتە بە ئازادی یاری نێو بەفر بکەن لە هەولێر و سلێمانی.

من ئەحمەدم! ئەحمەدی پۆلیس، ئەو پۆلیسە موسڵمانەی بۆ پاراستنی ئاسایشی پاریس بووە قوربانی. ئەو پۆلیسەی کاتێک پارێزگاری لە ئازادیی رادەربڕین دەکرد، بە گوللەی جەللادەکان کوژرا.

من منداڵەکانی کۆبانێ و شەنگال و هەموو ئاوارەکانم. ئەوانەی لە ژێر چادری نێو کەمپەکانیان، بەپێی پەتی لەناو بەفردا هەڵدەلەرزێن.

من دانیشتووی ئەو گوندانەم کە شەو و رۆژ لە ترسی هێرشی ئەو جنۆکانەی بە خۆیان دەڵێن "پارێزەرانی دینی خودا"، نە خەو، نە خواردن نە ژیانیان نەماوە.

من پاکیزەکانی شەنگالم کە لە بەهاری تەمەنیاندا بە ناوی "جیهادی نیکاح"ەوە کران بە کاڵا بۆ هەزاران فانتەزی پیسی دڕندە پیاوەکان.

من ئەو کچانەی نایجیریام کە دوژمنانی ژیان، ئەوانەی دوێنێ کچانیان زیندە بەچاڵ دەکرد، ئەمڕۆ لە داخی ئەوەی دەخوێنن، بە کۆمەڵ دەیانکوژن.

من و ملیۆنانی وەک من قوربانیی دەستی شەڕی بێمانای نێوان ئاینەکانین. قوربانیی سەپاندنی بیرو باوەڕێکی تاریکین کە بە ناوی ئاینەوە بەزۆر بەسەر ژیانماندا سەپێنراوە.

لە ئەکاونتی یەکێک لە شەهیدەکانی گوێڕ لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم دێڕانەم خوێندەوە:

"سەرجەم موسڵمانان بەشدارن لەو دڕندەییەی داعش و گرووپە تیرۆریستەکانی دیکە ئەنجامی دەدەن، لەبەر ئەوەی موسڵمانان دوو بەشن، توندڕەوەکان و میانڕەوەکان. توندڕەوەکان خۆیانن دڕندەییەکە ئەنجام دەدەن، میانڕەوەکانیش نیوەیان لە دڵەوە پێیان خۆشە، نیوەکەی دیکەشیان خۆیان کردووە بە کەڕ و هیچ هەڵوێستێک وەرناگرن"

بەڵێ هەر کەسێک دەنگی بەرز نەکردبێتەوە و لەعنەتی لەو دڕندانە و باوەڕیان نەکردبێت نەک هەر بەشدارە لە تاوانەکانی ئەو گرووپانە دژی مرۆڤایەتی، بەڵکو هێندەی ئەوان تاوانبارە.

کاتی ئەوە هاتووە هەموو خەڵک ئەو راستییە بزانن کە ئەم قسانەی ئەمڕۆ بەناوی ئاینی ئیسلامەوە بڵاودەکرێنەوە، هیچ پەیوەندییەکیان بە پەیامی پاکی خوداوە نییە.

ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەگوترێ ئیسلام، ئەو ئاینەیە کە ئەمەوییەکان دایانهێنا بۆ پاراستن و گەورەکردنی دەسەڵاتی خۆیان، نەک ئەو پەیامە پاکەی لە ئاسمانەوە دابەزی بۆ بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی مرۆڤ.

ئەو ڤێرژنەی ئیسلام کە گەیشتووەتە ئەمڕۆ، بە سەدان ئۆپەراسیۆنی تێکدانی ئەمەوییەکاندا تێپەڕیوە. بەژێر رەحمی شەشەم "خەلیفەی"ی ئیسلام یەزیدی کوڕی مەعاویەی کوڕی ئەبو سوفیاندا تێپەڕیوە. ئەو کەسەی کە دەستی سوورە بە خوێنی خانەوادەی پێغەمبەری ئیسلام.

هەر سوننەیەک کە پێیوایە دیندارە، لە راستیدا شوێنکەوتووی ئاینی ئەمەوییەکانە، نەک پەیمانی ئاشتیی خودا.

ئاینی ئەمەوییەکان، ئەو ئاینەی بۆ مانەوەی کوڕەکانی ئەبو سوفیان لەسەر دەسەڵات، فەتوای کوشتن و بڕین و قڕکردن و لەناوبردنی دەرکرد بۆ هەموو مرۆڤایەتی. ئێمە هەموو قوربانی ئەم نەریتە ئەمەوییەین. داعش و قاعیدە و موشتەقاتەکانیشی نوێنەری دڕندەترین جۆری ئەو نەریتەن.

رۆژی 7/1/2015 ئەو ڤێرژنە دڕندەیەی ئاینی ئەمەوییەکان لە دڵی ئەورووپا، لە پایتەختی ئازادی و دیموکراسی خۆی دەرخست، پاریس وەک شەنگال و کۆبانێ و گوێڕ و نایجیریا خەڵتانی خوێن بوو.

ئەم هێرشەی تیرۆری ئیسلامی بۆ سەر پاریس هەم لێکدانەوەی گرنگی بۆ دەکرێت و هاوکات دەرئەنجامی زۆر گرنگیشی دەبێت.

پێش هەموو شتێک پەیامێکە بۆ ئەورووپا و وڵاتانی رۆژئاوا کە ئەو خاکەش چیدی کەناری ئارامی نییە و هەڕەشەی تیرۆر گەیشتووەتە ناوەندی ئەورووپا.

لێکدانەوەیەکی دیکە ئەوەیە کە لایەنێکی سیاسی یان فەرمی نەکرایە ئامانج، بەڵکو ئازادیی راگەیاندن و رادەربڕین کرایە ئامانج. لە پایتەختی ئازادییەکان قەڵەمی سیمبولی ئازادی رادەربڕین شکێنرا و میدیاکاران کوژران.

بابەتێکی دیکە کە پێویستی بە لەسەر وەستانە، ئەوەیە کە بکوژەکان فەرەنسی بەڕەچەڵەک بیانی بوون و لە باکگراوندی جیاوازەوە هاتوون، حەشیشە کێش و راپەریان تێدا بوو.

ئیدی نەخۆشە دەروون ناسازەکان (سایکۆپات)ەکانی ئەورووپا دەستیان خستووەتە ناودەست لەگەڵ جیهادییە توندڕەوەکان. ئەمە یەکێتییەکی مەترسیدارە.

هەموو ئەم رووداوانە زەنگێکی مەترسیدارن بۆ رۆژئاواییەکان. توندڕەوی ئیسلامی جار بە جار تۆقێنەرتر دەردەکەوێت و ئیدی ئەورووپا و بەها مرۆییەکانی رۆژئاوای کردووەتە ئامانج و گەیشتووەتە ناوەڕاستی پاریس.

لەو باوەڕەدام ئەم زەنگە مەترسیدارە سەرکردەکانی ئەورووپا هانبدات بۆئەوەی بە سیاسەتیاندا بچنەوە لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر. چاوەڕێدەکەم لە ماوەی داهاتوودا، ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەو زووانە سەرۆکەکەی دەگۆڕێت و ئەگەری زۆرە کۆمارییەکان بێنەوە سەر دەسەڵات، لەگەڵ ئەورووپا بڕیاری بەشداریی کاراتر بدەن لە شەڕی دژی تیرۆر. چونکە رۆژئاوا لەوە تێگەیشتووە کە هێرشی ئاسمانی و پڕچەککردنی پێشمەرگە و شەڕڤانان بەتەنیا بەس نین بۆ بنەبڕکردنی داعش.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# میدیای ئازا و ترسنۆک

ساڵی 2012، ستێفان چاربۆنێر لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت "پێمخۆشە بەپێوە بمرم وەک لەوەی لەسەر ئەژنۆکانم بژیم". ئەو کە بە چارب دەناسرا، ئیدیتۆری گۆڤاری کاریکاتۆری چارلی ئیبدۆ بوو. رۆژی حەوتی ئەم مانگە بە لەسەر پێ وەستاویماڵئاوایی لە ژیان کرد. تیرۆریستە ئیسلامیستەکان لە ئۆفیسی گۆڤارەکەدا دایانە بەر دەستڕێژی گوللە. نۆ رۆژنامەنووسی دیکە و دوو پۆلیسیش لەگەڵ ئەودا گوللەباران کران. چەندین ساڵە ستافی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ لەژێر هەڕەشەی مەرگدا کاردەکەن و سووربوون لەسەر داکۆکیکردن لە مافی ئازادیی رادەربڕین. لە کەیسی گۆڤارەکەی ئەواندا رادەربڕینی ئازاد تەنها بە بابەتی گاڵتەئامێزی سەر ئاینەکانەوە نەوەستابوو، ئەوان رەخنە گاڵتەئامێزەکانیان رووبەڕووی هەموو کەس و لایەنێک دەکردەوە، لە سیاسەتمەدارەکانی ئەوسەری باڵی راست تا ئەمسەری باڵی چەپ و تەنانەت کۆمەڵگەی فەڕەنسی بەگشتی لە رەخنە گاڵتەئامێزەکانی ئەوان بەدوور نەبوون. ئەوان کاریکاتێری وروژێنەریان لەسەر پێغەمبەری ئیسلام و عیسا و پاپای ڤاتیکان و پێغەمبەرانی جولەکە وەکو یەک بڵاودەکردەوە.

بەڵام بەداخەوە، تەنها چەند میدیایەکی کەم لە نێو میدیا زەبەلاحەکاندا ئامادە بوون وەڵامیان هەبێت. لە هەمان ئەو رۆژەدا کە رۆژنامەی گاردیان هێرشەکەی بە "هێرشی سەر ئازادی رادەربڕین" وەسفکرد، هەمان رۆژنامە ئامادە نەبوو هیچیەک لە کاریکاتێرەکانی چارلی ئیبدۆ بڵاوبکاتەوە.

تەلەگراف و نیویۆرک دەیلی لە کاتی راپۆرتەکانیاندا لەسەر خۆپیشاندانەکان، ئەو وێنانەی کە خۆپێشاندەران بەرزیان کردبوونەوە و کاریکاتێرەکانی چارلی ئیبدۆیان لەسەر دەردەکەوتن، هەموو ئەو وێنانەیان تەڵخ کرد. بەپێی راپۆرتی پۆلەتیکۆ "رۆژی چوارشەممە بەڕێوەبەرایەتی CNN ئیمەیڵێکی بۆ ستافی کۆمپانیاکە ناردووە و ئاماژەی بەوەداوە کە CNN هیچیەک لە کاریکاتێرەکان پێشان نادات و داوای لە ستافەکەی کردووە لە کاتی ڤیدیۆ و وێنەگرتندا لە نزیکەوە وێنە نەگرن، تاوەکو وێنەی دەستی خۆپێشاندەران لە راپۆرتەکانیاندا دەرنەکەون. NBC و رۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش هەمان رێوشوێنیان گرتووەتە بەر. هەروەها ئەسۆشیەتد پرێس رایگەیاند کە ئەوان سیاسەتی کۆمپانیاکەیان هەر لە زووەوە ئەوەبوو هیچ "وێنەیەکی بە ئەنقەست وروژێنەر" بڵاونەکەنەوە.

پەرچەکرداری ئەم میدیایانە، پەرچەکردارێکی ترسنۆکانەیە، نا پرۆفیشناڵە و زیان بە ئازادیی رادەربڕین دەگەیەنێت. چونکە کاریکاتێرەکانی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ بابەتی سەرەکی هەواڵەکانی رۆژی 7ی ئەم مانگە بوون و کاریکاتێرەکان بەشێکی گرنگی هەواڵەکان بوون و بۆ بینەر گرنگ بوو لێیان تێبگات، تا بزانێت کۆی رووداوەکان چی بوون. ئەو میدیایانەی کە دەیانەوێت رێزی زۆر بۆ یەکێک لە گەورەترین ئاینەکانی جیهان پیشان بدەن، دەیانتوانی تەنها وێنەی بەرگی دوا ژمارەی گۆڤاری چارلی ئیبدۆ پێشان بدەن کە تێیدا پیاوێک بە سەرپێچێکەوە نیشاندەدات (گوایە محەممەد پێغەمبەرە) و دەموچاوی خۆی لە بێزاری و نارەزایەتیدا دادەپۆشێ. تایتڵەکەشی ئەوەیە کە "محەممەد تەواو بێزارە لە توندڕەوە ئیسلامییەکان". هەروەها نووسراوە: پێغەمبەر دەڵێت "ئاسان نییە کۆمەڵە شێتێک خۆشیان بوێی".

لێرەدا، هەندێک لە خوێنەرانی ئەم بابەتە کە موحافزکارانە دەڕواننە دەقی نووسینەکە، رەنگە بڵێن بەڵام "ئیسلام رێگە نادات بە هیچ شێوەیەک وێنەی پێغەمبەرەکەی بکێشرێت! بۆیە تەنانەت کاریکاتێرەکە ئەگەر گاڵتەش بە پێغەمبەر نەکات هێشتا هەر بێزارکەرە".

وێنەکێشانی پێغەمبەر تەنیا لە چەند لێکدانەوەیەکی ئیسلامیدا قەدەغەیە. لە ئاسیای ناوەڕاست و شوێنانی دیکەی دەرەوەی (رۆژهەڵاتی جیهانی عەرەبی)، هونەرمەندانی یەک سەدەی رابردووی موسڵمان لە چەندین کاریاندا وێنەی پێغەمبەریان کێشاوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر یاسای ئیسلامیش رێگە نەدات، خۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا یاسای ئیسلامی حوکمیان ناکات. هەر لەبەر ئەمەشە کە چارب، ئیدیتەرە بە ناهەق کوژراوەکەی چارلی ئیبدۆ لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی 2011 سوور بوو لەسەر ئەوەی کاریکاتێرەکانی بڵاوبکاتەوە و دەڵێت "محەممەد بەلای منەوە کەسێکی پیرۆز نییە. من داوا لە موسڵمانەکان ناکەم بە کاریکاتێرەکانی ئێمە پێبکەنن. بەڵام من لەسایەی یاسای فەرەنسادا دەژیم، نەک لەسایەی یاسای قورئان".

بەهۆی ئەو سانسۆرە ترسنۆکانەیەی کە میدیا گەورەکان بەسەر خۆیاندا سەپاندووە، هێرشی لەم جۆرە زیاتر روودەدەن. زۆر شت هەن کە خەڵکی — هەریەکە و بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆی بۆ ئاینـ بە کوفر و وروژێنەری ئاینیی بە ئەنقەستی لەقەڵەم دەدەن. رەنگە لە داهاتوودا ئەیسیەستەکانی رۆژئاوا لەبەرئەوەی کە بڕوایان وایە خوا نییە، بەر هێرش بکەون. یان ئەو کەسانەی کە لە رۆژهەڵات بڕوایان وایە لە یەک خودا زیاتر هەیە، بکەونە بەر هێرش. ئەو کەسەی کە چەند ساڵێک لەمەوبەر فیلمی "ئەی خودایە"ی دروستکرد و تێیدا جۆرج بێرنس رۆڵی خودا دەبینێت، رەنگە لەمەودوا ناچاربێت پاسەوان بۆ خۆی دامەزرێنێ. خۆ لە یەهودیەتی کۆنپارێزدا، تەنانەت نووسینی وشەی خودا قەدەغەیە.

بەڵام چ شتێک هەیە رێگری بکات؟ حەزت لە بابەتەکانی میدیایەکی دیاریکراو نییە؟ ئۆفیسەکەیان بتەقێنەوە یان گوللەبارانیان بکە. هەموویان بتۆقێنە و دوای ئەوانیش هەموو میدیاکانی دیکە عاقڵ دەبن.

ئەگەر میدیاکانی رۆژئاوا بەڕاستی نرخ بۆ ئازادی رادەربڕین دادەنێن، ئەوا دەبێت هەموویان کاریکاتێرەکانی چارلی ئیبدۆ لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکانیان لەسەر ئەم رووداوە بڵاوبکەنەوە. کارێکی لەو شێوەیە ئەوە پێشانی تیرۆریستەکان دەدات کە بە هێرشی لەو شێوەیە ناتوانن فیکری سەدەکانی ناوەڕاستی خۆیان لەڕێگەی هێزەوە بەسەر جیهاندا بسەپێنن. کارێکی لەو شێوەیە دەیانڕووخێنێ و پێشانیان دەدات کە توندوتیژییەکەیان بووە هۆی ئەوەی ئەو شتەی ئەوان پێی هەستیارن زیاتر بە جیهاندا بڵاوبێتەوە. زۆر زیاتر لەوەی کە ئەگەر بهاتبایە گۆڤاری چارلی ئیبدۆیان پشتگوێ بخستایە. بۆ موسڵمانانی راستەقینە و ئاشتیخواز، ئەوان دەکرێت تاڵی کامپینێکی لەو شێوەیە پشتگوێ بخەن، چونکە کوشتنی رۆژنامەنووسان تاوانێکی زۆر گەورەترە لای خودا، وەکو لەوەی کە چەند وێنەیەک بە قەڵەم لەسەر پەڕەیەک بکێشرێت.

پێموانییە کامپینێکی لەو شێوەیە بەرفراوان بێت، بەداخەوە. لە نێو تۆڕە هەواڵییە ئیگلیزییە بەناوبانگەکاندا، تەنها بلومبێرگ و فۆکس نیوز و هەفینگتۆن پۆستم دۆزییەوە کە رێزیان لە هەواڵەکە و ئازادیی رادەربڕین و قوربانیەکان نابێت بە پیشاندانی کارەکانی قوربانیان. هەندێک میدیای دیکەی زمانەکانی دیکە و لەو وڵاتانەی کە قەدەغە نییە شتی لەو جۆرە بڵاوبکەنەوە، ئەوانیش هەندێک لە کارەکانیان بڵاوکردووەتەوە، لەوانەش لا پاریسیەن و هارێتز و بەرلینگسکن.

سەرجەم میدیاکانی دیکە پێویستە شەرم لە خۆیان بکەن کە تاوەکو ئێستا لەسەر ئەژنۆکانیانن.



ناسر باباخانی

# کوردستانێکی "ئەتۆمیزە"

لە زانستی کیمیادا پرۆسەی ئەتۆمیزاسیۆن (ATOMIZATION) بریتییە لە شکاندن و وردکردنەوەی هەر چەشنە ماددەیەک بۆ پاژە پێکهێنەرەکانی واتە ئەتۆم، وەک بچووکترین یەکەی پێکهێنەری ماددە کە بە شێوەیەکی جیا و رەها دێ و دەچێ. جین شارپ گەورە بیردۆز و ستراتیژیستی خەباتی بێ توندوتیژی دەستەواژەی ئەتۆمیزە دەگوازێتەوە بۆ واقیعی هەندێ کۆمەڵگای جیهانی سێیەم.

بە تەعبیری جین شارپ، ئەو خەڵکانەی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا دەژین، چەشنێ ئەتۆمیزەیان پێوەدیارە، واتە لەتوپەت کراون، بە جۆرێ کە توانایی هاریکارییەکی ئەوتۆیان بۆ مەبەستێکی هاوبەش نییە. ئاکامی ئەم ئەتۆمیزاسیۆنە دەبێتە هۆی لاوازیی خەڵک و دواجار هەستی متمانە بەخۆبوون و هێز و وزەی خۆڕاگرییان لەناودەچێ. لەم ساتەوەختەدا ئەم ئەتۆمیزاسیۆنەی بەرۆکی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووە، بەڕوونی لە نێو حیزبەکان و رووناکبیرانیشدا دیار و بەرچاوە. بە هێنانەوەی دوو نموونە هەوڵ دەدەم ئەم ئەتۆمیزاسیۆنەی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر شەنوکەو بکەم:

## مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە ورمێ

27 زیندانی سیاسیی کورد کە بە تۆمەتی ئەندامێتی لە حیزبەکانی رۆژهەڵات بە ئیعدام و حەپسی درێژماوە مەحکوم کرابوون، لە کردەوەیەکی کەم وێنەدا بۆ ماوەی 34 رۆژ مان لە خواردن دەگرن! لەم ماوەیەدا جگە لە هەندێ باسی میدیایی بەربڵاو لەلایەن دوو باڵی حیزبی دیموکرات و یەک دوو راگەیاندراو هیچ کارێکی ئەوتۆ نەکرا. پەرش و بڵاویی حیزبەکان هەمان تەعبیری ئەتۆمیزاسیۆنی شارپی دێنایەوە یاد کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیانتوانی ئەم هەلە بقۆزنەوە و دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ یەک و دواجار کۆمەڵگای رۆژهەڵات، بۆ ئەوەی بتوانن حەرەکەتێک سازبکەن، بە زمانێکی ساکار تەنانەت خاوەنداریێتییان لە زیندانیانی سیاسی خۆشیان نەکرد!

## سەفەری وەفدی پارلەمانی ئێران بۆ باشوور

دانانی بکوژی دکتۆر قاسملو لە پێکهاتەی وەفدی پارلەمانی ئێراندا بۆ هەرێمی کوردستان، خۆی لە خۆیدا لە هەمان کاتدا کە چەشنێ داڕووشاندنی هەستی نەتەوەیی خەڵکی رۆژهەڵات بوو، چەشنێ بێڕێزیشی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوە دیار بوو — مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە کە بۆچی ئەم وەفدە بە پێچەوانەی سەرجەم یاساو رێسا دیپلۆماتیکەکانەوە لەبری چوون بۆ هەولێر وەک پایتەختی هەرێم سەرەتا دەچێتە سلێمانی و... — لێرەدا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەدەبووایە تەنیا وەک بکوژی سەرکردەی حیزبی دیموکرات سەیری ئەم "کابرا"یەیان کردبا، بەڵکو دەبووایە وەک تیرۆریستێک هاتنی ئەویان لەقاو دابا. کەچی نەتەنیا ئەم حیزبانە هیچ دژکردەوەیەکیان نەنواند، بەڵکو دوو باڵەکەی دیموکراتیش وەک هەڵوێستی رەسمی هیچ راگەیەندراوێکیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم نەکرد... دیسان دیزە بە دەرخۆنە کرا!

لە هەردوو نموونەدا بە راشکاوی پەرشوبڵاوی، نایەکگرتوویی و ناکۆکیی تا سەر ئێسقان بەدی دەکرێ. ئەتۆمیزاسیۆنی باسکراو تەنیا لەناو حیزبە جۆربەجۆرەکاندا بەدی ناکرێ، بەڵکو تەنانەت لە حیزبێکیشدا ئەم بەربڵاوییە بەڕاشکاوی هەستپێدەکرێ.

ئەم ناتەباییەی نێو حیزبەکان لەنێو خەڵکی رۆژهەڵاتیشدا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی ئەوان کە لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆردا گرفتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بڕستی لێبڕیون، هەر بۆیە رووناکبیرەکانیش کە بە شێوەیەکی لەناخدا هەڵگر خاوەنی بیر و هزری نوێن بواری خۆدەرخستنیان پێنادرێ و زۆر هۆکاری دیکە.

ئەگەر لەنێو حیزبەکاندا زیاتر ئاوڕ لە رەهەندە دامەزراوەیی و رێکخراوەییەکان دراوەتەوە و رەهەندە سیاسی و فکرییەکان کەمتر بەسەرکراونەتەوە، ئەوا لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە شارەکانی کوردستاندا رەهەندی رێکخراوەیی پاشگوێ خراوە. هەر بۆیە گوتارێک کە دەبێ لەسەر بنەمای هاوکاریی هەمەلایانە وەک گوتاری هاوبەشی شاخ بەرهەم بهێنرێ، بوونی نییە و ناگوازرێتەوە ناوخۆ. تەنانەت لە ئەگەری بوونی وەها گوتارێکیشدا لەسایەی کۆمەڵگایەکی ئەتۆمیزە بەهۆی نەبوونی رێکخراوە و دامەزراوەی جددی لەناو شارەکان بەستێن و بواری گەشەکردن پەیدا ناکا. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە ستراتیژیکە، پێویستە حیزبەکان لەژێر چەترێکی هاوبەش گوتاری خۆیان شیفت بدەنە نێو رێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە تەنیا فۆرمۆلی قوتاربوونی کوردستانە لە ئەتۆمیزەبوون!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## باخان شووی کرد

17 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هێڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

